حامید گەوهەری

# چەککردنی سەربازگەی مهاباد

# ١٩٧٩

ناوی کتێب : چەککردنی سەربازگەی مهاباد ١٩٧٩
نوسینی : حامید گەوهەری
تایپ : حامید گەوهەری
هەڵەگر : نەوزاد وەلی و کەمال گەروێسی
دەرهێنانی هونەریی : هەژار گەوهەری
وێنەی سەر بەرگ "سەربازگەی مهاباد" : ئیسماعیل مامڵێ
چاپی یەکەم : سوید
چاپخانە : نینا لە ئوپسالا، سوید
تیراژ : ١٠٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن : ISBN٩٧٨-٩١-٦٣٣-٤٥٩٦-٨

# پێڕست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | 5 |
| پەیدا بوونی سوپای هەرەوەزیی لە سیستمی بنەماڵەدا | 7 |
| دانانی سوپای پیشەیی لە جیاتی سوپای هەرەوەزیی بنەماڵە و سەرکەوتنی سیستمی کۆیلەداریی لە ئاتێن و ڕۆم | 12 |
| سوپای ئاتێن لەسەر بنەمای چاکسازییەکانی سۆلۆن | 16 |
| دامەزرانی دەوڵەتی ئیمپراتۆریی و کۆڵۆنی کردنی نەتەوەکان | 20 |
| ڕۆڵی سوپای داگیرکەران لە کوردستان دا | 24 |
| سوپای شاهەنشاهی لە لوتکەی دەسەڵاتەوە بەرەو ڕمان | 26 |
| چارەنووسی شا، سوپا و ساواک | 35 |
| ڕاگەیاندنی سوپا ۱۳۵۹/۱۱/۲۲ | 41 |
| بیرۆکەی چەککردنی سەربازگەی مهاباد | 45 |
| دوکتۆر قاسملوو داوای چەککردنی سەربازگە دەکات | 50 |
| فەرمانی دورخستنەوەی ئەندامانی دژ بە ڕژێمی پەهلەوی لە مهاباد پوچەڵ دەبێتەوەی | 54 |
| پلانی حیزبی دیموکرات بۆ چەککردنی سەربازگە و هەڵوەشانەوەی | 59 |
| پێکهاتەی سەربازگەی مهاباد | 61 |
| پێکهاتنی هەلومەرج بۆ چەککردنی سەربازگەی مهاباد | 64 |
| چەککردنی سەربازگەی مهاباد | 71 |
| کاریگەریی چەککردنی سەربازگەی مهاباد لەسەر سەربازگەکانی پەسوێ و جەڵدیان، پیرانشار و سەربازگەکانی تری کوردستان | 87 |
| ڕەنگدانەوەی چەککردنی سەربازگەی مهاباد لە ناو کۆمەڵگای سیاسیی و حکومیی دا | 91 |
| ڕووداوەکانی دوای چەککردنی سەربازگەی مهاباد | 103 |

ڕاکردن لە ئیعدام 106
کۆماری ئیسلامیی داوای سەربازگەی مهاباد دەکاتەوە 116
هەڵەی حیزبی دیموکرات سەبارەت بە سەربازگەی مهاباد 120
تیرۆری بێ ئاکامی جەعفەری برام لەجیاتی من 121
سوپای ئێران شاری مهاباد و سەربازگەکەی دەگرێتەوە 125
چارەنووسی خەباتکارانی چەککردنی سەربازگەی مهاباد 138
عەبدوڵا ئەفشین ڕاد 147
حەبیبوڵا عەباسی 150
ئەحمەد جاویدفەر 158

# پێشەکی

لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیی بنەماڵەی پەهلەویدا، سەربازگەی مهاباد یەکێک بوو لەو سەربازگە مەزنە پڕچەکانەی سوپای ئێران کە لە دڵی شاری مهاباددا دروستکراوە. ئەرکی ئەو سەربازگەیە بە ڕواڵەت پارێزگاریی کردنە لە سنورە دەستکردەکانی ئێران، بەڵام بە کردەوە، ئەرکی سەرەکی ئەو سەربازگەیە و سەربازگەکانی تری سوپای ئێران لە کوردستاندا، دارشتنی پلان بە دژی گەلی کورد و گرتن و تۆقاندنی ڕۆڵەکانی ئەو گەلە بووە و ئێستاش لە سیستمی کۆماری ئیسلامییدا درێژە بەو ئەرکە ناپیرۆزەی دەدات. لەو ڕوانگەیەشەوە بوو کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئامادە نەبوون ئەو سەربازگەیە لەناو ئەو شارە بگوازنەوە.

ڕژێمی پەهلەوی جگە لەو سەربازگەیە، دەزگایەکی پولیسیشی هەبوو کە ئەرکی ڕاگرتنی ئاسایشی شاری مهابادی لە ئەستۆ بوو، لەگەڵ هەنگێکی ژاندارمەریی، یەکەیەکی ژاندرامەریی و دەزگایەکی پان و بەرینی هەواڵگریی "ساواک" کە زۆربەی دانیشتوانی شار و ناوچەکەی خستبووە ژێر چاودێریی و پشکنینی بەردەوام.

سەربازگەی مهاباد بە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦دا و لە ساڵانی ١٩٥٩، ١٩٦٣ و ١٩٦٨ زیندان و قەسابخانەی ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی گەلی کورد بوو. هەزاران کوردی تێدا زیندانی و شکەنجە و ئیعدام کرابوو. ساڵی ١٩٦٨ من لەو سەربازگەیەدا کەوتمە بەر لێپرسینەوە و بۆ کرماشان دووریان خستمەوە و لە زیندانیان کردم.

سەربازگەی مهاباد سەرەڕای داگیرکردنی بەشێکی بەرچاو لە شاری مهاباد کە جێگەی تورەیی خەڵکی ئەو شارەیە، بیرەوەرییەکانی تاڵن، نەک تەنیا بۆ خەڵکی مهاباد، بەڵکو بۆ ئەو کۆمەڵە ئەفسەر و پلەدارانەش کە بەهۆی جۆراوجۆرەوە لە شارەکانی‌تری ئێرانەوە بە زۆرەملێ ڕەوانەی ئەو سەربازگەیە دەکران.

فەرماندەکانی سەربازگەی مهاباد لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٩٧٨ و ١٩٧٩ دا بە مەبەستی ڕاگرتن و هێشتنەوەی محەمەد ڕەزاشا لەسەر حوکم، گەلێک گرفتیان بۆ خەباتکارانی دژ بە ڕژێمی پاشایەتی پێکهێنا و سەرەڕای کوشتنی سێ هاووڵاتی، دەیان کەسیان بریندار کرد. قین و تووڕەیی خەڵکی مهاباد لەو سەربازگەیە و فەرماندەکانی، کۆمەڵێک پلەدار و سەربازیی ئەو سەربازگەیەی هاندا کە لە هەلێکی ڕەخساوی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩ دا، کاتژمێر ١١:٢٠ خولەکی ڕۆژی ١٣٥٧/١١/٣٠ (١٩٧٩/٢/١٩)، بە پشتبەستن بە ناوی ئایەتوڵا خومەینی و شۆڕشی ئێران بۆ پاککردنەوەی ئەفسەران و پلەدارانی لایەنگری شا و ئەندامانی زیدیئیتلاعات و ڕوکنی دووەم ئەو سەربازگەیە چەک بکەن. لە ڕەوتی ئەم کتێبەدا سەرەڕای ڕونکردنەوەی چەند پرسی گرنگ سەبارەت بە مێژووی ڕێکخستنی سەربازیی، وردەکارییەکانی چەککردنی سەربازگەی مهاباد بۆ ڕای گشتی ڕوون دەکەمەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بەگەرمیی سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی برایانم کاک نەوزاد وەلی و کاک کەمال گرویسی دەکەم، کە وەک هەمیشە لە بژار کردنی کتێبەکەمدا یارمەتیان کردووم. هەروەها سوپاسی کاک ئیسماعیل ماملێ دەکەم بۆ وێنەکانی سەربازگەی مهاباد و کاک هەژار گەوهەری بۆ دەرهێنانی هونەریی و ڕازاندنەوەی کتێبەکە.

حامید گەوهەری

سوید

## پەیدا بوونی سوپای هەرەوەزیی لە سیستمی بنەماڵەدا

بەرلە پەیدابوونی شارستانییەت، مرۆڤ بوونەوەرێکی گەڕۆک بوو. بەشوێن دۆزینەوەی ڕوەکی گیا و دانەوێڵە و ڕاوی گیانداردا دەگەڕا. هەرگیز بۆ ماوەیەکی زۆر لە جێگەیەک نەدەمایەوە، چونکە بەمانەوەی زۆر لە جێگەیەک کۆتایی بە لەوەڕ و ڕاوەکەی دەهات و ناچار بوو بەشوێن سەرچاوەی نوێی ژیاندا بگەڕێت و کاتێک دەگەڕاویەوە جێگەی پێشووی کە نێچیرە بچووکەکان گەورە و گیاش سەرلەنوێ ڕواونەتەوە.

نزیکەی هەشت هەزار ساڵ پێش زایین، دانیشتوانی باکوری عێراق (باشوری کوردستان) فێری چاندنی گەنم و جۆ بوون[1]. دۆزینەوەی کشتوکاڵ لە لایەن ئافرەتانەوە گۆڕانی گرنگی لە ژیانی مرۆڤدا پێکهێنا و ناچاری کرد بۆ ماوەیەکی زیاتر لە جێیەک بمێنێتەوە. بەم مەبەستە ئافرەتان لە نزیک زەوییە چانراوەکانیان دەمانەوە و پیاوەکانیش بۆ ڕاو دەچوون و شەوانەش دەگەڕانەوە لای هاوسەر و منداڵەکانیان. بەرلە سەرهەڵدانی کشتوکاڵ مرۆڤ لە گروپی بچوکدا و بە شێوەی تێکەڵاو دەژیا و پێکەوەش بەشداریی شەڕەکانیان دەکرد. لەو تێکەڵاوییە گشتییەدا کە پەیوەندیی سێکسییشی دەگرتەوە، بەرەبەرە دیاردەی هاوسەریی سەریهەڵدا و خێزان دروست بوو و لە خێزانەوە بنەماڵە وەک سیستمێکی نوێ سەریهەڵدا کە ئافرەتان ڕۆڵی سەرەکییان تێیدا هەبوو.

ماڵیی کردنی ئاژەڵ لە لایەن پیاوە ڕاوکەرەکانەوە و سەرهەڵدانی ئاژەڵداریی گۆڕانەکانی قوڵتر کردەوە. کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی لە تەنیشت یەکتردا و گاڕان و ڕەوەی گیانداران پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکانیان بەرتەسکتر کردەوە. هەرچەندە مرۆڤ بە بەردەوامی خەریکی دۆزینەوەی لەوەڕگەی باشتر بوو، بەڵام بۆ ڕاگرتن و هێشتنەوەی ئاژەڵەکانی ژیانی ڕەشماڵنشینیی بەسەردا سەپا. بەم

---

[1]- مێژووی شارستانییەت نوسینی ئیزاک ئاسیمۆف و فرانک وایت ، لاپەڕەی ٢١ ، وەرگێڕانی نوسەر.

مەبەستە لە تەنیشت ژیانی بنەماڵەدا، ژیانی خێڵنشینیی سەریهەڵدا و ناچاربوو کەرەستەی ئیشکردن و کەلوپەلی ژیان لە خۆی کۆبکاتەوە و گەنجینەشی هەبێت کە کەرەستە و کەلوپەلە زیادەکانی تێدا ڕابگرێت و بۆ ئەوەش ماڵی کاتیی دروستکرد.

یەکەم خانووی تا ڕادەیەک بەردەوام لەو جێگایانە دروستکراون، کە کاری کشتوکاڵیان لێکراوە و تا کۆکردنەوەی بەرهەمەکانیان لێی دە بوون، بەڵام بۆ ڕاگرتنی ئاژەڵەکانیان گەرمێن و کوێستانیان دەکرد. دانیشتووانی کاتی و نیوەکاتی نەیانتوانیوە کاری کشتوکاڵ بکەن و نەدەکرا زەوی چێنراوی بژارکراو بگوازنەوە. وەرزێڕەکان بەپێچەوانەی باوکەکانیان بە ناچاریی ژیانی نیشتەجێیان هەڵبژارد کە بنەماڵە و خێڵ و هۆزی لێ پێکهات. لەو ڕۆژەوە کە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی گەشەیانسەند. خێڵات بێگومان لەسەر زەوی و لەوەڕگاکانیان پتر تووشی شەڕ و پێکدادان بوون، بەڵام لەو شەڕ و تێکهەڵچوونانەدا، زۆر جار خوێنی زۆری تێدا نەدەڕژا، چونکە لایەنی لاواز بەچاکی زانیوە کە شوێنەکەی بۆ لایەنی بەهێز بەجێهێڵێت و بچێ لە جێیەکی تر بەختی خۆی تاقی بکاتەوە و ژیانی خۆی و ئاژەڵەکانی بە قوربانی لەوەڕگەیەک نەکردووە. سەرهەڵدانی دیاردەی کشتوکاڵ بەتەواوی ئەو شێوازەی گۆڕی. جوتیار ناچار بوو ئازوقە و دانەوێڵەی وەرزی زستان کۆبکاتەوە. ئەم کارە لە لایەک خێڵات بەتەماح کردوەو لە لایەکی ترەوە کاتێک هێرشیان بۆ کراوە، نەیانتوانیوە زەوی و بەرهەمەکانیان لەگەڵ خۆیان بار بکەن. ئەگەر زەوییەکانیان لێ زەوت بکرایە، جگە لە مردن بە هۆی برسییەتی یا فرۆشتنی خۆیان بەشێوەی کۆیلە ڕێگایەکی تریان بۆ نەدەمایەوە. لەبەر ئەوە تا مردن بەرگرییان لە خۆیان و بەرهەمەکانیان دەکرد. کشتوکاڵ بۆ کۆمەڵگە جیاوازەکان ئاسایشی پتری بۆ ژیان پێکهێنا، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا، شەڕی تێکەڵاوی ژیانی مرۆڤ کرد، بەچەشنێک کە تا ئێستاش ئەو شەڕە بەردەوامە.

بۆ ئەوەی کە جوتیارەکان پارێزگاری لە خۆیان و لە بەرهەمەکانیان بکەن، ناچار بوون کە خۆیان ڕێکبخەن. شورایەک بۆ شەڕ و ئاشتی و پێڕاگەیشتن بە کاروباری خۆیان لە ئەندامانی بنەماڵەکان پێکبهێنن. بەو حاڵەش نەیاندەتوانی وەک پێویست بەرگری لە مەزرا و کێڵگە دووره دەستەکانیان بکەن و دوژمن پتر زیانی پێگەیاندون. ئەو کۆمەڵە بچوکانە بەیانییان چوونەتە سەر کێڵگەکانیان و ئێواران، یان لە کاتی مەترسیدا گەڕاونەتەوە گوندەکانیان و هەموو پێکەوە بەرگرییان لە خۆیان و بەرهەمەکانیان کردوە. واتە چۆن لە کاتی ئیشکردندا لەسەر زەوی، بە هەرەوەزیی ئیشیان دەکرد، هەر بەم جۆرەش لە کاتی شەڕەکاندا و هێرشی دوژمن بۆسەریان بە شێوەی هەرەوەزیی شەڕیان دەکرد و بەرگرییان لە خۆیان دەکرد. تەنانەت بۆ سەرکەوتنیان بەسەر دوژمندا گوندەکانیان لەسەر بەرزاییەکان دەروستدەکرد تا لە دەستدرێژیی بیانپارێزن و لە کاتی هێرشکردنی دوژمندا، بەرد و ئاگر و تیریان بەسەردا ببارێنن. ئەو شێوە ژیانە واتە ژیانی هەرەوەزیی لە شێوازێکی نوێتردا تا ئێستاش لە گوندەکانی کوردستان و بەشی زۆری وڵاتانی ئاسیا، ئەفریقادا هەیە.

گەشەکردنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی بەشیوەی ڕاستەوخۆ پەرەیدا بە کۆکردنەوەی بەرهەمی زیادەی بنەماڵەکان لە دەست باوکی بنەماڵەدا کە ئەوەش ڕێی بۆ خاوەنداریی تایبەت و دروستبوونی چینێکی تایبەت و ئەشرافی لە بنەماڵە و خێڵ و هۆزەکاندا کردەوە. ئەو چینە بەرە بەرە بەشی زۆری پاشماوەکانی بەرهەم و ئاژەڵی لە چنگ خۆیدا کۆکردە. هەروەها گەشەکردنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی کاری کردە سەر گەشە سەندنی گوند و دروستبوونی شار.

لە سەرەتای پێنج هەزار ساڵ پێش زاییندا، سۆمەرەکان لە بەشی خوارووی ڕوباری فوڕاتدا دەوڵەتی شاریان دامەزراند. شاری هەرە مەزن

لەو سەردەمدا، شارەکانی سۆمەر بوون[2] و شاری "ئور"ی سۆمەریی، شاری هەرە گرنگ و مەزنی ئەو سەردەمە بووە.



لە شاردا خەڵک زەوی کەمتر و ئازادیی هاتوچۆیان بەرتەسکتر بووە. ڕێکخراوێک پێویست بوو کە ئازوقە دابەشبکات و پیسایی و پاشەڕۆکان کۆبکاتەوە و ئەرکی بەرگریکردنی هاوبەش لە ئەستۆ بگرێت. بەرلە پەیدابوونی شار جوتیاران کۆمەڵگایەکی یەکگرتوویان هەبوو، بە شیوەی هاوبەش و لە شورای بنەماڵە و خێڵدا بە بڕیاری گشتیی پلانیان بۆ ئیشەکانیان دادەنا و بەڕیوەیاندەبرد و لە کاتی شەڕەکانیشدا بە تێکڕا بەرگرییان دەکرد و فەرماندەی شەڕیان هەبوو و هیچ کەسێک بۆ بەرپرسایەتییەکەی دەستکەوتی زیادەتر لە ئیشی خۆی نەبوو

بە دامەزرانی شار ئەو شێوازە گۆڕا. شار لە ناوەندی زەوی جوتیاراندا کۆمەڵگایەکی یەکگرتووی پێکهێنا و دەوڵەتی پێکهێنا و دەوڵەتەکەی بە دەوڵەتی شار ناسرا. شارێکی خاوەن بەرگریی و

2- هەمان سەرچاوە ، لاپەڕەی 28.

ئاوەدان پتر لە پێداویستییەکانی بەرهەمی هەبوو، لەبەر ئەوە ژمارەیەک لە خەڵکی شار توانیویانە بە دوور لە کارکردن لەسەر زەویوزار، کاری تر بکەن و بەم جۆرە پیشە و پیشەسازیی پەیدابووە. پیشەسازەکان ئامێر و کەرەستەیان دروستدەکرد و بەرگیان دەدوری. لەگەڵ ئەوەشدا سەرباز، بازرەگان و ڕێبەریش پەیدابوون، کە لە بەرامبەر خزمەتکردن بە جوتیاراندا، لە لایەن ئەوانەوە ژیانیان دابیندەکرا.

شوراکانی بنەماڵە و خێڵ و هۆزەکان کە پێشتر لە ئەندامانی بنەماڵە و خێل و هۆزەکان پێکدەهاتن و ئەرکی خزمەتکردنی هاوبەشی بنەماڵە و خێڵەکانیان لە ئەستۆ بوو، ئەم جارە بە کۆبوونەوەی سامانی بنەماڵەکان لە دەست چینی نوێ و ئەشرافییدا شێوازی گۆڕا و کەوتە دەست چینێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت و چەوسێنەرەوە.

## دانانی سوپای پیشەیی لە جیاتی سوپای هەرەوەزیی بنەماڵە و سەرکەوتنی سیستمی کۆیلەداریی لە ئاتێن و ڕۆم

شوێنەوارەکانی دەوروبەری یۆنان باس لە نیشتەجێبوونی خەڵکێک دەکەن کە نزیکەی ٧ تا ٤ هەزار ساڵ پێش زایین، بە شێوازی هاوبەش دەژیان و دواتر پێیان لە قۆناخی کشتوکاڵ و باخداریی سەرەتایی و دواتریش ئاژەڵداریی نا. ئەو خەڵکە لە ساڵەکانی نێوان ١٦٠٠ تا ١١٠٠ پ . زدا کە بۆ سەردەمی ئەفسانەکانی Heroic Age دەگەڕێتەوە و لە شیعرەکانی هۆمێرۆس[3] "Hómēros"دا ڕەنگیان داوەتەوە، لە قۆناخی تێپەڕبووندا بوون لە سیستمی هاوبەشەوە بۆ سیستمی تایبەت. لەو سەردەمەدا، هۆزەکان بۆ یەکەم جار لیژنەیەکیان پێکهێنا و پێکەوە لە چەند شارێکدا کۆبوونەوە کە دەوریان بە دیوار و قەڵا پاوان کرابوو.

لەو سەردەمەدا بە گەشەسەندنی ئاژەڵداریی و کشتوکاڵ و دەستپێکردنی پیشەسازیی دەستی، بەرهەم و سامانی هۆزەکان کەڵەکە بوو. ئەو گەشەسەندنە بەرە بەرە جیاوازیی سەروەت و ژیانی سەرۆک هۆزەکانی لە بەرامبەر ئەندامانی ئاساییدا بەرزکردەوە و جیاوازییەکی بەرچاوی دروستکرد و لە ئاکامدا چینی ئەشرافی "ئەرستیۆکرات" لەناو هۆزەکاندا پێکهێنا. بە کۆبوونەوەی سەروەت و دارایی لە دەست ئەشرافیەتی بنەماڵە و خێڵ و هۆزەکاندا کە لە ئەنجامی شەڕی هۆزە یەکگرتووەکاندا بۆ داگیرکردنی کێڵگەی زیاتر و تالانی پتری دراوسێکان دەستەبەر دەکران، بەشی زۆری دەستکەوت و دیلەکان وەک کۆیلە لەو شەڕ و تالانکردنانەدا بۆ ئەوان دەمایەوە.

---

3- هۆمێرۆس شاعیری ئەفسانەکانی یۆنان لە نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەمی بەرلە زاییندا ژیاوە و لە دوو بەرهەمی جیاوازدا بە ناوەکانی "ئۆدیسیۆس و ئیلیاد" ئاماژە بۆ ئەفسانەکانی یۆنانیی سەدەکانی 16 تا 11 ی بەرلە زایین دەکات.

بە بەرز بوونەوەی دەسەڵاتی ئابوریی، بەرەبەرە دەسەڵاتی سیاسیی ئەشرافیەتی هۆزەکانیش پەرەیانسەند. بە جۆرێک کە ئەگەر شورای هۆزەکان پێشتر لە سەرۆکی هەموو بنەماڵەکان بە گەورە و بچوکەوە پێکدەهات، ئەم جارەیان تەنیا بەشێکی دەستچن لە چینی ئەشراف شوراکانیان بەدەست بوو. هەروەها بە پێچەوانەی پێشو کە شورا نەیدەتوانی بەبێ پرسوجۆی ئەندامانی بڕیاربدات، ئەم جارە لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکدا کە بۆ یەکەم جار بەدەستیان هێنابوو، دەربارەی بەشێک لە دیاردە گرنگەکان بەشێوەی سەربەخۆ بڕیاریدەدا و سەرئەنجام حکومەتی تاک لە هۆزە هاوپەیمانەکان پێکهات لەگەڵ سوپایەکی تێکەڵاوی پیشەیی و هەرەوەزیی.

هۆمێرۆس لە دروشمەکانی "ئیلیاد"[4]دا ئاماژە بۆ بنەمای سەرهەڵدانی حکومەتی تاک دەکات کە بە تەواوی دژایەتی هەبووە لەگەڵ سیستمی دیموکراتیی ڕێکخستنی هۆزەکاندا. ئەو لە کۆمەڵە شیعری "ئۆدیسیێس" **Odysseys** دا وتەکانی **Agamymnon** فەرماندەی باڵای سوپای فیدراڵ بە نمونە دەهێنێتەوە کە لە بەرامبەر شاری داگیرکراوی "تروا" دا پەنجە بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان یۆنانییەکاندا ڕادەکێشێت و لە بەشێکی قسەکانیدا دەڵێت **(حکومەتی بەکۆمەڵ شەڕئەنگیزە ، ئیزن بدەن کە تاکێک فەرماندەیی بکات.)**

هەنگاوی دوایی جێگیرکردنی دەسەڵاتێکی ناوەندیی بوو لە ئاتێن کە جێگای بەشێک لە شورای هۆزەکان بگرێتەوە و ئەو بەشەی کە لە دەست خێڵ و بنەماڵە سەربەخۆیەکاندا بوو، بخاتە دەست خۆی. یاسای بنەماڵەکان هەموار بکات و یاسایەکی هەمیشەیی لە جێگای ئەو دابنێت و لە جیاتی وەرگرتنی ئەندام لە هۆزەکان، هەموو دانیشتوانی ئاتێن واتە "ئەتیکا"[5] بە ئەندام وەرگرێت. لە یاسای هەمیشەیی نوێدا

---

4- یەکێک لە شیعرە ئەفسانەیەکانی هۆمێرۆس شاعیری یۆنانی کە دەربارەی گەمارۆی شار تروا لە لایەن یۆنانییەکانەوە و وێران کردنی.

5- هەرێمی دەسەڵاتدارییەتی شاری ئاتێن.

کە بە "تێسێوس" Theseus دەناسرێت، بۆ یەکەم جار هەموو دانیشتوانی ئاتێن بە دور لە بنەچە و خێڵ و هۆزەکانیان، دابەشکران بەسەر سێ چینی "نەجیبەکان" Cupatridai "جوتیاران" Geomoroi و "سەنعەتکارەکان"دا Demiourgoi و مافی هەڵبژاردن بە نەجیبەکان بوو. لە حاڵێکدا لە سیستمی ڕێکخستنی بنەماڵەدا، چینی کۆمەڵایەتی لە ئارادا نەبوو و هەموو ئەندامانی بنەماڵە دەیانتوانی بەشێوەی یەکسان بەشداریی تێدا بکەن.

بە کۆکردنەوەی سەروەت و بە میراتبردنی و پارێزگاریی لێکردنی لەلایەن بنەچەی باوکەوە کە لە سەردەمی ئەشرافیەتی چینی نوێدا سەریهەڵدا، ئەو چینەی هەنگاو بە هەنگاو لە بوارەکانی ئابوریی و سیاسیی و سەربازییدا کرد بە دەسەڵاتێک لە دەرەوەی کۆنترۆڵی خەڵکدا بوو. بە داسەپاندنی ئەو چینە نوێیە بەسەر خەڵکدا کە بە هێزی سەربازیی ئەنجامی گرت، مێژووی کۆمەڵگا خۆی لە مێژووی ئەو چینەدا بینییەوە کە مێژووی تاڵان و چەوساندنەوە و سەرکوت و لە وشەیەکدا مێژووی بازادان بوو بۆ سەر دەسەڵاتێکی فرەوانتردا کە لە سیستمی کۆیلەدارییدا خۆی بینییەوە.

دیارە ئەو دەسەڵاتە بە ئاسانی بەدەست نەهات. لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا دەبووایە کۆمەڵانی خەڵک و ئەندامانی ئاسایی بنەماڵە و هۆزەکان بەرەو پشتەوە بکێشێت و تێکبشکێنێت. لەو چوارچێوەیەدا بوو کە بەر لە چاکسازییەکانی سۆلۆن، دیاردەی تاڵان، دەستدرێژیی کردن بۆ سەر ماف و سامانی خەڵک کەوتە قۆناخێکەوە کە هیچ شتێک لە بەرامبەر حەز و دەستدرێژییەکانی چینی نوێی بە دەسەڵات گەیشتودا پارێزراو نەبوو.

گۆڕینەوە و ئابوریی دراویی کە ببوونە یەکێک لە کەرەستە گرنگەکانی کۆکردنەوەی سەروەت، لە تەنیشت سودخۆریی "ڕبا" و کرێچێتی لە یاسای خاوەندارییی تایبەتدا، هەموو دەستکەوتەکانی ژیانی هاوبەشی کە پارچەیەک زەوی بوو لە چنگ ئەندامی ئاسایی

بنەماڵە دەرهێنا و خستییە چنگ مالیک و سودخۆر و بەرتیلخۆرە تازە پێگەیشتووەکان و ئەوانیشی خستە ژێر باری قەرزێکی قورسەوە.

بەرە بەرە دیاردەی کرێچیەتی و دەستبەسەردا گرتنی زەوی ئەندامانی ئاسایی بنەماڵەکان گەیشتە جێیەک کە لە کێڵگەکانی "ئاتیکا" دا زەوی دەستنەدەکەوت کە ئەم ڕاگەینراوەی پێوە نەبێت: **(ئەو کێڵگەیە لە گرەوی پارەی ئیجارەی فلان مالیکدایە.)** ئەو بەشە زەوییانەی کە ڕاگەینراوێکی بەم جۆرەیان لەسەر نەبوو، بەشێک بوون لەو کۆمەڵە کێڵگانەی کە پێشتر بەهۆی نەدانی ئیجارە، لە لایەن ڕباخۆرەکانەوە داگیرکرابوون، یان بەدەست ژمارەیەک جوتیاری بەختە وەرەوە بوون کە بەدانی پێنج لە شەشی بەرهەمەکەیان بە مالیکی نوێ، ئیزنی مانەوە و ئیشکردنیان لەسەر زەوی خۆیان بەدەست خستبوو.

ئەو ئیشە بەوەش کۆتایی نەدەهات. ئەگەر نرخی زەوییەکەی کەمتر لە قەرزی خاوەن زەوییەکە بووایە، ئەو ناچار دەکرا کە جگە لە زەوییەکەی، مناڵەکەشی وەک کۆیلە بداتە دەست سودخۆرەکە. بەو جۆرە فرۆشتنی مناڵ کە یەکەم بەرهەمی ژیانی باوک بوو، سەریهەڵدا و ئەگەر بە فرۆشتنی مناڵەکەش قەرزەکان قەرەبوو نەکرایەن، باوکی منالەکە ناچاربوو، خۆشی بفرۆشێت و ببێتە کۆیلەی ئەو تا تونییەتی سودخۆرەکە بشکێت.

دۆخەکە بە ڕادەیەک ئاڵۆز بوو کە سەرئەنجام سۆلۆن چاکسازیی تێداکرد. ڕباخۆران دۆخەکەیان بەجۆرێک شێواندبوو کە خەڵک خاوەنی ماڵ و سامانی خۆی نەبوو. ئەندامانی ئاسایی بنەماڵەکان و خەڵکی ئاسایی گیان وماڵیان لە مەترسیدابوو. دەوڵەت کە ئەرکی ڕاگرتنی هاوسەنگیی و پارێزگاریی بوو لە سیستمەکە و چینی حاکم، ناچاربوو پێش بە بەشێک لەو زیادەڕۆیانە بگرێت.

## سوپای ئاتێن لەسەر بنەمای چاکسازییەکانی سۆلۆن

بەگوێرەی چاکسازییەکانی سۆلۆن[6] لە ٥٩٤ ساڵ بەرلە زاییندا، هەموو قەرزی جوتیاران سڕایەوە و ئازادیی بێسنوری سودخۆران چوارچێوەی بۆ دانرا. هەموو ڕاگەینراوەکان لە سەر زەوییەکان هەڵگیران و هەموو ئەو کەسانەی کە ڕایانکردبوو یان وەک کۆیلە فرۆشترابوون گەڕانەوەماڵەکانیان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم جارە خەڵکەکە بەگوێرەی ڕادەی داراییەکانیان دابەشکران بەسەر چوار چینی جیاوازدا.

خاوەندارانی ٥٠٠، ٣٠٠ و ١٠٠ "مێدیمنی" Medimni زەوی (هەر مێدیمنی پارچەیەک زەوی بوو و ١٦,١ بوشیل[7] گەنمی لێ بەرهەم دەهات)، سێ چینی یەکەم و باڵای کۆمەڵگا بوون و چینی چوارەمیش لە کەسانی بێ زەوی، یان کەمتر لە ١٠٠ مێدیمنی زەوی پێکهات. پلەدارەکانی حکومەتیش دابەشکرابوون بەسەر سێ چینی یەکەمدا. پلەداری هەرە باڵا سەربە چینی یەکەم بوو. ئەندامانی مەجلیسی باڵای دەوڵەت بەگوێرەی دەنگ هەڵدەبژێردران و چینی خوارووی کۆمەڵگاش کە زۆربەی دانیشتوانی ئاتێنیان پێکدەهێنا، مافی بەشداریی کردنیان لە دانگداندا هەبوو. هەروەها لە یاسای سۆلۆندا خاوەنداریی تایبەت بە زیانی خاوەن موڵکەکان نوسرا و بەگوێرەی ئەو یاسایە زەوی خاوەن موڵکەکان کە پێشتر لەناو خودی خاوەن موڵکەکاندا مامەڵە دەکرا، ئەم جارە ڕێگای بۆ کرایەوە کە لە دەرەوەی بنەماڵەی خاوەن موڵکەکاندا مامەڵەی پێبکرێت. ئەوەش دەسەڵاتی بنەماڵەی خاوەن موڵکەکانی لە پلەی دەسەڵاتێکی نەگۆڕی ئابوریدا هەڵوەشاند.

---

[6]- سۆلۆن یاسادانەر و بڵاوکەرەوەی بیری دیموکرای بوو. ساڵی 630 – 560 پ ز ڕادەی زەوی خاوەن موڵکەکانی دەستنیشان کرد و ڕێگای بۆ چینی هەژاری وڵات کردەوە کە بە شێوەیەکی بەرینتر بیروڕای خۆیان لەسەر دەوڵەت دەربڕن. هەروەها بۆ پەرەپێدانی بازرگانی ، گۆڕانی لە پارەدا پێکهێنا و سەرئەنجام پاڵی بە ئاتنەوە نا کە بەرەو سیستمی دیموکراسی بچێت.

[7]- بوشل پەیمانەیەک بوو بۆ دانەوێڵە و میوەجات.

شانبەشانی بەڕێوەچوونی ئەو گۆڕانکارییانە، ئیشی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سەربازیی لە بنەماڵەکانی ئەشرافییەوە بۆ دەسەڵاتی حاکم جێبەجێکرا. لە چاکسازییەکانی سۆلۆندا بەشی سوارەی سوپا، بەشی هەرە گرنگ بوو کە تەنیا لە دوو چینی یەکەم و دووەم پێکدەهات. چینی سێیەم دەستەی پیادەی سوپا بوو و چینی چوارەم دەستەی پیادەی سوک و بێچەک بوو و لە پاپۆڕەکانیشدا بە پارە ئیشیان دەکرد.

بەو جۆرە لە پرۆسەی جێگیربوونی سیستمی خاوەندارییی تایبەت و هەڵوەشانی بنەماڵەدا، هەموو ئەندامانی ئاسایی بنەماڵە تووشی دۆخێکی ناهەموار و پڕ لە ئازار بوون. جیاوازیی پڕچەککردنی هەرەوەزیی لەگەڵ پڕچەککردنی پیشەیی لە سیستمی دواییدا لە وەدابوو، کە لە سیستمی بنەماڵەدا سوپای هەرەوەزی پێکهاتەیەکی هاوبەش بوو و لەگەڵ یەکدەست بوونی کۆمەڵگا یەکی دەگرتەوە. لەو سیستمەدا هەموو ئەندامانی بنەماڵە و خێڵ و هۆزەکان چەکیان هەبوو و لە کاتی مەترسیدا هەموویان وەک یەک ڕۆح و یەک جەستە پێکەوە بەرگریان لەخۆیان دەکرد، کەچی ئەم جارە لە سیستمی نوێدا بۆ پارێزگاریی کردن لە پێکهاتەیەکی چەند لایەنە و دژبە یەکتر، نیازیان بە هێزی تایبەت و چەکداری تایبەت هەبوو تا بە قازانجی لایەنێک بە دژی لایەنەکەی تردا کەڵکی لێوەربگرن. چینی نوێ لەگەڵ ئەوەشدا کە دەبووایە ئەندامانی ئاسایی بنەماڵە چەک بکات، پێویست بوو لە بەرامبەر دەستدرێژیی بێگانەدا، لەو ئەندامە چەککراوانەش وەک هێزی بەرگریی تایبەت بۆ بەرگریی کردن لە خۆی کەڵکوەربگرێت.

بەرلە چاکسازییەکانی سۆلۆن، ئاتێن هێزێکی بچوکی دەریایی هەبوو کە بۆ پارێزگاریی کردن لە پاپۆڕە بازرگانییەکان و شەڕی بچوکی دەریایی دامەزرابوو. دوای پێکهێنانی سوپای پیشەیی، هەرێمەکانی دابەشکرد بەسەر ١٢ هەرێمدا Naukraiai و هەرێمەکانیان ناچارکرد هەرکامەیان هێز و کەرەستەی پێویست بۆ پاپۆڕێکی جەنگی بنێرن، لەگەڵ دوو یەکەی سوارە. لەگەڵ ئەوەشدا بە دوای چاکسازییەکانی

سۆلۆندا ئابوریی ئاتێن گەشەی بەرچاوی کرد و سامانی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاویی کۆنی چینەکان بە ڕادەیەکی زۆر گۆڕانی بەسەردا هات، بە جۆرێک کە لە پرۆسەی گەشەسەندنی گۆڕینەوە و بازرگانیی و بە گشتی گەشەسەندنی بەرهەمدا، ژمارەی کۆیلەکان بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بەرز بووەوە. لە ئاکامدا ئەگەر لە ڕابوردوودا جیاوازیی سەرەکی کۆمەڵگا لەنێوان چینی ئەشرافیەت و کۆمەڵانی خەڵکدا بوو، ئەم جارە بە پەرەسەندنی بەرچاوی کۆیلەکان، ئەو کێشەیە شێوازێکی تری بەخۆیەوە گرت. واتە ئەم جارەیان ئەوە کۆیلەکان بوون کە لە تەنیشت ژمارە مرۆڤێکی زۆر کە لەژێر چاودێریی " تحت الحمایە"دا بوون، واتە بێگانەکان و کۆیلە ئازادکراوەکاندا لە بەرامبەر هەموو کۆمەڵگاکەدا وەستابوون.

بە دوای چاکسازییەکانی سۆلۆندا، ئاتێن لە سەردەمی هەرە گەشاوەیدا، ٩٠ هەزار هاووڵاتی ئازاد و ٣٦٥ هەزار کۆیلە و ٤٥ هەزار ئەندامی ژێر چاودێریی هەبوو. لەبەر ئەوە، ڕێکخراوی سەربازیی ئاتێن شێوازێکی تری بەخۆیەوە گرت. لە حاڵێکدا کۆنترۆڵی سوپا بەدەست چینی یەکەمی کۆمەڵگاوە بوو، ڕۆڵی چینی چوارەم لە سوپادا زۆر کەم و کۆیلەکانیش هیچ ڕۆڵێکیان لە سوپادا نەبوو. لە ڕێکخراوی سەربازیی نوێدا، سوپا و پاپۆڕە جەنگییەکان ئەندامانی خۆیان بە شیوەی ڕاستەوخۆ لە خەڵک واتە لە شارۆمەندان دابین دەکرد. ئەو هێزەی کە پێشتر لە بەشێکی دانیشتوانی شار بە دژی بەشەکەی تری کەڵکوەردەگرت، ئێستا بە دژی کۆیلەکان کەڵکی لێوەردەگیرا. بەو مەبەستە کۆیلەکان لە ڕێکخراوی نوێی سوپادا بە هیچ شێوەیەک مافی هەڵگرتنی چەک و بەشدارییکردنیان لە سوپادا نەبوو. ئەرکی ئەو سوپایە بەرگریی کردن بوو لە بەرامبەر دوژمنی بیگانە و کۆنترۆڵ کردنی کۆیلەکاندا.

ئاتێنیەکان لە تەنیشت سوپادا کە بۆ بەرگریی کردن لە دەستدرێژیی بێگانە و کۆنترۆڵی کۆیلەکان پێکهاتبوو، هێزێکی پۆلیسی تایبەتیشیان

دامەزراندبوو کە کۆنترۆڵی شارۆمەندانی ئاسایی بکات. لە حاڵێکدا لە سیستمی بنەماڵەدا تەنیا سوپایەک هەبوو کە لە بەرامبەر بێگانەدا بەرگریی دەکرد و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی پێویستیان بە سوپای تایبەت نەبوو.

ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ئاتێن بەڕیوەچوون تەنانەت بە توندڕەوییەکی زیاترەوە لە ڕۆم دەبینین. لەویش "پاتریشان" Patrician ... چینی زەویدار، بازرگان و پیشەسازی دەستیی خاوەن دەسەڵات بوو و "پۆپۆلۆس" و "پلۆپ" شارۆمەندانی ئاسایی و چینی ناوەندیی و کرێکار بوون و چینی بێسامانیان پێکدەهێنا.

لەوێشدا لەگەڵ حەز و ئاواتەکانی چینی نوێ و بەتایبەتی کردەوەی سەرکوتکەرانە و تێکهەڵچوونەکانی خوێناویاندا، سەرئەنجام بەگوێرەی یاسای هەمیشەیی نوێ کە لە یاسای هەمیشەیی یۆنان و بەتایبەتی یاساکانی سۆلۆن دەچوو، هەموو ئەو پیاوانەی کە مافی هەڵگرتنی چەکیان هەبوو، لەسەر بنەمای خاوەندارێی تایبەت و ڕادەی دارایی و سامانەکانیان یەکیان گرتەوە و بەسەر پێنج چیندا بەشکران و شەشەمین چین پرولیتاریا بوو کە دارایی ئەو کەمتر لە چینی پێنجەم بوو و مافی هەڵگرتنی چەکی نەبوو.

لەوێشدا ئەنجومەنی گشتی کە شوێنی بڕیاردان بوو لە چینی یەکەم پێکهاتبوو. ئەو چینەی کە هەم لە بواری ئەندام و هەم لە بواری دەنگەوە، ژمارەی کەمتر لەوانی تر بوو، بەڵام لە بڕیارداندا زۆرینە بوو و دەستی باڵای هەبوو لە داسەپاندنی خواستەکانی بەسەر کۆمەڵگادا.

لێرەشدا لە پرۆسەی گەشەسەندنی دارایی چینی باڵادا، کۆنترۆڵی کۆیلەکان گرنگایەتی پەیدا کرد. بەم مەبەستە هێزی سەربازیی تایبەت پێکهات و ئەرکی بەرگرییکردن لە سامان و دارایی چینی باڵای لە بەرامبەر دەستدرێژیی و مەترسییەکانی بێگانە پێسپێردرا، لەگەڵ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی کۆیلەکان و پرۆلتاریادا.

لێرەشدا لە پرۆسەی ململانێی درێژخایەن لەنێوان "پاتریشان" و "پلۆبین"دا لەسەر داگیرکردنی زەوی و پلەکانی حکومیدا، سەرئەنجام بە یەکگرتنی پاتریشان لەگەڵ زەویدارە گەروە و بەرتیلخۆرەکان و داگیرکردنی زەوی جوتیارە بچوکەکان و کەڵکوەرگرتن لە ئیشی کۆیلەکان، کۆمەڵگایان یەکدەست کرد و ڕێگایان بۆ بەدەسەڵاتی گەیاندنی ئیمپراتۆرییەتی پیاوسالار هەموار کرد.

## دامەزرانی دەوڵەتی ئیمپراتۆریی و

## کۆڵۆنی کردنی نەتەوەکان

دەوڵەتە ئەشرافییەکان ئیمپراتۆرییان دامەزراند و نەتەوەکانیان بە زمان و کەلتوری جیاوازەوە خستە ژێردەستی خۆیان. بە نوسینی "ئیزاک ئاسیمۆف و فرانک وایت" لە کتێبی مێژووی شارستانییەت، یەکێک لە ڕێبەرانی "ئەکەد" بە ناوی "سەرگۆن" نزیکەی ٢٣٤٠ ساڵ پ. ز هێرشی کردە سەر سوپای سۆمەرەکان و وڵاتی سۆمەرەکانی لە میسوپۆتامیا خستە دەست خۆی و دواتر ئیلام و ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوای داگیر کرد و لەوێوە بە هەرێمی دەریای سپی و ناوەڕاست و ناوچەکانی ڕۆژئاوادا خۆی گەیاندە دەریای خەزەر و باکور و بە کەنداوی فارسدا پێشڕەویی کرد و هەموو ئاسیای ڕۆژئاوای داگیر کرد. سەرگۆن دامەزرێنەری یەکەم ئیمپراتۆریی بوو لە جیهاندا و ئەو بوو کە بۆ یەکەم جار بەسەر گەلانی خاوەن زمان و کەلتوری جیاوازدا حوکمی کرد.

ڕێبەرەکان لە بەرگی ئیمپراتۆرییدا حوکمی خۆیان بەسەر دەوڵەتانی تردا سەپاند و زەوی و موڵکی ئەوانیان خستەدەست خۆیان و سەدان شەڕی مەزن و بچووکیان بەسەر مرۆڤدا سەپاند. لە ئەنجامی ئەو شەڕانەدا، ئیمپراتۆرییەکانی لیدی، ماد، پارس، یۆنان و ڕۆم دامەزران.

پارسەکان بە سەرۆکایەتی کورشساڵی ٥٥٠ پ.ز "ئاستیاکس" دوا پاشای مادەکانیان شکاند و ئیمپراتۆریی مادیان لەناو برد و پایتەختی ئیمپراتۆریی مادیان خستە دەست خۆیان و ئیمپراتۆریی پارسیان دامەزراند.

لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەکاندا، سنورەکان بە بەردەوامی لە مەترسیی دەستدرێژیی کردندا بوون و ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دەهات، تا سەرئەنجام دەوڵەتەکان بە گوێرەی دەسەڵاتی سەربازیی، سنوری وڵاتەکانیان دیارییکرد. بەشێک لەو نەتەوە و وڵاتانە ئازاد کران کە لەلایەن دەوڵەتانی ئەوبەری دەریاکانەوە کۆلۆنیی کرابوو، بەڵام ئێران، تورکیا، سوریا، پاکستان، ڕوسیا، ئینگلیز و...تد، کۆلۆنییەکانیان هێشتەوە و تا ئێستاش نەتەوەکانی کورد، ئازەریی، بلوچ و ..تد بە کۆلۆنی ڕاگیراون.

دەوڵەتەکان بە درێژایی مێژوو لە فیکری گەشەپێدانی سوپاکانیان بە چەکی سەردەم کەوتن. فەرەنسە، ئینگلیز، ڕووسیا، ئیتالیا و ئەڵمان یەکەم وڵاتانی جیهان بوون کە سوپای خۆیان نوێکردەوە. ئێران بە دوای شکانی لە لایەن سوپای ڕوسیەوە لە سەردەمی فەتحعەلی شای قاجاردا، هەوڵیدا سوپاکەی نوێ بکاتەوە، بەڵام سەرنەکەت. لە جەنگی یەکەمی جیهانییدا، ١٩١٤- ١٩١٩ کە لە سەردەمی ئەحمەد شای قاجاردا بەڕیوەچوو، ئینگلیز و ڕوسیە ویستیان ئێران دابەش بکەن، کەچی لە وڵاتی ڕوسیە شۆڕشی سۆسیالیستی کرا و سوپای روسیە بە فەرمانی لێنین ئێرانی بەجێهێشت و بریتانیاش بەهۆی گیروگرفتی ناوخۆی وڵاتەکەی، هێزەکانی خۆی لە ئێران کشاندەوە، بەڵام بۆ ئەوەی کە جێگەی هێزەکانی بە بەتاڵی نەمێنێتەوە، بڕیاریدا سوپایەکی نوێ بۆ ئێران دابمەزرێنێت، کە جێگەی هێزەکانی بریتانیا بگرێتەوە. لەم بارەیەوە بە گوێرەی نووسینی کتێبی "بەڵگەنامەکانی یەکەم سپەهبودی ئێران" ئەحمەد ئەمیرئەحمەدی کە ساڵی ١٣٧١ (١٩٩٢) لە لایەن "موسسه پژوهش و مطالعات فرهنگی بنیاد مستضعفان و جانبازان

انقلاب اسلامی" چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ڕەزا شا بەرپرسایەتی دامەزراندنی سوپای نوێی ئێرانی وەرگرت. بۆ ئەو مەبەستە ڕەزاشا سوپای هەرەوەزیی و عەشیرەتیی هەڵوەشاند و سوپایەکی پیشەیی پێکهێنا و یاسای سەربازی ئیجباریی پەسەند کرد و لاوانی بە زۆرەملێ کردە سەرباز لە سوپا پیشەییەکەیدا. هەروەها ناوبراو فەرمانی چەککردنی عەشیرەتەکانی دا و لەو ڕێگایەدا هەزاران کورد و عەرەبی کوشت. یەکەم ئامانجی ڕەزاشا لە چەککردنی عەشیرەتەکان، کۆکردنەوەی دەسەڵات و داسەپاندنی بوو بەسەر گەلانی ئێراندا. بەم جۆرە ئەو سوپایەی کە ڕۆژگارێک بۆ بەرگریی کردن لە مافی بنەماڵە و جوتیاران و پاراستنی سنوری وڵاتەکان دامەزرابوو، کرا بە هێزێکی بێ ئیرادە لە دەست شا دا و بۆ ئەرکی نا پیرۆزیی پاراستنی تاج و تەخت و دەسەڵاتی شا و بنەماڵەکەی کەڵکی لێوەرگیرا.

بەهەر حاڵ، لە تورکیای ئەمڕۆشدا کە پاشماوەی ئیمپراتۆریی ڕۆمی ڕۆژهەڵات و ئیمپراتۆریی عوسمانییە، بە دوای هەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەرئەنجام شکانی سوارەی حەمیدیە و بە دەسەڵات گەیشتنی مستەفا کەمال لە ساڵی ١٩٢٢ دا، بەرە بەرە سوپای ئەو وڵاتە لەسەر شێوازی پیشەیی دامەزرایەوە. سوریا و عێراقیش دوای جیابوونەوەیان لە تورکیا لە ساڵی ١٩٢٥دا بەرە بەرە بە یارمەتی دەوڵەتانی فەرەنسە و ئینگلیز لە فکری پێکهێنانی سوپای پیشەیی کەوتن.

لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانییدا (١٩٣٩- ١٩٤٤)، ئینگلیز، ئەمریکا و ڕوسیا ڕۆژی ١٩٤١/٨/٢٥ ئێرانیان داگیر کرد. سوپای ئێران نەیتوانی خۆی لە بەرامبەر بۆمبارانکردنی هاوپەیماناندا ڕابگرێت و خۆی بەدەستەوەدا. بەو حاڵەش لەشکرەکانی تەورێز، ڕەشت، مەشهەد، ئەردەوێڵ و گورگان هەڵوەشان و فەرماندەکانیان ڕایانکرد. بە نوسینی سایتی "خبرگزاری جبهه میللی" www.jminews.com، لەشکری ورمێ کە پتر لە (٨٠) ئەفسەر و (١٢٠٠) پلەدار و سەربازی هەبوو، ڕۆژی

١٣٢٠/٦/٤ (١٩٤١/٨/٢٦) خۆی گەیاندە سنوری تورکیا و بوو بە پەنابەری ئەو وڵاتە و بەرلەوەی کە ئەندامانی بچنە ناو خاکی تورکیا چەککران.

شایانی باسە جەنگی دووەمی جیهانی کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕەزاشا هێنا. ناوبراو بە پێداگریی ڕوسەکان ڕۆژی ١٣٢٠/٦/٣ (١٩٤١/٨/٢٥) تاج و تەختەکەی بە کوڕەکەی سپارد و چوو لە دورگەی "موریس" لە ئەفریقا نیشتەجێ بوو. لەوێوە چووە شاری "ژوهانسیۆن" و ڕۆژی ١٣٢٣/٥/٤ (١٩٤٤/٧/٢٦) کۆچی دوایی کرد. تەرمەکەیان گواستەوە وڵاتی میسر و لەمانگی گوڵانی ١٣٢٩ دا گەڕاندیانەوە تاران و لە "شهر ری" لە "شاعەبدولعەزیم" ناشتیان. لە مانگی گوڵانی ساڵی ١٣٥٩ دا بە فەرمانی خەلخالی مەقبەرەی ڕەزاشا وێران کرا.

## ڕۆڵی سوپای داگیرکەران لە کوردستان دا

لە هەموو وڵاتانی جیهان، سوپا یەکەیەکی بێ بەرهەمە و بە باجی خەڵک و بەرهەمی دەستی کرێکار و جوتیار و زەحمەتکێشانی وەڵاتان دەژی. لە وڵاتە دیموکراتەکاندا مافی دەستێوەردانی لە کاروباری وڵات و بەڕێوەبردنی سیاسەتی وڵاتدا نییە و ئەرکی پارێزگاریی کردنە لە سنورەکانی وڵات و یارمەتیکردنە بە دانیشتوان وڵات لە کاتی پێویستدا. پێگە و سەربازگەی لە شارەکاندا نییە و خەڵک بە هەڵکەوت ئەندامانی سوپا دەبینێت، بەڵام لەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان لەناو خۆیاندا بەشکردوە، سوپا سەربازگەکانی لە دڵی شارەکاندا دروستکردوە و پێگەی هەرە بەهێزی ئەو دەوڵەتانە لە کوردستاندا سوپا و سەربازگە و مۆڵگە سەربازییەکانیەتی کە بە ناوەندێکی پڕچەک و سەرکوتگەر دەناسرێن و بۆ گرتن و ڕاونانی خەڵک و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی گەل و ڕاپەرین و خۆپێشاندانە مەدەنییەکان کەڵکیان لێوەردەگیرێت و داردەست و پارێزەری دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکانن.

کوردستان بەهۆی کۆڵۆنی بوونییەوە، داگیرکەران بە کۆمەڵگەیەکی مەترسیهێنەری دەزانن. هەرچەندە گەلی کورد و ڕێکخراوە سیاسیی و مەدەنییەکانی کوردستان بە بەردەوامی هەوڵدەدن ژیانێکی یەکسان و ئارەزومەندانەیان لەو وڵاتانەدا هەبێت، بەڵام داگیرکەران بە بیانووی جۆراوجۆر گوشار دەخەنە سەریی و ناهێڵن لە بوارەکانی ئابوریی و پیشەسازیی و کۆمەڵایەتییەوە گەشە بکات.

گەلی کوردستان بەر لە دامەزراندنی سوپای پیشەیی، یەکەیەکی چارەنووسیی بووە لە شەڕەکانی نێوان پادشاکانی ئێران و سوڵتانەکانی عوسمانییدا و بە بەردەوامی پارسەنگی شەڕەکانی بە قازانجی یەکێک لە دوولایەنانە گۆڕیوە. هەروەها پێگەیەکی باشی ئابوریی بووە بۆ دەوڵەتە داگیرکەرەکان و بەشێک لە پێداویستییەکانی ئەو وڵاتانەیان دابینکردوە. سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان بۆ چەوساندنەوەی پتری

جوتیاران، باجیان بۆ کۆکردونەتەوە و ئەگەر لە کۆکردنەوەی باجدا کۆتاییان کردبێت، بە لەشکری کۆکراوە لە ناوچەکانی تر، پەلاماریان داون و حوکمی خۆیان بەسەردا سەپاندون. لە سەردەمی پادشاکانی قاجار و خەلیفەکانی عوسمانیدا، شارەکانی کوردستان سەربازگەیان نەبوو، بەڵام حکومەتی ناوچەییان هەبوو، کە ئەرکیان کۆکردنەوەی باج بوو لە هاووڵاتیان. هەمزەی باپیر ئاغا دووەم سەرۆکی هۆزی مەنگوڕ بەهۆی نەدانی باج بە حکومەت، ناچاربوو ڕابکاتە کوردستانی ژێردەستی عوسمانییەکان و سەرئەنجام دوای چەند تێکهەڵچوونێک بە فێڵ هێنرایەوە مهاباد و لە سەربازگەیەکی کاتیدا کە لە کۆمەڵێک چادر پێکهاتبوو، ڕۆژی ۱۸۸۱/۷/۳۰ زایینی بەدەست " ئەمیر نیزامی گەروسی" شەهیدکرا.

لە تورکیا ساڵی ۱۹۷۸ کودیتای سەربازیی کرا و حوکمی سەربازیی دامەزرا، هەرچەند دەوڵەتی ئەو وڵاتە ئەمڕۆ پەیڕەویی لە سیستمی کۆماریی و فرە حیزبی دەکات، بەڵام گوتن و نوسینی ناوی کوردستان لە تورکیا یاساخە و سوپاکەشی بە توندی خەریکی پاکتاوکردنی گەلی کورد و وێرانکردنی شار و گوندەکانی کوردستانە. لە سوریا گۆڕانێکی قوڵ ڕوینەداوە، سوریاش وەک تورکیا، دژی چارەسەرکردنی کێشەی کوردە لە وڵاتەکەیدا و لە هیچ بیانوویەک بۆ لێدان و گرتن و کوشتنی گەلی کۆڵۆنیی کورد سڵ ناکات. لە عێراق دوای چەندان گۆڕانکاریی و شۆڕشی ١٤ تەموزی ۱۹۵۸ و بە دەسەڵات گەیشتنی حیزبی بەعس، سوپای عێراق دەیان تاوانی گەورەی سەبارەت بە گەلی کورد بەڕێوەبرد، وەک پاکتاوکردنی نەتەوەیی، بۆمبارانی گازی کیمیایی، ئەنفالکردنی ۱۸۲ هەزار کورد و وێرانکردنی نزیکەی پێنج هەزار گوند و شارۆچکە. سەرئەنجام ڕژێمی بەعس ساڵی ۲۰۰۳ ڕوخا و سوپاکەی هەڵوەشا. هەرچەندە گەلی کورد لەو گۆڕانکارییەدا نەیتوانیوە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیی دامەزرێنێت و دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان هاودەنگیان لەگەڵ نەکرد، بەڵام توانی سیستەم و دامەزراوەی دەوڵەتی

لە هەرێمی خۆیدا پێکبهێنێت و سەرۆک و پارلەمان و حکومەتی خۆی هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا نەیتوانیوە ناوچە تەعریب کراوەکان بگەڕێنێتەوە سەر کوردستان و سوپای نوی عێراق لە دەستێوەردانی ناوخۆیی کوردستان دور بکاتەوە.

لە ئێران ساڵی ١٩٧٩ سیستمی دیکتاتۆریەتی بنەماڵەی پەهلەوی ڕوخا و سیستمی توتالیتەی ئیسلامیی شیعەی ١٢ ئیمام لەژێر ناوی کۆماری ئیسلامییدا جێیگرتەوە. کۆماری ئیسلامی دڕندەتر لە ڕژێمی سەڵتەنەتی پشتی لە خواست و ئازادییە سیاسییەکان و مافەکانی گەلی کوردی ئەو بەشەی کوردستاندا کرد و لە جیاتی سوپایەک، چەندان ئۆڕگانی پڕچەک و سەرکەوتکەری دیکەی بۆ پارێزگاریی کردن لە حکومەتی مەلاکان پێکهێناوە و لە شارەکانی کوردستاندا جێگێری کردن.

## سوپای شاهەنشاهی لە لوتکەی دەسەڵاتەوە بەرەو ڕمان

پێشتر گوتم هێزەکانی ئینگلیز، ئەمریکا و ڕوسیا ڕۆژی ١٩٤١/٨/٢٥ ئێرانیان لە باکور و باشورەوە داگیر کرد و بە پێداگریی ڕوسەکان ڕەزا شا حکومەتەکەی بە محەمەد ڕەزای کوڕی سپارد و بۆخۆی چوو لە دوڕگەی "موریس" لە ئەفریکا نیشتەجێ بوو.

بەرلەو داگیرکردنی ئێران، ڕوناکبیرانی کورد ئەزموونی دامەزراندنی ڕێکخراوی مەدەنی و سیاسیی ئاشکرا و نهێنیدا هەبوو. لە ساڵی ١٨٩٨ دا ڕۆژنامەی کوردیی کوردستانیان بڵاوکردبووەوە، ساڵی ١٩٢٧ کۆمەڵەی خۆیبوون، ساڵی ١٩٣٤ کۆمەڵەی لاوان، ساڵی ١٩٣٨ کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان و ساڵی ١٩٣٩ کۆمەڵەی هیوایان دامەزراندبوو. دوای هاتنی هاوپەیمانان بۆ ئێران، کۆمەڵەی ئازادییخوازی کوردستانیان هەڵوەشاند و ڕۆژی ١٩٤٢/٨/١٦ کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانیان لە جێی دامەزراند کە درێژەدەری ئامانجەکانی کۆمەڵەی ئازادییخوازیی کوردستان بوو.

بە هاتنی سوپای هاوپەیمانان بۆ ئێران، سوپای ئێران خۆی بەدەستەوەدا و ئەندامانی سەربازگەکانی تەورێز، ورمێ، سنە و مهاباد ڕایانکرد. جگە لە ئەندامانی لەشکری ورمێ کە پەنایان بۆ تورکیا برد، ئەوانی تر سەربازگەکانیان بەجێهێشت و بە یارمەتی خەڵکی شارەکان گەڕانەوە ماڵەکانیان. دواتر سەربازگەی سنە بە هاوکاریی کارگێڕانی سیاسیی و سەربازیی ئینگلیز ئاوەدان کرایەوە. کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بە کەڵکوەرگرتن لەو بۆشاییە، هەوڵیدا دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ گەلی کورد دابمەزرێنێت کە سەرنەکەوت و سەرئەنجام بە هاندانی ڕێبەرانی سۆڤێەت، ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بەبێ هەڵوەشاندنی ڕێکخراوەکەیان، ڕۆژی ١٣٢٤/٨/١ (١٩٤٥/١٠/٢٣) حیزبی دیموکراتی کوردستانیان بە پرۆگرام و ئایدەلۆژیی جیاوازەوە لە جێی دامەزراند و ویستیان بە هاوکاریی حیزبی تودەی ئێران و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کە ئەویش ڕۆژی ١٣٢٤/٦/١٢ (١٩٤٥/٩/٣) واتە (٤٨) ڕۆژ بەرلە دامەزرانی حیزبی دیموکرات بە هاوکاریی ڕوسەکان و حیزبی تودە دامەزرا بوو، کێشەی کورد و ئازەریی لە چوارچێوەی ئێراندا چارەسەر بکەن. فیرقەی دیموکرات ڕۆژی ١٣٢٤/٩/٢١ (١٩٤٥/١٢/١٢) واتە سێ مانگ و هەشت ڕۆژ دوای دامەزرانی، کۆماری ئازەربایجانی ڕاگەیاند و حیزبی دیموکرات ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٢ (١٩٤٦/١/٢٢) سێ مانگ دوای دامەزرانی کۆماری ئازەربایجان، کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هاوپەیمانانی جەنگی دووەمی جیهانی ئێرانیان بەجێهێشت بوو. هەروەکو دەزانین کۆماری ئازەربایجان یەکساڵ و کۆماری کوردستان ١٠ مانگ و ٢٠ ڕۆژ تەمەنی کرد و دواتر لە لایەن محەمەد ڕەزای کوڕی ڕەزاشاوە کە تەنیا چوار ساڵ و نیو بوو بە حکوومەت گەیشتبوو، تێکشکێندران.

کۆماری کوردستان لە کاتێکدا هەرەسیهێنا، کە محەمەد ڕەزاشا هێشتا نەیتوانیبوو ڕێچکەی باوکی بگرێتەبەر و ئێران لە قەیرانی کاردانەوەی سیاسیی و سەربازیی داگیرکەران ڕزگار بکات و ئەو بۆشاییە سیاسییە

پڕ بکاتەوە کە بە دەرچوونی باوکی لە ئێران پێکهاتبوو، بەڵام دوای سەرکەوتنی کودێتای ٢٨ی گەلاویژی ساڵی ١٣٣٢(١٩٥٣/٩/١٦)، کە سوپای ئێران بە سەرۆکایەتی سەرلەشکر "زاهیدی" و بە یارمەتیی ئەمریکا و ئینگلیز بەڕیوەی برد، ناوبراو توانی دوکتۆر محەمەد موسەدیق سەرۆک وەزیران لە حکومەت بخات و کۆتایی بە تێکۆشانی جەبهەی میللی، حیزبی تودە، حیزبی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و...تد بهێنێت و ئەوان لە گۆڕەپانی خەباتی ئاشکرای سیاسی و کۆمەڵایەتی دوربخاتەوە.

کودێتا ٢٨ ی گەلاویژی ١٩٥٣/٩/١٦ کە گەڕانەوەی محەمەد ڕەزای لە ئیتالیاوە بە دواوە بوو، هەلی بۆ بنەماڵەی پەهلەوی ڕەخساند کە دیکتاتۆرییەتی ڕەشی خۆی بەسەر گەلانی ئێراندا بسەپێنێت و هەزاران ئازادییخواز بگرن و لە زیندانەکاندا کۆیان بکەنەوە، شکەنجەیان بدەن و سەدان کەسیان گوللەباران بکەن و هەزارانیش ناچار بکەن کە بۆ پاراستنی گیانیان ئێران بەجێبهێڵن. بە واتەیەکی تر کودێتا دەستپێکی گەڕاندنەوەی دیکتاتۆریەتی هەمەچەشنەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و فەرهەنگیی بوو بۆ ئێران و محەمەد ڕەزا جگە لە تێکۆشانی ئایینی هەمە جۆرە تێکۆشانێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی یاساخ کرد. شا بۆ ئەوەی کە مەترسی لەسەر خۆی لاببات و دەسەڵاتی حکومەتەکەی مسۆگەر بکات، سوپای ئێرانی لەسەر شێوازی ڕێکخستنی ئەمریکا ڕێکخستەوە.

نۆژەنکردنەوەی سوپای ئێران و دانانی دەزگایەکی هەواڵگریی "ساواک" و بەرینکردنەوەی ئۆرگانەکانی ئیتلاعاتی لە ئێراندا پێویستی بە بودجەیەکی زۆر و دەیان هەزار پسپۆڕ هەبوو. لەبەر ئەوە شا بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو پرۆژانەی، هەزاران ڕاوێژکار و پسپۆڕ و ڕاوێژکاری ئەمریکایی هێنایە ئێران و بەسەر سەربازگەکاندا بڵاویکردنەوە و بەشێکی بەرچاو لە داهاتی نەتەوەیی گەلانی ئێرانی

بۆ تەرخانکردن کە ئەوەش بە شێوەی ئاسایی چینێکی نوێ و تایبەتی لە کاربەدەستانی سوپا و حکومەت و بەشی پاراستن لە ئێراندا پێکهێنا. سیاسەتی نادروستی شا و لاساییکردنەوەکانی، جیاوازییەکی زۆریان لە ئێراندا دروستکرد و ئێرانیان خستە تەنگژەیەکی قوڵی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و فەرهەنگییەوە.

ئەوە لە کاتێکدا بوو کە زۆربەی گوندەکانی کوردستان، ئازەربایجان، سیستان و بلوچستان جادەیان نەبوو، کارەبا و خوێندنگە و دوکتۆر و بنکەی تەندروستیی و تەنانەت ئاوی خاوێنی خواردنەوەشیان نەبوو. هەزاران کەس لە تارانی پایتەخت، شەوانە لە شەقامەکان و باخچە و پارکەکاندا، لەناو کارتۆندا دەنووستن و هەزاران بنەماڵە لە خانووی تەنەکە دروستکراودا منداڵیان پەروەردە دەکرد کە بە "حەڵەبی ئاباد" دەناسرا. جگە لەوە بێکاریی و نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک لەشفرۆشیی و گیرۆدە بوون بە مادە سڕکەرەکان، دزیی و بەرتیل وەرگرتن هەڕەشەیەکی مەزن بوون بۆ سەر ژیانی زۆربەی خەڵک.

لەو هەلومەرجەدا ژمارەیەکی زۆر لە منداڵی کاربەدەستانی حکومەت، کۆشکنشینانی دەربار، ساواکییەکان و فەرماندەکانی باڵای سوپا، بە پارەی حکومەت لە زانکۆکانی ئەوروپا و ئەمریکادا پەروەردە دەکران. دەسەڵاتی بێسنوری بنەماڵەی پەهلەوی و لەژێرپێنانی یاسا و بڕیارە پەسەندکراوەکانی پارلەمان و حکومەت و بەربەستکردنی ئازادییە دیموکراتییەکان و هەروەها جیاوازیی دانان لەنێوان گەلانی نیشتەجێی ئێراندا، بەتایبەتیی گەلی کورد، بلوچ، ئازەریی، عەرەب و تورکمان و سەپاندنی دیکتاتۆرییەتی دەزگای هەواڵگریی ساواک و دەزگا ئەمنییەکانی تری ئێران بەسەر خەڵکدا، چەند نمونەیەکن لە حوکمڕانیی بنەماڵەی پەهلەوی لە ئێراندا.

ئەو جیاوازییانە کە لە پرۆسەی کێشەیەکی بیست و پێنج ساڵییدا لە ساڵی ١٩٥٣ وە سەری هەڵدابوو، لەپڕ بە وتارێکی ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ڕۆژی ١٣٥٦/١٠/١٦ (١٩٧٨/١/٦) لەژێر ناوی "ئێران و کۆڵۆنیالیستی سوور

و ڕەش" تەقیبیەوە. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە وتارەکەیدا هێرشی کردە سەر بزووتنەوەی چەپ و نەتەوەیی گەلانی ئێران کە دەیان ساڵ بوو بۆ ئازادیی و چارەسەرکردنی باری ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیی و سیاسی ئێران هەوڵیاندەدا. هەروەها ڕۆژنامەی ئیتلاعات ئایەتوڵا خومەینی ڕێبەری شیعەکانی ئێرانی کە ساڵی ١٩٦٣ بە فەرمانی شا لە ئێران دەرکرابوو و لە شاری "نەجەف" لە عێراق دەژیا، بە نۆکەری بێگانە ناو برد. بەو بۆنەیەوە وتاری ئیتلاعات ڕق و کینەی شیعەکانی بەرزکردەوە و ژمارەیەک مەلای شیعەی هاندا کە دژی ڕۆژنامەی ئیتلاعات کۆبنەوە و خۆپێشاندانێکی گەورە لە شاری "قوم" ڕێکبخەن. قوم شارێکی مێژوویی و گرنگی شیعەیە و مەزارگەی حەزەرتی مەعسومە و ئیمامزادە ئیبراهیم و ئیمامزادە محەمەد واتە کوڕەکانی ئیمام موسا کوڕی جەعفەری لێیە. خوێندنگەیەکی شیعەکان بە ناوی "مەدرەسەی فەیزییە" لەوێ دانراوە کە شوێنی پەروەردەکردنی مەلای شیعەیە و خومەینی لەو مەدرەسەیەدا وانەی گوتووتەوە و دەیان فەقێی پێگەیاندووە.

شیعەکانی ئێران بە فەرمانی ڕێبەرانیان ڕۆژی ١٣٥٦/١٠/١٨ (١٩٧٨/١/٨) بە کۆمەڵ خۆیان گەیاندە قوم. کاتێک کاربەدەستانی ساواک بەوەیان زانی، ژمارەیەکی زۆر چەکداریان لە قوم کۆکردەوە بۆ ئەوەی کە کۆبوونەوەکە کۆنترۆڵ بکەن. شیعەکان بەیانیی ڕۆژی ١٣٥٦/١٠/١٩ (١٩٧٨/١/٩) کۆبوونەوەیەکی گەورەیان کرد. ئایەتوڵایەک بە ناوی موجتەهیدی کرمانی چووە سەر مینبەر و داخوازیینامەی کۆبوونەوەکەی خوێندەوە کە لە سێزدە خاڵ پێکهاتبوو. لە خاڵی یەکەمدا گوترابوو، دەبێت ئایەتوڵا خومەینی بە پەلە بگەڕێننەوە بۆ ئێران و لە خاڵەکانیتردا داوای ئازادیی ئایەتوڵا تاڵەقانی و ئایەتوڵا مونتەزری و زیندانییە سیاسییەکانیتریان کردبوو. لە خاڵی دوازدەیەمدا ویستبوویان ئێران پەیوەندیی سیاسیی، ئابوریی و سەربازییەکانی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل بپچڕێنێت.

دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە کۆبوونەوەیەکی گەورەتر لە مزگەوتی "ئەعزەم"ی قوم کرا کە هەموو چین و توێژەکانی خەڵک بەشدارییان تێداکرد. پۆلیس و ساواکی شا گەلێک هەوڵیاندا بڵاوە بە خەڵکەکە بکەن، بەڵام بەشدارانی بەجۆشهاتوو بە وتەی مەلا شیعەکان، هەڕەشەی فەرماندەکانی پۆلیس و ساواکیان نەبیست و لە بەرامبەریاندا بە بەرزکردنەوەی دروشمی "مرگ بر شا" واتە بمرێت شا، شاری قومیان لەرزاندەوە. شەپۆلی خەڵک لە مزگەوتی ئەعزەمەوە بەرەو شەقامەکانی شار کەوتەڕێ و بۆ تۆڵە سەندنەوە لە نوسەرانی وتاری "ئێران و کۆلۆنیالیستی سوور و ڕەش" و هەڵوێستەکانی ساواک، هێرشیان کردە سەر دەزگا حکومییەکان و بانکەکان و بەتایبەتیی شوشەی بانکی سادرات و لقەکانی ئەو بانکەیان شکاند و وێنەی شایان لەسەر دیوارەکان داگرت و خستیانە ژێر پێیانەوە.

شەپۆلی بەرزبووەوەی خەڵک نیشتنەوەی نەبوو، تا گەیشتە بەر بنکەی پۆلیس، لەوێ ساواک و پۆلیس ماوەیان بە خۆپیشاندەران نەدا و زۆر بێبەزەییانە دەستڕێژیان لێکردن و بەشێکیان وەک گەڵای دار هەڵوەراند. ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی ئەو ڕۆژە بۆ خەڵک ڕوون نەبوو، لایەنگرانی خومەینی دەیانگوت ٢٠٠ کەس کوژراوە و حکومەتیش دەیگوت پێنج کەس کوژراوە! و تەرمی هەر یەکەیان بە ١٥٠٠ تمەن دایەوە بە کەسوکاریان.

پڕیشکی ڕاپەرینی قوم زۆر بە پەلە شارە گەورەکانی تاران، مەشهەد و شیرازی گرتەوە. ڕۆژی ٢٠ و ١٣٥٦/١٠/٢١ (١١ و١٩٧٨/١/١٢) خەڵکی ئەهواز، ئابادان، دزفول و شیراز ڕژانە ناو شەقامەکان و دژی کارەساتی قوم خۆپیشاندانی هێمنانەیان کرد.

ڕۆژی ١٣٥٦/١١/٢٥(١٩٧٨/٢/١٤) ئایەتوڵا شەریعەتمەداری لە بەیاننامەیەکدا بەیادی شەهیدانی قوم و دژی خوڵقێنەرانی کارەساتەکە، بانگەوازێکی مانگرتنی گشتیی لە ڕۆژی چلەی شەهیدانی قومدا، لە تەورێز ڕاگەیاند و داوای لە خەڵکی تەورێز کرد کە لەو

ڕۆژەدا ئیش نەکەن و لە مزگەوتەکاندا کۆببنەوە. خەڵکی تەورێز بەپێی پڕۆگرامی گەڵاڵەکراو لە لایەن مەلاکانەوە، بەیانیی ڕۆژی ١٣٥٦/١١/٢٩ (١٩٧٨/٢/١٨) لە مزگەوتەکانی تەورێز کۆبوونەوە. ئەفسەرێکی پۆلیس بە ناوی "حەقشناس" کە ئەرکی بڵاوەپێکردنی خەڵکی پێسپێررابوو لە مزگەوتی "سەید هەمزە" کە مەزاری شێخ محەمەدی خیابانی خەباتگێڕی ناوداری ئازەربایجانی لێیە و لە شەقامی "سەقەتولئیسلام" هەڵکەوتووە، لەگەڵ چەند پاسەوانێکدا هێرشیان کردە سەر خەڵکەکە. خەڵکەکە ڕژانە ناو شەقامی سەقەتولئیسلام و لە ئاکامدا خەڵکی کۆبووەوەی مزگەوتەکانیتریش ڕاپەرین. بە نووسینی ڕۆژنامەکان خەڵک بە زمانی ئازەربایجانیی دروشمی بمرێت شا، بژی یەکیەتی کرێکاران و جوتیاران، بمرێت ئەمریکا و یان مەرگ یان ئازادییان بەرزکردەوە. ڕۆژنامەکان نوسییان هەرچەندە خۆپێشاندەران لە شەقامی کورش چەند موتۆرسایکلێکی پۆلیسان سوتاند، بەڵام پۆلیسەکان خۆیان دوور ڕاگرت و ئامادە نەبوون دەست لە خەڵکەکە بوەشێنن، تەنانەت خۆپێشاندەران ئەفسەرێکی پۆلیسان بە ناوی "سەروان دهقانی" بریندار کرد.

لە گۆڕەپانی "دانیشسەرا" کرێکارێک بە ناوی "قوربانعەلی" دەچێت پەیکەری شا دابگرێت، ساواکییەکان تەقەی لێدەکەن و دەیکوژن. بە کوژرانی قوربانعەلی خەڵک دەستەویەخەی پۆلیس دەبن و لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆر لە هەردوو لا بریندار دەبن. دواتر خەڵکەکە هێرش دەکەنە سەر کەلانتەریی سێی تەورێز و داگیری دەکەن. خەڵکی تەورێز بارەگای حیزبی تاوانباری ڕەستاخیز و بارەگای ڕۆژنامەی ئەو حیزبە و کۆشکی لاوان، هۆتێلی دوازدە قاتی شا ئیسماعیلی سەفەوی، نزیکەی ٩٢ بانک، لەوانەش بانکی سادرات و لقەکانی، بانکی فەرهەنگییان، بانکی بازرگانی، بانکی تاران، بانکی میللی و لقەکانی، بانکی سپە، بانکی ئیعتبارات، بانکی ئێرانشار، بانکی شهریار و سینەماکانی تەورێز و بنکەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و پەروەردەی گشتیی ئازەربایجان، کۆشکی هونەر، ئەوقاف، ئەنجومەنی فەرهەنگی ئێران و ئەمریکا و

دەیان ئوتۆمبێلی حکومەتیی دەسوتێنن. تەورێز بۆ ماوەیەک دەکەوێتە دەست خۆپێشاندەران. حکومەت لە "مەراغە و عەجەبشێر"ەوە سەرباز بۆ سەرکوتکردنی خۆپێشاندەران دەهێنێت و بە تانک و چەکی سووک و قورس هێرش دەکەنە سەر خۆپێشاندەران.

خەڵکی شارەکانی دەوروبەری تەورێز ڕۆژی دوایی دێنە تەورێز و لەگەڵ خەڵکی ئەو شارە بەشداریی دووەم ڕۆژی خۆپێشاندان دەکەن. هیچ ڕۆژنامەیەک نەیتوانی ژمارەی تەواوی کوژراوەکانی ئەو دوو ڕۆژە ڕابگەیەنێت، ژمارەی کوژراوەکانیان بە ١٠٠ تا ١٠٠٠ کەس قەبڵاند. هەروەها ڕایانگەیاند کە ساواک و پۆلیس دوای خۆپێشاندانەکە نزیکەی چوار هەزار کەسیان دەستگیرکردووە و ٧٠ پۆلیسیشیان بە تاوانی هاوکاریی لەگەڵ خۆپێشاندەران گوللەباران کردووە. ساواک بە ١٥٠٠ تمەن تەرمی کوژراوەکانی ئەو دوو ڕۆژەی خۆپێشاندانەکەی دایەوە بە بنەماڵەکانیان.

بە دوای ڕووداوی تەورێزدا، کە ڕاپەڕینێکی جەماوەریی و تێکەڵاو لە بیروبۆچوونی جیاواز بوو، هەموو چین و توێژەکانی گەلانی ئێران بە موسوڵمان و ناموسوڵمانەوە بە یەکدەنگ دژی بنەماڵەی پەهلەوی خرۆشان. لە هیچ جێیەک ئارم و هێمای ڕێکخراوەیی نەدەبینرا و دروشمی سەرەکیی ڕاپەرین "ئازادیی و نەمانی دەوڵەتی دیکتاتۆریی پاشایەتی، ئازادیی زیندانییە سیاسیەکان و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئەمریکا بوو لە ئێراندا." حکومەت بۆ هێورکردنەوەی مەلا شیعەکان، ئایەتوڵا مونتەزری لە زیندان ئازادکرد و خەریکبوو هەندێک ڕیفۆرم بکات. لەو ڕووەوە ڕۆژ نەبوو لەنێوان پارلەمانتاراندا لەسەر گۆڕینی دەستوری هەمیشەیی ئێران دەمەقالێ پەیدا نەبێت، بەڵام ئێران شڵەژا بوو، خەڵک بە ڕیفۆرم ئارام نەدەبووەوە. جگە لەوە ساواک بەبێ سڵەمینەوە درێژەی بە توندڕەوییەکانی خۆی دەدا و بەبێ لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی نوێ، ژمارەیەک مەلای شیعەی لە تاران و شارە گەورە شیعەنشینەکانەوە بۆ کوردستان گواستەوە کە هەرێمێکی سوننەنشینە.

لەوانە "ئایەتوڵا شێخ ساڵحی نەجەف ئابادی، ئایەتوڵا مکارمی شیرازی و ئایەتوڵڵا تاهری" ناردە مهاباد، "ئایەتوڵا مونتەزری" ناردە سەقز، "ئایەتوڵا مهدوی کەنی" ناردە بۆکان و "حوجەتولئسلام خەلخالی" ناردە بانە. ئەو هەنگاوەی ساواک وەک هەموو کارەکانیتری زیانی زۆریان بە دەزگای لەرزۆکی شا گەیاند. تا ئەوکاتە کوردستان ئارام بوو، بەڵام بەهاتنی مەلا شیعەکان بۆ کوردستان، مزگەوتەکانی مهاباد و شارەکانیتری کوردستان ڕۆڵی بنکەی سیاسی و شوێنی بڵاوکردنەوەی کاسێتی هاندەرانەی خومەینی و ڕێبەرانیتری شیعەیان پەیداکرد.

لە مهاباد و شارەکانیتری کوردستان و ئازەربایجان جگە لە تەورێز، خەڵک بەشداریی خۆپێشاندانیان نەدەکرد و بەگشتیی ڕێکخراوێک نەبوو کە ئەو خەڵکە خەباتگێڕانە ڕێکبخات. لە مهاباد کەسایەتییە دیموکراتخوازەکان و لاوەکان بە بۆچوونی خۆیان لە گروپی بچوکدا دژی ڕژێم بەیاننامەیان دەنووسی و شەوانە بڵاویان دەکردەوە. هەرچەندە مەئمورەکانی ساواک و ئیتلاعاتی شارەبانی و زیدیئتلاعات وەک داڵ لەناو خەڵک و ئەندامانی سوپادا بڵاوببوونەوە، بەڵام بەهۆی هاوکاریی نەکردنی خەڵک لەگەڵیان، کەمتر دەیانتوانی زیان بە خەباتکەران بگەیەنن. پێش ئەوەی کە ئاڵۆزییەکان لە ئێراندا بەو ڕادەیە بگەن، هەرلە کۆتایی ساڵی١٩٧٧دا سەرکردایەتی سوپا سەرتیپ کەمانگەری کە کورد و خەڵکی سنە بوو لە مهاباد گواستەوە و سەرتیپ ئیحسانوڵا پزشکپووری لە جیاتی ئەو کردە فەرماندەی تیپی سێی مهاباد. هۆی گواستنەوەی سەرتیپ کەمانگەر لە مهاباد دەگەڕایەوە بۆ مێژوو و بەسەرهاتی خەڵکی ئەو شارە و سەرنجی بەردەوامی کاربەدەستانی حکوومەتی پەهلەوی لە کۆنتڕۆڵ کردنیدا.

## چارەنووسی شا، سوپا و ساواک

بە دوای دەسەڵاتدارییەتی محەمەد ڕەزا شادا، سوپا و ساواک دەسەڵاتی ئێرانیان بەدەست بوو. لە ڕاستیدا فەرماندەکانی باڵای سوپا هەڵسوڕێنەری ساواکیش بوون. پێش ئەوەی کە زنجیرەی خۆپێشاندانەکان تەنگ بە ڕژێمی پەهلەوی هەڵبچنن، شا بۆ پارێزگاریی لە دەسەڵاتی خۆی پەنای بۆ دوو سیاسەتی لێک جیاواز برد، کە بریتی بوون لە:

١- کۆمەڵێک چاکسازیی لە سوپا و دەزگا حکومییەکاندا کرد. موچە و دەرماڵەی ئەفسەران، پلەداران و سەربازانی سوپای زیاد کرد. ڕێگەی بۆ ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ "ڕێکخراوی لێبووردنی جیهانیی" کردەوە کە نوێنەریان سەردانی زیندانەکانی ئێران بکات و لە نزیکەوە ئاگایان لە بارودۆخی زیندانییە سیاسییەکان ببێت. شا تا ئەو کاتە لە وتووێژە ڕۆژنامەوانییەکانیدا دانی بە بوونی زیندانی سیاسی لە ئێراندا نەدەنا. لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییانەدا، کاک عەزیزی یوسفی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی، دوای نزیکەی ١٩ ساڵ زیندانیی لەسەر داوای ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ بە هۆی نەخۆشییەوە لە پاییزی ساڵی١٣٥٦ (١٩٧٧) لە زیندان ئازادکرا و گەڕایەوە مهاباد. هەروەها شا ڕۆژی ١٣٥٧/٦/٥ (١٩٧٨/٨/٢٧) مێژووی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهەنشاهی گۆڕی و وەک جاران مێژووی کۆچی هەتاویی لە جێی مێژووی شاهەنشاهی دانایەوە. پرۆژەی دانانی مێژووی شاهەنشاهی لەجیاتی مێژووی هیجری هەتاویی ڕۆژی ١٣٥٤/١٢/٢٥ (١٩٧٦/٣/١٦) بە فەرمانی شا لە پەرلەمانی ئێران و ئەنجومەنی سەنای ئێراندا پەسەند کرابوو. ئەو مێژوویە ئاماژەیەک بوو بە دەسەڵاتدارییەتی ٢٥٠٠ ساڵەی پاشاکانی ئێران و سەرچاوەکەی دەگەڕایەوە بۆ ساڵی ٥٥٠ ی پ . ز و دەستپێکردنی دەوڵەتی کورشی هەخامەنشی و سەرکەوتنی پارسییەکان بە سەر "ئاستیاکس" دوا پاشای

مادەکان. مەبەستی شا لە دانانی مێژووی شاهەنشاهی بۆ ئەو بیرە دەگەڕایەوە کە ناوبراو خۆی بە واریسی هەموو پادشاکانی ئێران دەزانی. لەگەڵ ئەوەشدا، شا لە مانگی نۆڤێمبەری ساڵی ١٩٧٨دا حیزبی ڕەستاخیزی هەڵوەشاندەوە. ناوبراو ڕۆژی ١٣٥٣/١٢/١١ (١٩٧٥/٣/٢) واتە دوو ڕۆژ بەرلەوەی کە بچێتە جەزایر بۆ ئیمزاکردنی پەیماننامەی جەزایر لەگەڵ سەدام حوسێن، فەرمانی دامەزراندنی حیزبی ڕەستاخیزی ڕاگەیاند و گوتی: **(هەموو کەسێک دەبێ ببێتە ئەندام لەو حیزبەدا، ئەگەرنا دەبێت لە ئێران بڕوات و ئەگەر ئەم کارە نەکات، جێگای زیندان دەبێت.)** حیزبی ڕەستاخیز، ڕێکخراوێکی حکوومی بوو، کە کاربەدەستانی باڵای حکوومەت و ئەندامانی ساواک هەڵیاندەسوڕاند و سەرۆکایەتی لقەکانی حیزبی ڕەستاخیزیان لە شارەکاندا دەکرد و لەناو سوپاشدا زیدیئیتلاعات هەڵسوڕێنەری حیزبی ڕەستاخیز بوو. لە لایەکی ترەوە شا ڕۆژی ١٣٥٧/٧/٥ (١٩٧٨/٩/٢٧) فەرمانیدا دەرگای بەشێک لە زیندانە سیاسییەکان بکەنەوە و ژمارەیەک زیندانیی سیاسی ئازاد بکەن کە بە تاوانی داواکردنی ئازادیی و مافی مەدەنیی نزیکەی ٢٠ - ٢٥ ساڵ لە زینداندا ئەشکەنجە درابوون. لەناو زیندانییە سیاسییە ئازاد کراوەکاندا غەنی بلوریان کەسایەتییەکی ناسراو و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەو کۆمەڵە چاکسازییەدا، شا بەو هیوایە کە ئێران ئارام بکاتەوە، چەند گۆڕانکاریی لە نێوان سەرۆکایەتی وەزیراندا پێکهێنا. "ئەمیر عەباسی هویدا"ی گۆڕی و جەمشید ئاموزگاری لە جێی دانا، ئاموزگار دەستی لە کار کێشایەوە و شا پۆستەکەی بە جەعفەر شەریف ئیمامی سپارد. ئەم جارە ئەرتەشبود غوڵامڕەزا ئەزهاری کرد بە سەرۆک وەزیران کە بەڵکو ئەو بە ڕێگای توندوتیژییەوە ئێران ئارام بکاتەوە، کە ئەویش سەرنەکەوت و سەرئەنجام پەنای بۆ شاپوور بەختیار برد.

٢- ڕۆژی هەینیی ١٣٥٧/٦/١٧ (١٩٧٨/٩/٨) لە شەقامەکانی تاراندا جەماوەر کەوتەبەر گوللەی چەکدارانی گاردی شاهەنشاهی کە هێزی پارێزەری شا بوو. ئەو کردەوەیە بە چەشنێک دڕندانە و پڕ لە زیان بوو کە بە هەینی ڕەش ناوبانگی دەرکرد لە ئێراندا. ئەرتەشبود غوڵامڕەزا ئەزهاری سەرۆکوەزیرانی حکومەتی ئێران حاڵەتێکی تەواوی سەربازیی بە ئێراندا. ناوبراو فەرمانی دامەزراندنی دەستەی چۆماغداری دا و لە شارەکانی پاوە، تاران، قەزوێن، مەشهەد، سنە، کرماشان، کامیاران و میاندواو زیانی گەورەی بە خەڵک گەیاند و چەندەها کەسیان کوشت و بریندار کرد و سەدان ئوتۆمبێلیان لە جادەکاندا شکاند. لەگەڵ ئەوەشدا سوپا و هێزە ئەمنییەکانی شا، ڕۆژانە بەبێ پسانەوە لە شارەکاندا تەقەیان لە خەڵک دەکرد و جادە و شەقامەکانیان بە خوێنی هاووڵاتیان سور دەکرد.

لە بەرامبەر ئەو کردەوە دڕندانەیەدا، گەل لە بەربەرەکانی کردن نەدەوەستا و سەرئەنجام بەرە بەرە ئاڵۆزییەکان خۆی خزاندە ناو سوپا و ورەی فەرماندەکانی سوپای بە توندی دابەزاند و دیسیپلینی سەربازیی لاواز کرد. بەرزبوونەوەی بێدیسیپلینی لە سوپادا، ڕاکردنی ژمارەیەکی زۆر سەرباز و پلەدار و ئەفسەری لاوی لە ڕیزەکانی سوپادا بە دواوە بوو. ئەو مەسەلەیە بەشێوەیەکی سەرسوڕێنەر قەیرانی نافەرمانیی خستە ڕیزەکانی سوپاوە. لە سەربازخانەکاندا ژمارەی زیندانییەکان بە ڕادەیەک بەرز ببووەوە، کە ڕاگرتنیان دژوار بوو. کاتێک شا تێگەیشت پلانەکانی غوڵامڕەزا ئەزهاری بێسودن، ئەم جارە پەنای بۆ شاپووری بەختیار برد کە ئەرکی سەرۆکایەتی وەزیرانی ئێران قبوڵ بکات، تەنانەت دەستی بەختیاری بۆ هەرچەشنە ڕیفۆرمێک واڵا کرد. شا دەیویست ئەم جارە بە دۆزینەوەی شاپوور بەختیار کە بەدیلێکی دیموکرات بوو، مانەوەی ڕژێمەکەی مسۆگەر بکات. بەختیار ڕۆژ ١٣٥٧/١٠/١٦ (١٩٧٩/١/٦) پێشنیازی شای بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ قبوڵکرد، بەو مەرجە شا بۆ ماوەیەک ئێران بەجێبهێڵێت. بەرلە

بەجێهێشتنی، شورای سەڵتەنەتی هەڵوەشێنێت و شورایەکی باڵای سوپا لە فەرماندەکانی هەر سێ هێزی زەمینیی، ئاسمانیی، دەریایی و ئەرکانی سوپا پێکبهێنێت، تا بە پشتیوانیی ئەو شورایە حکومەت بەڕێوە بەرێت. شا شورای سەڵتەنەتیی هەڵوەشاند و ڕۆژی ١٣٥٧/١٠/٢٤ (١٩٧٩/١/١٤) شورای باڵای سوپای بە سەرۆکایەتی ئەرتەشبود عەباسی قەرەباغی "سەرۆکی ستادی بزرگ ارتشتاران" و (٢٦) ئەفسەری باڵا پێکهێنا. دوای پێکهاتنی ئەو شورایە، شا ڕۆژی ١٣٥٧/١٠/٢٦(١٩٧٩/١/١٦) ئێرانی بەجێهێشت و چوو بۆ وڵاتی میسر.


شاه رفت

اطلاعات

• نمایندگان مجلسین واعضای شورای سلطنت خارج شوند
• کشاورزان بیشتر بکارند وجلوی خروج گندم رابگیرید
ارتش جلوی بیرون بردن سلاحهای امریکارابگیرد
• بانک‌های اسلامی به کشاورزان کمک کنند
• اربعین را تبدیل به وسیع

رئیس مستشاران نظامی امریکا رادرایران بدار آویختند

مصر امروز منتظر شاه است

شا دەیویست وەک ساڵی ١٩٥٣ ڕێگەی بۆ خۆش بکەن کە پاش ماوەیەک دووبارە بگەڕێتەوە بۆ ئێران، بەڵام ئەوە دوا سەفەر و

کۆتایی٥٧ ساڵەی دیکتاتۆرییەتی بنەماڵەی پەهلەوی بوو لە ئێراندا. بەختیار لە یەکەم هەنگاودا ئازادیی ڕۆژنامەگەریی ڕاگەیاند. ڕۆژنامەنووسانی مانگرتوو دوای (٦٢) ڕۆژ مانگرتن، گەڕانەوە سەر کارەکانیان، بەڵام نەیتوانی شەپۆلی بەرز بووەوەی گەل بنیشێنێتەوە. شاپوری بەختیار هەوڵیدا سیستمی دەوڵەتی شاهەنشاهی لە ئێران هەڵبوەشێنێ و سیستمی کۆماریی دابمەزرێنێت، بەڵام دوای گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێران لە ڕۆژی ١٣٥٧/١١/١٢ (١٩٧٩/٢/١) دا، ژمارەی پێچەوانە، بۆ سوپا و بەختیار دەستی پێکرد.



بەختیار لەوە بێگومان بوو کە سوپا بەرەو هەڵوەشان دەچێت و دەیزانی کە ڕۆژانە هەزاران کەس لە تاران و شارەکان و تەنانەت ئەفسەر و پلەدار و سەربازانی سوپا دەچنە لای خومەینی و نوێنەرانی و

ئامادەیی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی فەرمانەکانی خومینی ڕادەگەیەنن. لەو چوارچێوەیەدا بوو کە ڕۆژی ١٣٥٧/١١/٢٠ (١٩٧٩/٢/٩) کۆمەڵێک هومافەر لە هێزی هەوایی سەربازگەی "دۆشان تەپە" ڕاپەرین و پەیوەستبوونی خۆیان بە خومەینی و حکومەتی مەهدی بازرگانەوە ڕاگەیاند. خەڵک بۆ یارمەتیدانی هومافەرەکان لە دەوری سەربازگەکە کۆبوونەوە و تەقە دەستیپێکرد. خەڵکەکە هێرشیان کردە سەر سەربازگەکە و عەمبارەکانی چەک و تەقەمەنییان تاڵان کرد. بە نوسینی غوڵامڕەزا نەجاتی، کاتژمێر ٠٨:٠٠ ڕۆژی ١٣٥٧٠/١١/٢٢ (١٩٧٩/٢/١١)، شاپووری بەختیار داوای ئەرتەشبود قەرەباغی و سپەبود ڕەحیمی فەرمانداری سەربازیی تاران دەکات کە بێن بۆ بارەگای سەرۆکوەزیران، بەڵام پێیڕادەگەیەنن کە قەرەباغی لە کۆبوونەوەیەکی زۆر گرنگی شورای باڵای سوپا دایە و دوای کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەکە دێتە خزمەتتان. شورای باڵا کاتژمێر ١٠:٣٠ ڕۆژی١٩٧٩/٢/١١ لە هۆڵی شورا لە بارەگای ناوەندیی ئەرکانی باڵای سوپا پێکهات. لەو کۆبوونەوەیەدا ئەرتەشبود قەرەباغی کۆبوونەوەکەی کردەوە و ڕایگەیاند:

- (شا ڕۆیشتووە و بە وتەی بەختیار ئیتر ناگەڕێتەوە بۆ ئێران. سەربازەکان لە سوپا و ناوەندەکانی پەروەردە "ئاموزش" ڕادەکەن. دوێنێ شەو چەند بنەکەیەکی پۆلیس "کەلانتەری" دەستیان بەسەردا گیراوە و فەرماندەکان ناتوانن پێش بە خەڵک بگرن. چەند مانگە کاروباری وڵات ڕاگیراوە و ئایەتوڵا خومەینی دەیەوێ کۆماری ئیسلامی ڕابگەیەنێت و هەر وەک ئاگادارن سەرۆکوەزیران بەختیاریش لە پەرلەمان و کۆڕی سەنا ڕایگەیاند و لە وتووێژەکانیشدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان نایشارێتەوە کە دەیەوێ سیستمی پاشایەتی هەڵبوەشێنێ و دەوڵەتی کۆماریی ڕابگەیەنێت، بەڵام لەناو خەڵکدا لایەنگری نیە). لەو کاتەدا سپەهبود هوشەنگ حاتەم دەڵێت:

- (شا بە ئێمەی گوتووە پشتی بەختیار بگرین، بەڵام ئێستا کە بەختیار دەیەوێ سیستمی کۆماریی ڕابگەیەنێت، ئەرکی سەرشانی ئێمە نیە کە پشتی بگرین. شا دژی خوێنڕشتن بوو، لەبەرئەوە بە ئێمەی گوت "پشتی دەوڵەتی یاسا بگرن" بەڵام ئێستا کە بەختیار دژی یاسا دەجوڵێتەوە، واتای ئەوەیە کە ئاغای بەختیار وەک ئەوانە هەڵسوکەوت دەکات کە دژی حوکمی شاهەنشاهین و نابێت ئێمە پشتی بگرین، دەبێ لەگەڵ میللەت بین و دەست لە کوشتنی خەڵک هەڵبگرین.)

هەرکە حاتەم قسەکانی تەواو دەکات، سپەهبود ناسر فیروزمەند، سپەهبود عەبدولمەجید مەعسومیی نائینی، سپەهبود ئەمیر فەرهەنگ خەلعەتبەری، سپەهبود حوسێن جهانبانی، ئەرتەشبود حوسێن فەردوست، ئەرتەشبود جەعفەری شەفەقەت پشتگیریی حاتەم دەکەن و لە ئەنجامدا قەرەباغی دەڵێ پروتۆکۆڵی کۆبوونەوەکە بنووسن. سپەهبود ناسر فیروزمەند و سپەهبود موسا لاریجانی پروتۆکۆڵەکە دەنووسن و دوای چەند گۆڕانکارییەک، کاتژمێر ۱۳:۱۵ی ڕۆژی ۱۹۷۹/۲/۱۱ ئەم ڕاگەیاندیان سەبارەت بە خۆبەدەستەوەدانی سوپا بە خومەینی لە ڕادیۆ بڵاوکردەوە.

## ڕاگەیاندنی سوپا ۱۳۵۹/۱۱/۲۲

سوپای ئێران ئەرکی بەرگرییکردنە لە سەربەخۆیی و تەواوییەتی خاکی ئێرانی خۆشەویست و تا ئێستا لە سەرهەڵدانە ناوخۆییەکاندا هەوڵیداوە پشتی دەوڵەتی یاسا بگرێت و ئەو ئەرکەی بە هەموو توانایەوە جێبەجێ بکات. بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی وڵات، شورای باڵای سوپا کاتژمێر ۱۰:۳۰ ڕۆژی ۱۳۵۷/۱۱/۲۲ کۆبووەوە و بڕیاریدا بۆ بەرگرییکردن لە ئاژاوە و خوێنڕشتنی پتر، بێلایەنیی خۆی لە کاروباری سیاسیدا ڕابگەیەنێت. لەو چوارچێوەیەدا فەرمانی بە یەکە سەربازییەکان داوە کە بگەڕێنەوە سەربازگەکانیان.

سوپا هەمیشە پشتیوانی میللەتی شەریف و نەجیب و نیشتمانپەروەری ئێران بووە و بەو شێوەیەش دەمێنێت و لە داخوازییەکانی میللەتی شەریف بە تەواوی هێزەوە پشتیوانیی دەکات.

بەختیار پێشتر بڕیاریدابوو کە ئەگەر حاڵەتێکی وا ڕوویدات، کە لایەنگرانی خومەینی دەسەڵات بگرنە دەست، کودیتای سەربازیی دەکات و خومەینی و نوێنەرانی دەگرێت، کەچی بە خۆبەدەستەوەدانی سوپا بە ڕێنوێنیی ژەنەراڵ هایزەر و هاودەنگیی تەواو لەگەڵ ئەمریکادا، مەهدی بازرگان ڕایگەیاند کە ڕێگەیەک بۆ شاپووری بەختیار نەماوە کە بتوانێت پارێزگاریی لە حکومەتەکەی بکات. لەبەرئەوە شاپور بەختیار بە یارمەتی چەند دۆستێکی نزیکی، ئێرانی بەجێهێشت و چووە فەرەنسە و لەوێ نیشتەجێ بوو. شایانی باسە کە دواتر تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران شاپووری بەختیاریان تیرۆر کرد. لە جێی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم.

دوای ڕاکردنی بەختیار لە ئێران و ڕاگەیاندنی حکومەتی کاتیی لە ئێراندا بە سەرۆکایەتی مەهدی بازرگان، ئەرتەشبود عەباسی قەرەباغی شوێنی خۆی پاراست و تا ماوەیەک لە پۆستی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپادا مایەوە و دواتر ڕایکردە دەرەوەی وڵات و سەرلەشکر قەرەنی جێگەی گرتەوە. حکومەتی کاتیی لە دەستپێکی کارەکانیدا سەرلەشکر مەهدی ڕەحیمی فەرمانداری سەربازیی تاران و ژمارەیەک لە ئەفسەرانی ساواک و فەرماندەکانی باڵای سوپای گرت و لە دادگاییکردنێکی بە پەلەدا کە ئایەتوڵا سادق خلخاڵی جەلاد سەرۆکایەتی دەکرد، تاوانباری کردن و گوللەبارانی کردن. لەناو ئەو بیست و حەوت کەسەی شورای باڵای سوپاشدا، هوشنگ حاتەم، ناسر مقدەم، ئەمیر حەسەن ڕەبیعی، حوسێن جهانبانی، خەلیل بەخشی ئازەر، پەرویز ئەمین ئەفشار و لەگەڵ دوو برای، ئەمیر فەرهەنگ خەلعەتبەری، مەنوچێهر خەسرەودادی لە سێدارەدا و سپەهبود عەبدولعەلی بەدرەیی تیرۆر کرد.

بە هەرحاڵ هاوکات لەگەڵ ڕوخانی ڕژێمی گەندەڵی پەهلەوی پێگەکانی ژاندارمەری لە گوندەکان و جادەکانی کوردستان کۆتاییان بە زەبروزەنگ هێنا و بەبێ ئەوەی کە پارێزگاریی لە پێگەکانیان بکەن زۆربەی پێگەکانی ناوچەی سەردەشت و مهاباد لە لایەن خەڵک و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کوردستانەوە چەککران.

ڕۆژی ١٣٥٧/١١/٢٣ (١٩٧٩/٢/١٢)، خەڵکی مهاباد هێرشیان کردە سەر شارەبانی، کەلانتەریی و دوای چەککردنی ئەو دوو بنکەیە، فرۆشگای تعاونی سوپایان تالان کرد و لەوێوە دەستیان بەسەر یەکانی ژاندارمەری مهاباددا گرت و هێرشیان کردە سەر سەرکردایەتی هەنگی ژاندارمەریی و ئەوێشیان چەککرد. هەروەها چوونە ساواک، بەڵام بەم هۆیەوە کە سەرگورد پەرنیانفەر سەرۆکی ساواک دوای ڕاکردنی شا لە ئێران، دۆسیەکانی گواستبووەوە بۆ ورمێ و بەشێک لە کەلوپەلەکانی هێنابووە سەربازگەی مهاباد، خەڵکەکە دەستیان نەگەیشتە بەڵگەنامەکانی ساواکی مهاباد.

کاتێک خەڵکی مهاباد هێرشیان کردە سەر هەنگی ژاندارمەری، ژاندارمەکان شوێنەکەیان بەجێهێشت و خۆیان گەیاندە سەربازگەی مهاباد. هەنگی ژاندارمەری بەرامبەر بینا حکومییەکانی "کوی فەرەح" بوو، لەوێوە تا سەربازگەی مهاباد نزیکەی ٥٠٠- ٦٠٠ مەتر دەبوو. لە کاتی ڕاکردنی ئەندامانی ژاندارمەری بۆ سەربازگەی مهاباد، تانکەکانی یەکانی تانکی تیپی شاپوور کە پێشتر لە سەربازگەی مهاباد جێگیرکرابوون، تەقەیان بە ئاسماندا دەکرد تا ئەوان بتوانن لەژێر ئاگری تەقەکردنی تانکەکاندا خۆیان بگەیەننە سەربازگە.

لە گرتنی شارەبانی و ژاندارمەریی مهاباددا سێ کەس شەهید و چەند کەسیش بریندابوون، دیارە شەهیدەکان بەهۆی ناکارامە بوونیان لەو چەکانەی کە دەستیان کەوتبوو، لە لایەن خۆیانەوە شەهید و بریندار

بوون و یەکێک لە بریندارەکان پلەدارێکی تیپی سێ بوو کە گوللە وێڵی لێکەوت. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی ١٣٥٧/١١/٢٤ دا ئاماژەی بە چەککردنی شارەبانی و یەکەی ژاندارمەریی و هەنگی ژاندارمەریی مهاباد کرد و لەم بارەیەوە نووسی:

- ( دوێنێ کەڵانتەری، شارەبانی، یەکەی ژاندارمەریی و هەنگی ژاندارمەریی مهاباد یەک بە دوای یەک لە لایەن خەڵکەوە چەککران و چەکەکانیان کەوتە دەست خەڵکەکەوە. لە هێرشکردن بۆ سەر ئەو شوێنانەدا، مەئمورەکان بەرگرییان لەخۆیان کرد و لە تێکهەڵچوونێکدا چوار کەس کوژران و چل کەسیش زیانیان پێگەیشت. سێ لە کوژراوەکان بەهۆی ئاشنا نەبوونیان لە بە کارهێنانی چەک کوژران. هەرچەند تیمسار پزشکپوور فەرماندەی تیپی مهاباد لەسەر ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ناوەندی مهاباد و ئیمامی جەماعەتی شار هاوپەیمانیەتی خۆیان لەگەڵ شۆڕش نەتەوەیی ڕاگەیاندووە، بەو حاڵەش سەربازگەی مهاباد دوێنێ لە گەمارۆی خەڵکدابوو. ئایەتوڵا شێخ عیزەدین حوسێنی ئیمام جومعەی مهاباد خەڵکی هۆشیار کردەوە کە هێرش نەکەنە سەر سەربازەکان. هەروەها بە فەرمانی ئیمام جومعەی مهاباد ئەمڕۆ شورای شۆڕش لە مهاباد پێکهات.)

## بیرۆکەی چەککردنی سەربازگەی مهاباد

هاوکات لەگەڵ تەقەکردنی تانکەکانی یەکەی تانکی تیپی شاپوور لە ١٣٥٧/١١/٢٣ (١٩٧٩/٢/١٢)، خەڵکی مهابادیش کە بە چەکی شارەبانی و هەنگی ژاندارمەری و پاسگا چەککراوەکانی ژاندارمەری پڕچەک ببوون، بەرەو سەربازگەی مهاباد تەقەیان دەکرد. لە ئاکامی ئەو تەقەکردنەدا گروبانێکی کوردی سەقزیی لە گوردانی١٦٧ی پیادە کە لەسەر تانکێک وەستابوو، بە گوللەیەکی وێڵ بریندار بوو. لە کاتی ئەو ڕووداوەدا گروبان یەکەم کەریم پورقوباد لە ڕوکنی یەکەم لەلای من بوو. هەندێک جار لە ترسی گوللەی وێڵ خۆمان دەخستە پشت دیواری هۆدەکە و جارجاریش هەڵدەستاینە سەرپێ و تەماشای سەربازەکانمان دەکرد کە بەبێ ئامانج بۆ ئەمبەر و ئەوبەر ڕایان دەکرد. وەزعەکە بە ڕادەیەک ئاڵۆز بوو کە تەقینەوەی گوللەیەک لە سەربازگەدا دەیتوانی کارەساتی مەزن بخوڵقێنێت.

دوو مانگ بەرلە ڕاکردنی شا لە ئێران، سەربازگەی مهاباد لە ئامادەییدا بوو. بە مەودای پەنجا مەتر پەنجا مەتر. مەتەرێزیان لە دەوری سەربازگە هەڵکەندبوو و بە بەردەوامی سەربازیان تێدا بوو. یەک لە سێی ئەفسەر و پلەدارەکان شەوانە لە سەربازگە دەمانەوە و ڕێگەیان بە سەربازەکانیش نەدەدرا کە بە شەو لە دەرەوەی سەربازگە بمێننەوە. هەموویان پڕچەک کرابوون و ئەوانەی لە سەربازگە دەمانەوە، کاتی نووستنیش تفەنگیان پێبوو. ژمارەی سەربازەکانی ئامادە و گەشتیان دووقات کردبوو.

بە هەر حاڵ من و کاک کەریم بە تەقەکردنی خەڵک بەرەو سەربازگە، خۆشحاڵ بووین و هیوامان دەخواست کە تەقەکە توندتر بێت و هێرش بکرێتە سەر سەربازگە و ئێمەش یارمەتی خەڵکەکە بدەین. لەو هەلومەرجە شپرزەیەدا کاک کەریم ڕووی تێکردم و گوتی:

- (ئەرێ بۆچی ئێمە پادگان نەگرین و بیدەینە دەست کوردان؟!) پرسیارێکی سەیر بوو، لەبەرئەوە گوتم:
- بەڕاستیتە؟ گوتی:
- (ئەدی چۆن.)
- پرسیارێکی سەیرە، ڕەنگە بتوانین، بەڵام ئەمە پێویستی بە پرسکردنە. من ڕازیم، بەڵام ئیزن بدە، بچم بپرسم و بگەڕێمەوە. کەریم نەیدەزانی من دەبێ لە کێ بپرسم و لەم بارەیەوەش هێچ پرسیارێکی لێنەکردم.
کاک کەریم یەکێک لە پلەدارانی ناڕازیی سوپا بوو، چەندان جار داوای کردبوو کە لە سوپادا نەمێنێت، تەنانەت جارێک من بۆ ئەو مەبەستە بردمە لای تیمسار پزشکپوور، بەڵام پێشنیازەکەی قبوڵ نەکرد. ورەی سەربازیی لاواز بوو، نەیدەتوانی خۆی لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی سوپا بگونجێنێت، بەڵام هەڤاڵێکی ئازا، ڕاستگۆ و جێگەی باوەڕ بوو.
بۆ ئەوەی کە وەڵامی پێشنیازەکەی کاک کەریم بدەمەوە، تفەنگەکەم هەڵگرت و لەگەڵ کاک کەریم ڕوکنی یەکەممان بەجێهێشت. ئەو چووەوە یەکە سەربازییەکەی کە ئاتەشباری دووەمی گوردانی تۆپخانە بوو، ستوان یەکەم ئەحمەدی جاویدفەر "هەژار" فەرماندەیی دەکرد و منیش بەرەو دەرگای سەربازگە چووم. ستوان سێیەم عەبدوڵا ئەفشین ڕاد لەبەر دەرگا وەستابوو و ژندارمەی شەکەت، یەک یەک و دوو دوو خۆیان دەگەیاندە سەربازگە. ئەفشین گوتی:
- (بەو وەزعە نالەبارە بۆ کوێ دەچیت؟)، گوتم:
- بە پەلە دەگەڕێمەوە.
بە شەقامی ڕووبەڕوودا نەڕۆیشتم کە ئالۆزیی تێدابوو، شەقامی دەستی ڕاستم هەڵبژارد کە بەرەو شەقامی هەشت مەتری و گۆڕەپانی فوتبۆڵی شار دەچوو. لە ڕێگەدا تووشی کاک مەجیدی سەفەری بووم کە ئوتۆمبێلێکی پەیکانی فێرگەی شوفێریی "تەعلیم"ی پێبوو. دەستم بۆ بەرز کردەوە، ڕاوەستا. سواربووم و دوای ئەحواڵپرسیی داوام لێکرد

بمگەیەنێتەوەماڵەوە. بە شەقامی جامی جەمدا بردمی و لەبەر درگای ماڵەوە لە کۆڵانی "سەربەرداش"ی دایبەزاندم. چەکەکەم دانا و تەلەفۆنم بۆ ماڵی مامە غەنی کرد، گوتیان چووەتە شارەبانی.

دوای دەرچوونی شا لە ئێران کەسایەتییە چالاکە سیاسییەکانی لایەنگری هێزە سیاسییەکان لە مهاباد و شارەکانی‌تر ژمارەیەک کۆمیتە و شورایان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شارەکەیان پێکهێنابوو. هەرئەو ڕۆژە ۱۳۵۸/۱۱/۲۳ لە مهاباد شورایەک پێکهات کە مەلا شێخ عیزەدینی حوسێنی سەرۆکایەتی دەکرد و مامە غەنی، خوالێخۆشبوو مەلا ڕەحیمی عەباسی، شەهید کەمالی دەباغی، حەمەدەمین عیسازادە، حوسێنی بەخشی، خوالێخۆشبوو حاجی مستەفا کەریمی و ژمارەیەکی‌تر ئەندامی بوون. دواتر ئەو شورایە گۆڕانی بەسەرداهات و خوالێخۆشبوو مەلا ڕەحیمی عەباسی بوو بە سەرۆکی و مامە غەنی، شەهید کەمالی دەباغی، خوالێخۆشبوو حاجی مستەفا کەریمی، سەید محەمەدی نیزامی، شەهید ڕەحمانی عەتاریی، حوسێنی بەخشی، محەمەد ئەمین عیسازادە، ئەبوبەکری وەزیری، حوسێنی ئیبراهیمی، محەمەدی وەتەمیشی، شەهید محەمەد پورڕەشید "گوگە"، سەبریە وەتەمیشی، ماپەرە سانی و چەند کەسێکی‌تر بە نوێنەرایەتی سەندیکاکانی کارگەران و بازاڕ و... تد ئەندامی بوون.

بەهەر حاڵ ماوەی نێوان ماڵی ئێمە لە سەربەرداشیی تا شارەبانی نزیکەی ۱۵۰- ۲۰۰ مەتر دەبوو، بە پەلە خۆم گەیاندێ. ژمارەیەکی زۆر لە دەوری مامە غەنی کۆبووبوونەوە و هەر کەسە و شتێکی دەگوت و شتێکی لێ دەویست. هەرکە مامە منی بینی، خەڵکەکەی بەجێهێشت و بە یەکەوە چووینە هۆدەیەک کە لە لای چەپی دالانی شارەوانی هەڵکەوتبوو و پەنجەرەکانی ڕوویان لە حەوشەی شارەبانی بوو، پرسی:

- (چی بووە، بۆچی لەم کاتە ئەستەمەدا بە بەرگی سەربازییەوە هاتوویت؟)، گوتم:

- ناچار بووم، بۆ ئەوەی کە کات بە فیرۆ نەڕوات، بەرگەکانم نەگۆڕی.

- (مەسەلە چیە؟). سەرەتا بارودۆخی سەربازگە و دابەزینی ورەی ئەندامان و بریندار‌بوونی گروبانێکم بۆ باسکرد و گوتم:

- برادەرێکی باوەڕپێکراوم هەیە، پێشنیازی چەککردنی سەربازگەی بۆ کردووم، منیش داوام لێکردووە کە دوای پرسکردن وەڵامی بدەمەوە. چاوەڕانی وەڵامە، ئەگەر ئێمە لەم هەلومەرجەدا کە ورەی ئەندامانی سوپا زۆر دابەزیوە، لە سەربازگەدا تەقە بکەین! زۆر کەس و بەتایبەتیی زۆربەی کوردەکان پاڵ بە ئێمەوە دەدەن و بێگومان خەڵکی شاریش خۆیان دەگەیەننێ و یارمەتیمان دەدەن. مامە بزەیەکی هات و لە وەڵامدا گوتی:

- (گاڵتەم لەگەڵ دەکەیت؟ کاک حامید ئێمە سەربازگەمان بۆچیە، بە بڕوای من نابێ لە مهاباد کارێکی وا بکرێت کە زیان بە خەڵک بگات. تۆ دەزانی جیاوازیی لەنێوان شارەبانی و سوپادا هەیە و ئەگەر ئەوان دەستبکەنەوە، ئەوا ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بێتاوان دەکوژرێن. نا ئەمن لەگەڵ ئەو پێشنیازەدا نیم!)

ماڵئاواییم لە مامە غەنی کرد و چوومەوە ماڵەوە و تفەنگەکەم هەڵگرت و بەسواری ئوتۆمبێلەکەم گەڕامەوە سەربازگە. سەربازگە هێور ببووەوە، سەربازەکان لە سەنگەردا بوون و خۆیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕووداوی چاوەڕوان نەکراودا ئامادە کردبوو. سەربازە هاوکارەکەم بە شوێن کاک کەریمدا نارد، هات و پێمگوت کە برادەران لەگەڵ پێشنیازی چەککردنی سەربازگەدا نین. بەوجۆرە بیرۆکەی چەککردنی سەربازگەمان بەلاوە نا و کاک کەریم گەڕایەوە یەکە سەربازییەکەی و منیش کاتژمێر ١٥:٠٠ سەربازگەم بەجێهێشت.

ڕۆژی ١٣٥٧/١١/٢٤(١٩٧٩/٢/١٣) سەربازگە لە ئامادەیی تەواودا بوو، سەرتیپ پزشکپوور، سەرهەنگ سەرڕشتە سەرۆکی ئەرکانی تیپ، سەرۆکی زیدیئیتلاعات، سەرۆکی ڕوکنی دووەم، پەرنیانفەر سەرۆکی ساواک کە پێشتر ناوەندەکەی چۆلکردبوو، لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە لە هۆدەی جەنگیی سەربازگەدا کۆببوونەوە. بەگوێرەی

زانیاریی کە لە ئوستوار یەکەمی ڕوکنی دووەم حەسەنی سەلامی پێمگەیشت، بەشدارانی کۆبوونەوەکە ئەو سێ بڕیارانەی خوارەوەیان پەسەند کردبوو:

١- پشتیوانیی لە شۆڕشی ئێران بە سەرۆکایەتی ئایەتوڵا خومەینی و حکومەتی کاتیی موهندیس مەهدی بازرگان.

٢- بۆ کەمکردنەوەی ڕادەی توڕەیی خەڵکی مهاباد سەبارەت بە هێزە چەکدارەکانی حکومەت کە بە چەککردنی شارەبانی و هەنگی ژاندارمەریی کە ژمارەیەکی زۆریان چەک دەستکەوتبوو، خۆپێشاندانێکی ئاشتیی لە ئەندامانی سەربازگە لە شەقامەکانی شاری مهاباد ڕێکبخەن و لە خۆپێشاندانەکەدا دروشمی برایەتی سوپا و میللەت بەرز بکەنەوە.

٣- دوورخستنەوەی چەند ئەفسەر و پلەداری کورد لە تیپی سێی مهاباد کە خەریکی شێواندنی سەربازگەن، بە شێوەی ناڕاستەخۆ و هەست پێنەکراو و ڕەوانە کردنیان بۆ لەشکری چواری ورمێ، تا بەوجۆرە لە ڕادەی مەترسییەکان و هێرشکردن بۆ سەر سەربازگە و ئاژاوەگێڕیی لە مهاباد و ناوچەکەدا کەمبکەنەوە.

کاتژمێر ١٤:٠٠ی ئەو ڕۆژە کاک کەریم پورقوباد هاتە لام و گوتی:

- (ئاگات لەو خۆپێشاندانە هەیە کە بڕیارە ئەمڕۆ بچین لە شار بیکەین؟)

- نا خۆپێشاندانی چی؟

- (کاک ئەحمەد پێیڕاگەیاندم کە دەچین پەیمانی برایەتی لەگەڵ خەڵکی شاری مهاباد نوێ دەکەینەوە.)

مەبەستی کاک کەریم لە کاک ئەحمەد، ستوان یەکەم ئەحمەدی جاویدفەر فەرماندەی یەکەی دووەمی تۆپخانە بوو کە هەر وەک پێشتر گوتم کاک کەریم ئەندامی ئەو یەکە سەربازییە بوو. بە کاک کەریمم گوت:

- هەوڵبدە بەشداریی ئەو خۆپێشاندانە نەکەی و لەگەڵ کاک ئەحمەدیش قسە بکە تا ئەویش نەچێت. هەروەها پێیڕابگەیەنە تاوێک بێتە ئێرە تا منیش قسەی لەگەڵ بکەم. کاک کەریم گەڕایەوە یەکە سەربازییەکەی و زۆری نەخایاند کە لەگەڵ کاک ئەحمەد هاتەوە. بە کاک ئەحمەدم گوت:

- بیستوومە یەکەکەت بۆ خۆپێشاندان ئامادە دەکەیت. بێگومان تۆ لەمن باشتر دەزانی کە ئەوانە چۆن بۆ ڕاگرتن و هێشتنەوەی ڕژێمی شا خەڵکیان کوشتوە. ئەو تاوانبارنە دەیانەوێت پێگەی خۆیان قایم بکەنەوە و لە ڕژێمی نوێدا درێژە بە تاوانەکانیان بدەن! باشترە تۆ زۆر خۆت لەو شتانە نەدەی و گوێ نەگریت لە فەرمانەکانی پزشکپوور و ئەوانیتر. گوتی:

- ( هەموو فەرماندەکانی تۆپخانەیان کۆکردووەتەوە و ناکرێت خۆمیان لێ بدزمەوە!)، لە کۆبوونەوەی فەرماندەکاندا بڕیاریانداوە کە بۆ ئەو خۆپێشاندانە لە یەکەکانی تۆپخانە کەڵکوەربگرن و یەکەکانی پیادە، لە ئامادەییدا ڕادەگرن.

بە هەر حاڵ هەردوو گوردانی ١١٥ و ١٦٧ی پیادەی تیپی سێیان لە حاڵەتی ئامادەییدا ڕاگرت و گوردانی تۆپخانەیان بردە شار و ئێوارەی ئەو ڕۆژە بە دروشمی "ئەرتەش برای میللەتە" بە شەقامەکانی شاردا گێڕایانن، بەبێ ئەوەی کە خەڵک وەڵامیان بداتەوە و پشتیوانییان لێ بکات. بە داخەوە کاک کەریم پورقوباد و کاک ئەحمەدی جاویدفەر بەشداریی ئەو خۆپێشاندانەیان کرد و نەیانتوانی خۆی لێ بدزنەوە.

## دوکتۆر قاسملوو داوای چەککردنی سەربازگە دەکات

کاتژمێر ١٨٠٠، ڕۆژی ١٣٥٧/١١/٢٤ (١٩٧٩/٢/١٣) تازە گەیشتبوومەوە ماڵەوە، مامە غەنی تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: (برادەرێک دێتە لات چاوی پێتبکەوێت.) بە پێویستم نەزانی کە لێی بپرسم کە ئەو برادەرە

کێیە، خۆم بۆ پێشوازییکردنی ئامادەکرد. زۆری نەخایاند لە دەرگایان دا، لە پەنجەرەوە تەماشام کرد، ئوتۆمبێلەکەی مامە غەنی لەبەر دەرگا وەستاوە. چووم دەرگام کردەوە، ئەو کەسەی کە چاوەڕوانی بووم لە ئوتۆمبێل دابەزی. سڵاوم لێکرد و خۆی بە شەریف ناساند و گوتی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبە و منیش شکی ئەوەم نەکرد کە ئەو کەسە دوکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملوو سکرتێری حیزبی دیموکرات بێت. داوام کرد بێتە ژورەوە، کاك شەریف گوتی:

**- ( باشترە تۆش لەگەڵ ئێمە سوار بیت، بچین خولێک لێبدەین و چەند کەلیمەیەکیش پێکەوە بدوێن.)** لەگەڵی سوار بووم، بەرەو جادەی میاندواو چووین و لەژێر پێچەکانی "کەڵکی بەگزادە" گەڕاینەوە. لە ڕێگەدا کاک شەریف گوتی:

**- (پێشنیازێکت بە مامە غەنی کردووە کە ئێمە زۆرمان بە دڵە. ئەگەر ئێمە هێزمان نەبێت و نەتوانین بەرگریی لە خۆمان بکەین، هەرگیز حکومەتی ئێران وەڵامی داواکانمان ناداتەوە. من دەمێکە دوراودور جەنابت دەناسم و لەگەڵ ئەوەشدا کە مامە غەنی باسی ئێوەی بۆ کردووم، دوکتۆر خەسرەوی و کاک عەزیزی ماملێش لەسەر کارلێهاتوویی ئێوە ئاگاداریان کردووەمەوە و ئەوان ڕایان وایە کە تۆ ئەو کارەت پێدەکرێت.)** لە وەڵامدا گوتم:

- کاتێک پێشنیازی چەککردنی سەربازگەی مهابادم بۆ مامە غەنی کرد، سەربازگە ئاژاوەی تێکەوتبوو، بە ڕادەیەک ئاڵۆز و شڵەژاو بوو کە دەستبەسەرداگرتنی کارێکی زۆر دژوار نەبوو، بەڵام ئێستا هەموو شتێک گەڕاوەتەوە دۆخی خۆی. لەدوای چەککردنی شارەبانی و هەنگی ژاندارمەری، سەنگەرەکانی دەوری سەربازگەیان بەهێز کردووە و بە بەردەوامیی سەدان سەرباز لەو سەنگەرانەدا کێشک دەدەن. ورەی دابەزیوی فەرماندەکان، تەنانەت ئەندامانی زیدئیتلاعات و ڕوکنی دووەم دوای بەڵێنەکانی مەهدی بازرگان خەریکە بەرزدەبێتەوە و بەو گۆڕانکارییەی کە لە سەربازگەدا کراوە، دەرفەتی چەککردنی

سەربازگەکە لە دەستچووە، مەگەر شتێکی نوێ ڕوو‌بدات کە پێویستە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین. کاک شەریف گوتی:

- **(وتەکانت زۆر مەنتیقین و من زۆر باش تێگەیشتم، بەڵام ئەگەر ڕازیی ببیت، پێشنیاز دەکەم ئێمە سبەینێ بەیانیی پێش ئەوەی کە بچیتەوە سەربازگە جارێکی‌تریش یەکتر ببینین.)** من پێشنیازەکەم قبوڵکرد و بڕیارماندا کاتژمێر شەشی بەیانیی یەکتر ببینین.

ڕۆژی ١٣٥٧/١١/٢٥ (١٩٧٩/٢/١٤) کاتژمێر شەشی بەیانیی کاک شەریف و لەگەڵ برادەرێک هاتەوە بەردەرگای ماڵمان و دیسان پێکەوە بەرەو جادەی میاندواو چووین. کاک شەریف کە ئیتر من دەمزانی دوکتۆر قاسملووی سکرتێری حیزبە و شەوی پێشوو ناوەکەیم پرسیبوو، دەربارەی ژمارەی ئەندامانی سەربازگە و شوێنە گرنگەکان پرسیاری لێکردم. کرۆکییەکی سەربازگەم لەسەر لاپەڕەیەکی بچوک بۆ کێشا و ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی تیپی سێ، نەخۆشخانە، عەمبارەکانی چەک و تەقەمەنی، ئاشپەزخانە، زیندان، پاسدارخانە، پومپی بەنزین و... تد، هەموویم بۆ دەستنیشان کرد. داوای نەخشەی چاپیی سەربازخانەی لێکردم، بەڵێنم پێدا بۆی پەیدا بکەم.

خەریکی گەڕانەوە بووین کە دەنگی چەند گوللەیەکم بیست. داوام لە شۆفیری ئوتۆمبێلەکە کرد بوەستێت تا بزانین ئەو تەقانە لە ئێمە دەکرێن یان نا. ئوتۆمبێلەکەی ڕاگرت و دەستبەجێ حەمەدەمینی مێهرەبانی بە جیپێک گەیشتە سەرمان و هەر کە ئێمەی بینی، داوای لێبوردنی لێکردین و گوتی:

- **(ئێمە ژمارەیەکین لە گروپی زەربەتدا کە پارێزگاریی لە جادە دەکەین، بە گەڕانەوەی ئوتۆمبێلەکەتان شکمان کرد، باشبوو ڕاتانگرت. فەرموون بڕۆن و دووبارە داوای لێبوردنتان لێدەکەم.)** گروپی زەربەت ڕێکخراوێکی چەکداریی بوو کە دوای چەککردنی شارەبانی و هەنگی ژاندارمەری لە لایەن عەبدوڵای مەنگوڕیی و حەمەدەمینی

مێهرەبانییەوە پێکهاتبوو. بە هەر حاڵ حەمەدەمین گەڕایەوە و ئێمەش بەرەو شار هاتینەوە. دوکتۆر قاسملوو گوتی:

**- (پێمخۆشە جارێکیتریش یەکتر ببینینەوە، ئەگەر ڕازیی ببیت! داوا لە مامە غەنی دەکەم، ئاگادارت بکاتەوە.)** گەیشتینەوە بەردەرگای ماڵمان، ئەوان ڕۆیشتن و منیش چووم بەرگە سەربازییەکانم پۆشی و بۆ ئەوەی کە لەکاتی خۆیدا لە سەربازگە ئامادەبم بە سواری ئوتۆمبێلەکەی خۆم ڕۆیشتم.

هەرچەندە سەربازگە لەناو خۆیدا ئاسایی بەرچاو دەکەوت، بەڵام هەڵوەشانی بەرنامەکانی کاری ڕۆژانە، وەڵام نەدانەوەی ژێردەستان بە فەرماندەکانیان و لەناوچوونی دیسیپلینی سەربازیی لە لایەک و پڕچەکبوونی لاوانی مهاباد و گەڕان و خولانەوەیان بە شەقام و کۆڵانەکانی شاردا ئاسایی نەبوو. هەموو ئەوانەی باسیان لە هەڵوەشانی حکومەت و تیپی سێی مهاباد دەکرد، بەتایبەتیی فەرماندەکان، بەو قەناعەتە گەیشتبوون کە خەڵکی مهاباد لەدوای چەککردنی شارەبانی، کەلانتەری، هەنگی ژاندارمەری و یەکانی ژاندارمەریی، ڕەنگە هەوڵی چەککردنی سەربازگەش بدەن. لەبەرئەوە بەگوێرەی بڕیاری کۆبوونەوی ڕۆژی ١٩٧٩/٢/١٣، نیگەرانییەکانی خۆیان بە سەرکردایەتی سوپا و لەشکری چواری ورمێ و مەهدی بازرگان سەرۆک وەزیرانی کاتیی گەیاندبوو. لەگەڵ فەرماندەی لەشکری ورمێ ڕێککەوتبوون کە بۆ بەرگرییکردن لە چەککردنی سەربازگەی مهاباد، ژمارەیەک ئەفسەر و پلەداری کورد لە مهاباد دووربخەنەوە، کە ئەوە ئازارێکی زۆری بە خەباتکارانی سەربازگەی مهاباد دەگەیاند کە لە ڕژێمی نوێیشدا، فەرماندەکانی پێشو دەسەڵاتدار بوون.

هەر وەک گوتم دوای کۆبوونەوەی پزشکپوور و سەرۆکی ساواک و سەرۆکی ئەرکانی تیپ، ئەو هەوڵانە درابوو، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا دەنگ هەبوو کە ژمارەیەک هەوڵی چەککردنی سەربازگە دەدەن. تەنانەت مەهدی بازرگان پەیامێکی ڕادیۆیی بۆ سەربازانی سەربازگەی

مهاباد نارد و داوای لێکردن کە هێمنیی بپارێزن و چاودێریی بەسەر سەربازگەکەدا بکەن کە موڵکی ئیسلام و شۆڕشی گەلانی ئێرانە.

بە هەر حاڵ کە گەیشتمەوە سەربازگە و چوومە ڕوکنی یەکەم، نامەکانم کردەوە و بە پلەداری بەرپرسی ئەرشیڤی ڕوکنی یەکەمم گوت بیانخاتە سەر دۆسییەکانیان و منیش چوومە هۆدەی ڕوکنی سێیەم کە ئوستوار یەکەم "حوسێن مەزلومی" یەکێک بوو لە کارگێڕانی. ئێمە هەموو جارێک کە پێویستمان بە بینینی نەخشە و کرۆکی سەربازگە دەبوو، دەچووین لە ڕوکنی سێیەم دەمانبینی یان بۆ ماوەیەکی کورت قەرزمان دەکرد. مەزلومی لە شوێنی کارەکەی نەبوو، بۆیە لەو هەلە کەڵکم وەرگرت و کرۆکی سەربازگەم هەڵگرت و هێنامە ڕوکنی یەکەم و خستمە ناو سندوقی ئاسنی ڕوکنەوە، تا دوای تەواوبوونی کاری ڕۆژانە بیخەمە ژێر پاڵتۆکەم و بۆ دوکتۆر قاسملووی ببەم.

کاتژمێر ١٦:٠٠ خۆم کۆکردەوە و دەرگای سندوقی ئاسنی ڕوکنی یەکەمم بە ژمارەی نهێنی کردەوە، کەچی کرۆکییەکەی تێدا نەمابوو. بە بینینی ئەو دیمەنە هەموو مووی لەشم ڕاست بووەوە و تێگەیشتم کە بە هەڵگرتنی کرۆکییەکەیان زانیوە و خستوومیانەتە ژێرچاودێرییەوە. بە ئارامیی دەرگای سندوقەکەم داخست و بەبێ دواکەوتن هۆدەکەم بەجێهێشت و خۆم گەیاندە ئوتۆمبێلەکەم. سواربووم و بەرەو ماڵەوە کەوتمە ڕێ. ئێوارەی ئەو ڕۆژە سەرەتا مەسەلەکەم بە خێزانم و دواتریش بە مامە غەنی ڕاگەیاند.

## فەرمانی دورخستنەوەی ئەندامانی دژ بە ڕژێمی پەهلەوی لە مهاباد پوچەڵ دەبێتەوەی

ڕۆژی ١٣٥٧/١١/٢٦ (١٩٧٩/٢/١٥) کاتژمێر ٠٩:٣٥ سەرهەنگ سەرڕشتە سەرۆکی ئەرکانی تیپی سێ داوای کرد بچمە لای، چووم، گوتی: (لە

سەرکردایەتی لەشکرەوە داوایان کردووی، پێویستە ئەمڕۆ بچیت بزانیت بۆچی داوایان کردوویت.)
بە دزینەوەی کرۆکی سەربازگە لە سندوقی ئاسنی ڕوکنی یەکەم و بڕیاری ڕۆژی ۱۹۷۹/۲/۱۳ی فەرماندەکان و سەرۆکی ساواکی مهاباد، چاوەڕانیی فەرمانێکی لەم جۆرەم دەکرد. لەبەرئەوە زۆر بە توڕەیی لە بەرامبەر سەرهەنگ سەرڕشتەدا وەستام و گوتم:
- لەشکر منی بۆچییە؟ بۆ ناڵێیت ئێمە لەگەڵ سەرگورد پەرنیانفەری سەرۆکی ساواک بڕیارمانداوە بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی خۆمان لە سوپادا ئەفسەر و درەجەدارە کوردەکان لە مهاباد دەربکەین. تا دوێنێ کە شا لەسەر حوکم بوو، دەسەڵاتی دوورخستنەوە و زیندانیی کردنی نیشتمانپەروەرانتان هەبوو، زۆر بە شادمانییەوە فەرمانەکانی "خودایەگان شاهەنشاه ئاریامهر"تان بە سنگماندا دەدا و بە ویستی خۆتان ڕەفتارتان لەگەڵ دەکردین! هێشتا زۆر تێنەپەڕیوە، تازە شا دەرکراوە، چۆن ئاوا زوو بەرگتان گۆڕی و ئەم جارە دەتانەوێ بە بەرگی شۆڕشگێڕانەوە درێژە بە تاوانەکانتان بدەن! من جارێک بە فەرمانی زیدیئیتلاعات پێنج ساڵ تەبعید و سێ مانگ زیندانیی کراوم و ئیتر نامەوێت جارێکیتر ئەو ناحەقییانە ببینمەوە. لەبەرئەوە پێتڕادەگەیەنم کە ناچم و ئەگەر تۆ دەتوانیت فەرمانبدە لە لولەی تۆپی یەکێک لەو تانکانەم ببەستن کە بۆ پارێزگارییکردن لە دەوڵەتی شاهەنشاهی و بۆ کوشتنی خەڵکی بێتاوانی مهاباد هێناوتانن، تەنافی تۆپەکە بکێشن، تا هەرچەندە گوللەکەی دەڕوا منیش لەگەڵ خۆی ببات!
سەرڕشتە کە تا ئەو کاتە قسەی بەو جۆرە توندی لە ژێردەستانی نەبیستبوو، بە تەواویی واقی وڕما! لەو ترسە کە نەک مەسەلەکە گەورە ببێتەوە و کێشەی بۆ دروست ببێت، هەوڵی هێور کردنەوەی منی دا و بە ئارامیی گوتی:
- (زۆر باشە، ئاغای گەوهەری بۆچی ناڕەحەت بوویت؟ پێویست ناکات بچیت، من خۆم وەڵامی لەشکر دەدەمەوە.)

بەبێ بەجێهێنانی ئیحترامی سەربازیی، ژوورەکەی سەرپەرشتەم بەجێهێشت و گەڕامەوە ژوورەکەی خۆم. هاوکارانم پرسییان چی بووە؟ بۆچی ڕەنگت گۆڕاوە؟ گوتم: زیدیئیتلاعاتییەکان، ڕوکنی دووەمییەکان، ساواکییەکان، سەڵتەنەتخوازەکان یەکیانگرتووە و دەیانەوێ وەک ڕابوردوو درێژە بە تاوانەکانیان بدەن لە تیپی سێی مهاباددا.

کاتژمێر ١٤:٠٠ کاک کەریم پورقوباد هاتە لام و گوتی: (لە یەکانەکەمەوە پێیان ڕاگەیاندووم کە بچم خۆم بە سەرکردایەتی لەشکری ڕەزائیە بناسێنم)، گوتم: وەڵامیان مەدەوە. ئەوانە دەسەڵاتی دەرکردنی ئەفسەر و پلەداریان نەماوە. مەچۆ! هەندێک دوای کاک کەریم، ستوان سێیەم عەبدوڵا ئەفشین ڕاد هاتە لام و گوتی:

- (سبەینێ دەچمە ورمێ کارت نیە؟)، گوتم:

- بۆچی دەچیت؟ گوتی:

- (لەگەڵ پێنج پلەدار دەچم کە بە سەرهەنگ سادقی سەرۆکی ئەرکانی لەشکریان بناسێنم.) بە پێکەنینەوە گوتم:

بۆچی مەگەر خۆیان شارەزای ڕێگاکە نین؟ چوونی ئەوان بۆ ورمێ! تۆی بۆچییە؟ گوتی:

- (نازانم، بۆ خۆشم بیرم لەوە نەکردووەتەوە.)

ناوی پلەدارەکانم پرسی: هەر پێنجیان دۆست و هاوڕێی من بوون. داوای نامەی ناساندنی ئەو پێنج کەسەم لێکرد، نامەکەی دەرهێنا، داخراو بوو. داوام لێکرد سەری زەرفی نامەکە بکاتەوە، ڕازیی نەبوو. باسی دوورخستنەوەی خۆم و کاک کەریم پورقوبادم بۆ کرد و پێمگوت کە ئەوانە دەسەڵاتی دوورخستنەوەی ئەفسەر و پلەداریان نەماوە و ناتوانن بۆ خۆشیرین کردن و قایم کردنەوەی جێی خۆیان لە سوپادا کوردی بێتاوان لە مهاباد دووربخەنەوە. نامەکەمان کردەوە، بۆ فەرماندەی لەشکری چواری ورمێ نووسرابوو:

- (... بۆ ئەوەی کە ڕیشەی ئاژاوەگێڕیی لە سەربازگەی مهاباد ببڕین، ئەوە ستوان سێیەم عەبدوڵا ئەفشین ڕاد، ئوستوار دووەم نوری

ئەحمەدنژاد، گروبان یەکەم یونس بانیان، گروبان یەکەم کەریم پوورقوباد و ... مان ناردە لاتان. تکایە ئەوانە لای خۆتان ڕاگرن و لە ناردنەوەیان بۆ مهاباد خۆبپارێزن. سەرهەنگ سەرڕشتە لەجیاتی سەرتیپ پزشکپوور نامەکەی ئیمزا کردبوو بە ژمارە و مێژووی (١٣٥٧/١١/٢٦).

ئەفشین بە بینینی ئەو نامەیە بە تەواویی واقی وڕما و گوتی:

**- (کوڕە ئەو سەگبابە بە منی گوت، بچم ئەوانە تەحویل بدەم، کەچی لە نامەکەدا منیشیان لەگەڵ خستووە!)**

- باشبوو نامەکەمان کردەوە، سبەینێ تەلەفۆن بۆ سەرڕشتە بکە و پێی بڵێ من ئەو پلەدارانە نادۆزمەوە و بەوانیش بڵێ وەڵامیان نەدەنەوە و ئەگەر دەترسن، با بۆ چەند ڕۆژێک خۆیان بدزنەوە تا وەزعەکە ئارام دەبێتەوە و من خۆشم قسەیان لەگەڵ دەکەم. ئەفشین گوتی:

**- (بە قسەت دەکەم، بەڵام دۆخەکە چۆن دەگۆڕدرێت؟)**

- نازانم، بەڵام جگە لە سەربازگەی مهاباد، لە هەموو سەربازگەکانی ئێراندا، ئەندامانی زیدیئیتلاعات، ڕوکنی دووەم، سەڵتەنەتخوازەکان پاکسازیی کراون و بێگومان لێرەش ئەو کارە دەکەن. لەبەرئەوە پێویست ناکات ئێمە بترسین و زۆریش وەڵامی ئەوانە بدەینەوە و فەرمانەکانیان جێبەجێ بکەین.

هەر ئەو ڕۆژە بیستم کاک کەریم و ئەفشین و نوری ئەحمەد نژاد و یونس بانیان چوونەتە لای مامۆستا شێخ عیزەدین سەرۆکی شورای شاری مهاباد و مەسەلەکەیان پێڕاگەیاندووە و ئەویش پێیگوتوون لە مهاباد بمێننەوە و وەڵامی فەرماندەکانیان نەدەنەوە.

بە هەر حاڵ ڕۆژی ١٣٥٧/١١/٢٦ (١٩٧٩/٢/١٥) کاتژمێر ١٧:٠٠ سەربازگەم بەجێهێشت و گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. ئێوارەی ئەو ڕۆژە لەگەڵ ڕەحیمی پاکسرشت، حەسەنی بلوریان، ئیبراهیم فەرشی و مەحمودی پیرمەندی لە دەرەوەی شاری مهاباد بووین. چەند بیرەیەکمان خواردەوە

و لە گەڕانەوەدا لە دالْغەدا بووم و بیرم لە خۆم و کاک کەریم پورقوباد و قسەکانم و هەڵوێستی سەرهەنگ سەرڕشتە و چەککردنی سەربازگەی مهاباد دەکردەوە کە مەحمود گوتی:

**- (حامید زۆر بێ کەیف دەتبینم! نازانم چیبووە! بەڵام پێشنیاز دەکەم کە ئەگەر شتێک لە خۆتدا شک دەبەی، بۆ ماوەیەک لە مهاباد دووربکەوە و بچۆ بۆ شارێکیتر تا هەلومەرجەکە ئارام دەبێتەوە)**، گوتم:

- شتێکی گرنگ ڕووینەداوە، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە چەند ڕۆژێکە خەوم لێناکەوێت و هەندێک ماندووم، بەڵام جێگەی مەترسی نیە، تۆ من دەناسی و ئێمە ماوەیەکی زۆرە هاوڕێی یەکترین، ئایا کردەوەیەکی خراپت لە من بینیوە؟ مەسەلەکە بە قاقای پێکەنینی هاوڕێیان کۆتاییهات.

**پلانی حیزبی دیموکرات بۆ چەککردنی سەربازگە و هەڵوەشانەوەی**

کاتژمێر ٢٠:٠٠ ی ڕۆژی ١٣٥٧/١١/٢٦ (١٩٧٩/٢/١٥) مامە غەنی تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: (ئەو برادەرە دەیەوێ بێت بۆ لات، ڕەنگە ئێستا کاتەکەی شیاو نەبێت، بەڵام بەیانیی زوو وەک جاران)، گوتم ئێستا باشترە.

کاتژمێر ٢٠:٣٠ دوکتۆر قاسملوو هات. کەش زۆر سارد بوو، خۆم پۆشی و لەگەڵی سواری ئوتۆمبێل بووم. قاسملوو پرسیاری وەزعی سەربازگەی لێکردم و منیش باسی ڕووداوەکانم بۆ کرد. گوتی:

**- (ئەمڕۆ چاوم بە کاک ئەحمەدی جاویدفەر کەوتووە، وا دیارە ئێوە زۆر لێک نزیکن!)**، گوتم:

- دۆستایەتیمان هەیە، بەڵام لە بواری سیاسییەوە پتر بەهۆی کاک کەریم پورقوبادەوە پەیوەندیی لەگەڵ دەکەم، چونکە ئەوان هەردووکیان لە یەکەیەکدان. دوکتۆر قاسملوو گوتی:

**- (لەسەر ئەو کرۆکییەی کە بۆ منت کێشاوە، پلانێکمان داڕشتووە بۆ چەککردنی سەربازگە. ئەمڕۆ لەگەڵ کاک ئەحمەد باسی ئەو پلانەم کرد. پێشنیازی ئێمە بەم جۆرەیە، ئەگەر بکرێت ئێوە هاوکات لەگەڵ یەکتر کارێکی هاوبەش بکەن و بەو کارەتان ڕەنگە بتوانین سەربازگە بخەینە دەست خۆمان. پلانەکە بەم جۆرەیە: جاویدفەر عەمبارەکانی چەک و تەقەمەنی "زاغە مهمات" سەربازگە ئاگر بدات و تۆش پومپی بەنزین. ئێمە بە ١٥٠ پێشمەرگەوە هێرش دەکەینە سەر سەربازگە و دەستی بەسەردادەگرین.)** من پێشنیازی برادەرانی حیزبی دیموکراتم لا پەسەند نەبوو، لەبەرئەوە گوتم:

- ئەوە کارێکی دژوارە چونکە ڕوون نیە کە ئایا ئێمە دەرەتانی ئەوەمان دەبێت کە هاوکات پلانەکەمان جێبەجێ بکەین یان نا؟ تەنانەت ئەگەر ئەو دەرەتانەشمان هەبێت، ئەوان بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکان لە یەکەی ئامادە و یەکەی خەدەمات کەڵکوەردەگرن و

کێشکچییەکانی دەوری سەربازگە کۆناکەنەوە. هەروەها پێمخۆشە بزانیت کە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابوردوودا سەنگەرەکانی دەوری سەربازگە بە بەردەوامیی سەربازیان تێدایە و ئەو هەژدە تانکەش کە پێشتر لە شاپوورەوە هێنراون، ئامادەن و ڕووی دۆشکە و تۆپ و چەکە قورسەکانیشیان لە شار کردووە. دوکتۆر قاسملوو داوای لێکردم هەندێک پتر لەسەر ئەو پلانە کار بکەم. شەو تا بەیانی نەنوستم و بیرم لە پلانەکەی حیزب کردەوە، بەڵام بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتم. ڕۆژی دوایی کاتژمێر ۱۷:۰۰ چوومە لای مامە غەنی، لێیپرسیم کارەکان چۆن دەچنە پێشەوە، گوتم:

- کاک شەریف نەخشەیەکی خراپی بۆ مهاباد کێشاوە. دەیەوێ من و جاویدفەر عەمبارەکانی چەک و تەقەمەنی "زاغە" و پومپی بەنزینی سەربازگە بسوتێنین و ئەویش بە ۱۵۰ پێشمەرگە هێرش بکاتە سەر سەربازگە. نازانێ ئەو ۱۵۰ پێشمەرگەیە لە دەستپێکدا دەکوژرێن و شاری مهابادیش وێران دەبێت. مامە گوتی:

**- (ئەوە بڕیارێکی ۱۰۰% نیە، پێشنیازێکە پێمان گەیشتووە و بەو واتەیە نیە کە جێبەجێی بکەین. هەروەها ڕەنگە تا ئێستا بۆخۆت شکت کردبێت کە کاک شەریف هەمان دوکتۆر قاسملوو سکرتێری حیزبە.)**

کاتژمێر ۲۰:۰۰ لەگەڵ دوو برادەرم بۆ بینینی کاک حەمەدەمینی سیراجی چووینە ماڵی خوالێخۆشبوو کاک محیەدینی ماوەڕانی. کاک حەمەدەمین لەوکاتەدا کە هێشتا حیزب خۆی ئاشکرا نەکردبوو، بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دیموکرات لە سەقز بوو. دوو ڕۆژ پێش بە بەشداریی کردن لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی مهاباد، خۆی ئاشکرا کردبوو. ژمارەیەکی زۆر بۆ بینینی سەردانی ماڵی کاک محیەدینیان کرد. لە لای خەڵکەکە کاک حەمەدەمین باسی سەربازگەی مهابادی لەگەڵ نەکردم، بەڵام کاتێک دەمویست ماڵەکە بەجێبهێڵم، پرسی: **(چیتان لەگەڵ سەربازگە کرد؟)**، گوتم: خەریکین، با بزانین هەوڵەکانمان بە کوێ دەگات.

## پێکهاتەی سەربازگەی مهاباد

ئەو یەکە سەربازییانەی کە لە مهاباد جێگیر کرابوون و ستروکتوری تیپی سێی پیادەی سەربازگەی مهابادیان پێکدەهێنا، بریتی بوون لە: تیپێکی پیادە، یەکەیەکی تانک کە لە تیپی شاپورەوە هاتبوو بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەرینەکانی خەڵکی شاری مهاباد بە دژی ڕژێمی شا، یەکەیەکی تەعمیرات، یەکەیەکی تەندروستی و یەکەیەکی خەدەمات. تیپی سێی مهاباد دوو گوردانی پیادەی هەبوو بە بەناوەکانی گوردانی ١١٥ و گوردانی ١٦٧ ی پیادە، لەگەڵ یەکەیەکی قەرارگا. ئەندامانی سەرکردایەتی تیپ، جگە لە فەماندەی تیپ و جێگرەکەی و سەرۆکی ئەرکانی ١ و ٢ و ٣ و ٤ و ئەندامانی ڕۆکنی دووەم، ئەندامی ئەو یەکە سەربازییە بوون. ستروکتوری ئەو یەکە سەربازییانە بەم جۆرە بوو:

هەرکام لە گوردانەکانی ١١٥ و ١٦٧ی پیادە لە سێ یەکەی پیادە و یەکەیەکی ئەرکان پێکهاتبوون، کە ئەوانیش سێ دەستەی پیادە و دەستەیەکی ئەدەواتیان هەبوو. ژمارەی ئەندامانی ئەو یەکە سەربازییانە بە تێکڕا ٨٠٨ ئەفسەر و پلەدار و سەرباز بوو. هەر گوردانەی (٨) دانە موشکی تاو، (٤) دانە خۆمپارەی ١٢٠ میلیم، (١٢) دانە خۆمپارەی ٨١ میلیم، (٣٦) دانە خۆمپارەی ٦٠ میلیم، (١٥) دانە دۆشکەی کالیبر ٥٠ میلیم و (٨) دانە تفەنگی ١٠٦ میلیم هەبوو، کە لەسەر جیپ دەبەسترانەوە، جگە لە تفەنگی ژ٣ و دەمانچەی کۆلتی ئەمریکی و دمانچەی تۆپگەر بۆ سەرباز و فەرماندەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر ئوتۆمبێلی جیپ و بارهەڵگریان هەبوو، کە بۆ گواستنەوەی ئەندامان و کەرەسە لە کاتی پێویستدا کەڵکیان لێوەردەگرت.

یەکانی قەرارگا ١٢٠ ئەفسەر، پلەدار و سەربازی هەبوو، لەگەڵ سێ دۆشکە و سێ تفەنگی ١٠٦ میلیم و تفەنگی ژ٣ و دەمانچەی کۆلتی ئەمریکی و دەمانچەی تۆپگەر بۆ ئەندامانی. ئەرکی ئەو یەکە

سەربازییە دابینکردنی ئەندام بوو بۆ ئەرکانی تیپ و پارێزگاریی کردن لە نووسینگەی تیپ بوو.

گوردانی تۆپخانەی سەحرایی ٤٢٠ ئەفسەر و پلەدار و سەربازی هەبوو. لە یەکەیەکی ئەرکان و سێ ئاتەشبار پێکهاتبوو. هەرکام لە ئاتەشبارەکان (٤) تۆپی ١٥٥ میلیم و چوار دۆشکەی ٥٠ میلیمان هەبوو، لەگەڵ تفەنگی ژ٣ و دەمانچەی کۆڵتی ئەمریکی و ژمارەیەکی زۆر ئوتۆمبێلی بارهەڵگر و جیپ. لە کاتی شەڕدا یەکانی پشتیوانی گوردانەکانی ١١٥ و ١٦٧ ی پیادە بوو.

جگە لە یەکەکانی تیپ، سەربازگەی مهاباد بۆخۆی یەکەیەکی خەدەمات، یەکەیەکی تەعمیرات و یەکەیەکی تەندروستی هەبوو. هەرکام لەوانە لە بوارێکدا ئەرکی ڕاگرتنی سەربازگە و ئەندامانیان لە ئەستۆ بوو. یەکانی خەدەمات ئەرکی خزمەتگوزاریی گشتیی سەربازگەی لە ئەستۆ بوو، یەکانی تەندروستیی نەخۆشخانەی سەربازگەی سەرپەرەشتی دەکرد و یەکانی تەعمیرات، ئەرکی چاککردنەوەی ئەو ئوتومبێلانەی سەربازگەی لە ئەستۆ بوو، کە پێویستیان بە پسپۆڕ باڵا هەبوو. ئەوانە چەکی قورسی وەک تۆپ و خۆمپارەیان نەبوو، چەکی ئەو یەکانانە چەکی سوک بوو. یەکانی خەدەمات ٢٣٠ ئەفسەر و پلەدار و سەرباز، یەکەیەکی تەعمیرات ١٥٢ ئەفسەر و پلەدار و سەرباز و یەکەیەکی تەندروستی ٥٢ دوکتۆر، پرستار و سەربازی هەبوو.

سەربازگەی مهاباد هەروەها بەشێکی هەواڵگریی هەبوو، کە ناوی زیدیئیتلاعاتی ٢١ ز بوو. ئەو بەشە بە ڕواڵەت ئەفسەرێک و سێ پلەداری هەبوو، بەڵام ڕێکخراوێکی پان و بەرینی نهێنی لە ئەفسەر و پلەدار و سەربازەکانی سەربازگە پێکهێنابوو. ئەرکی پاراستن و کۆکردنەوەی زانیاریی بوو لەسەر ئەندامانی سەربازگە. لەگەڵ ڕوکنی دووەم و دەزگای هەواڵگریی "ساواک" و ئیتلاعاتی شارەبانی و ژاندارمەریی هاوکاریی دەکرد و بەشێوەی ڕاستەوخۆ سەربە

زیدیئیتلاعاتی لەشکری چواری ورمێ بوو. بەشێکی هەبوو کە ناوی ڕۆکنی پێنجەم بوو، ئەرکی ئەو بەشە کۆکردنەوەی زانیاریی بوو لە دەرەوەی سنورە دەستکردەکان.

لە سەردەمی خۆپێشاندانەکانی بەرلە ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی، لەشکری چواری ورمێ، یەکەیەکی تانکی بە (١٨) تانکەوە لە تیپی شاپورەوە ناردە مهاباد کە هەروەک گوتم پارێزگاریی لە ڕژێمی شا بکات، کەچی بە چەککردنی سەربازگەی مهاباد ئەو تانکانە و هەموو ئەو چەک و کەرەسە و کەلوپەلانەی سەربازگە کەوتنە دەست خەڵک و حیزبی دیموکرات. بەشێکیان تالان کران و بۆ قازانجی شەخسی فرۆشتران.

## پێکهاتنی هەلومەرج بۆ چەککردنی سەربازگەی مهاباد

کاتژمێر هەشتی بەیانیی ڕۆژی ١٣٥٧/١١/٢٨ (١٩٧٩/٢/١٧) سەرتیپ پزشکپوور و فەرماندەکانی باڵای سەربازگە لە ژوری پزشکپور کۆبوونەوە. کاتژمێر ٠٩:١٠ پزشکپور سواری ئوتۆمبێل بوو و سەربازگەی بەجێهێشت. دوای ڕۆیشتنی فەرماندەکان چوونە لای سەرهەنگ سەررشتە و ماوەیەک لای ئەو مانەوە.

کاتژمێر ١٣:٠٠ جموجوڵ کەوتە سەربازگەوە. ژمارەیەک خەریکی خاوێنکردنەوەی سەربازگە بوون. دوای نزیکەی مانگێک ڕەنگە ئەوە یەکەم جار بوو کە بەو شێوەیە سەربازەکانیان بۆ خاوێنکردنەوەی سەربازگە بە جادە و ڕێگەکاندا بڵاوکردبووەوە. لەو هەلومەرجەدا ئەوکارە هەندێک نائاسایی بەرچاو دەکەوت!

کاتژمێر ١٥:٠٠ چوومە ژوری تەلەفۆنخانەی سەربازگە کە لە لای چەپی ژورەکەی من هەڵکەوتبوو. لە تەلەفۆنچییەکەم پرسی:

- دەڵێی میوانی تازەمان بۆ دێت؟

**- ( وا بزانم لە پیرانشارەوە چەند کەسێک دێن و پزشکپوور بەپیریانەوە چووە.)**

بۆ ئەوەی کە هەواڵی زیاترم دەستبکەوێت، لە تەلەفۆنخانەوە چوومە ژوری ڕوکنی دووەم. کاک حەسەن سەلامی نامەیەکی لەبەردەم بوو کە منی بینی نامەکەی هەڵگێڕایەوە بۆ ئەوەی کە نووسراوەکەی نەبینم. گوتم:

- خەریکی چی، دەڵێی کارێکی تازەتان بەدەستەوەیە، کێ دێت؟

**- (ئەگەر نەمرم ڕۆژێک دەبینم چۆن سەری خۆت بە فەتەرات دەدەیت!)**، لێمکردە گاڵتە و گوتم:

- چیت لەوە داوە، پێم بڵێ بزانم کێ دێت؟

**- (سبەینێ بۆ خۆت دەزانی و من هیچت پێ ناڵێم.)**

ئەو ڕۆژە هیچ زانیارییەکم دەستنەکەوت، وەک ڕۆژانی پێشوو کاتژمێر ١٦:٠٠ سەربازگەم بەجێهێشت. شەو زۆر هەوڵمدا مامە غەنیم دەستبکەوێت، بەڵام بێسود بوو. ڕۆژی ١٣٥٧/١١/٢٩ (١٩٧٩/٢/١٨) سەربازگە وەک ڕۆژانی سەردەمی شا خاوێن و بە ڕواڵەت ڕێکوپێک بوو، بەڵام لەناو خۆیدا دەهەژا و چاوەڕوانی ئەوە بوون کە سەربازگەی مهابادیش وەک سەربازگەکانی‌تری ئێران لە ئەندامانی زیدیئیتلاعات، ڕوکنی دوو و سەڵتەنەتخوازەکان پاک بکرێتەوە.

لە ڕۆژی ١٩٧٩/١/١٦وە کە شا ئێرانی بەجێهێشت، بە سەدان سەرباز و ئەفسەر و پلەداری وەزیفە لە سەربازگە ڕایانکردبوو. لەدوای چەککردنی شارەبانی و هەنگی ژاندارمەریی کە دەنگۆی هێرشکردن بۆ سەر سەربازگە بڵاوببووەوە، ژمارەی ڕاکردووان بەوپەڕی خۆی گەیشت، چونکە وەک سەردەمی شا ئاماری ڕۆژانە نەدەنووسرا، ژمارەی دروستی ڕاکردوانی سەربازگەی مهاباد ڕوون نەبوو.

پزشکپوور ڕۆژی ١٣٥٧/١١/٢٩ لە سەربازگە ئامادە نەبوو. کاک کەریم پورقوباد و ئەو چەند پلەدارەی کە دوو ڕۆژ بوو لەترسی دوورخستنەوە، لە سەربازگە دوورکەوتبوونەوە، گەڕانەوە سەر کارەکانیان. ڕوکنی یەکەم و ڕوکنی چوارەم تەنیا ئۆرگانی بەڕێوەبەرایەتی سەربازگە بوون کە بەردەوام بوون لە کاری ڕۆژانەیاندا. ڕوکنی یەکەم ئەرکی خزمەتگوزاریی گشتیی و ڕوکنی چوارەم ئەرکی تەداروکاتی سەربازگەی بەڕێوە دەبرد و ئەندامانی ئەو دوو ئۆرگانە ناچار بوون درێژە بە کارەکانیان بدەن.

کاتژمێر ١٧:٣٠ مامە غەنی پێیڕاگەیاندم کە ئایەتوڵا نوری، داریوشی فروهەر، دوکتۆر ئیسماعیلی ئەردەڵان و دوکتۆر محەمەدی موکری لەلایەن حکومەتی کاتیی مەهدی بازرگانەوە هاتوون بۆ مهاباد. داریوشی فروهەر ئاوەڵزاوای ئێحسانوڵای پزشکپوور فەرماندەی سەربازگەی مهاباد و سەرۆکی حیزبی میللەتی ئێران و وەزیری کاری حکومەتی کاتیی بازرگان بوو.

ئەو لیژنەیە لەسەر داوای پزشکپوور و بۆ هێورکردنەوەی شاری مهاباد و پێڕاگەیشتن بە داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان هاتبوون تا پەیوەندیی بە ڕۆشنبیران و کەسایەتییەکانی مهابادەوە بکەن. خواستەکانیان بەجێبگەیەنن و لاوەکان هێوربکەنەوە و نەهێڵن بەو چەکانەی کە لەناو خەڵکدا بڵاوبووەتەوە گێروگرفت دروستببێت.

ئەندامانی لیژنەی حکومەت ڕۆژی ۱۳۵۷/۱۱/۲۸(۱۹۷۹/۲/۱۷) لە تارانەوە بە فڕۆکەیەکی تایبەتی هاتبوونە ورمێ و لەوێوە چووبوونە پیرانشار. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی ۱۳۵۷/۱۲/۳ دا ئامازەی بە هاتنی ئەو گروپە بۆ پیرانشار و مافی گەلی کورد کرد و نووسی:

- (ئەندامانی لیژنەی حکوومەتی شۆڕشگێڕ کە لە بەڕێزان داریوش فروهەر، دوکتۆر ئەردەڵان، دوکتۆر یونسی و ئایەتوڵا نوری پێکهاتووە دوێنێ کاتژمێر ۱٦:۰۰ بە فرۆکەیەکی تایبەت گەیشتنە پیرانشار و لە لایەن خەڵکی سنوورنشینی پیرانشارەوە پێشوازییەکی بێهەوتایان لێکرا. ژن و پیاوانی ناوچەی پیرانشار بە دروشمی: سڵاو بۆ خومەینی و سڵاو بۆ شەهیدانی کوردستانی ئێران تا مزگەوتی "ساحەبی زەمان" پێشوازییان لە ئەندامانی لیژنەی حکومەت کرد. هەزاران کەس لە خەڵکی پیرانشار لەو مزگەوتە کۆبوونەوە و بە دەنگی بەرز دروشمیان دەدا کە : گەلی کورد جیاوازییخوازیی مەحکووم دەکات و دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان دەوێت. "قادر عەبدی" یەکێک لە ڕوناکبیرانی کورد، سەرەڕای مەحکووم کردنی هەموو چەشنە پیلانگێڕیی و دەستدرێژییەک، بەخێرهێنانی میوانەکانی کرد و گوتی: بەڕێز فروهەر! خەڵکی ئازادییخوازی ئەم ناوچەیە، یەکەم ئوتۆمبێلێکی کە بینیویانە تانک و زرێپۆشی سەربازیی بووە و یەکەم دەنگ کە بە گوێیان گەیشتووە، دەنگی تەقە تفەنگ بووە. دوای ئەوە ئایەتوڵا نوری لەناو دروشمی سڵاو بۆ خومەینیی دا داوای لە سنوورنشینان کرد کە یەکیەتی و برایەتی خۆیان بپارێزن و هەروەها پەنجەی بۆ جیاوازییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و حکوومەتی دژی

گەلیی و دژ بە ئیسلامیی شاهەنشاهی ڕاکێشا. ناوبراو پەیامێکی گرنگی ئیمام خومەینی بۆ خەڵکی پیرانشار خوێندەوە. لە پەیامەکەیدا ئیمام خومەینی لەگەڵ ئاراستە کردنی سڵاو بۆ خەڵکی کوردستان، داوای لێکردبوون کە بە هاودەنگیی، یەکڕیزیی خۆیان بپارێزن، هۆشیار بن و لەژێر ئاڵای کۆماری ئیسلامیدا کۆبنەوە و داواکارییەکانیان ئاراستەی لیژنەی حکوومەت بکەن. دواتر داریوش فروهەر ئاماژەی بۆ باردۆخی وڵات و سەرکەوتنی شۆڕش کرد و لە وەڵامی قادر عەبدی دا گوتی: هیوادارم بە یارمەتی ئێوە ژن و پیاوانی بە ئاگای ئێرانی ئەو ئوتۆمبێلە سەربازییەی کە ئێوە بۆ یەکەمجار بینیوتانە بیکەین بە تراکتۆر و ئێمە بە هەموو هێزمانەوە هەوڵدەدەین کە داواکارییەکانتان لە ناوەند جێبەجێ بکرێن و بۆ دابینکردنی ماف و ئازادیی ئێوە و گەلانی تری ئێران شێلگیر بن.)

ئەندامانی لیژنەی حکوومەت لە پیرانشارەوە بە ئوتۆمبێل هاتنە نەغەدە و لەوێش بەشداریی میتینگێکیان کرد کە پێشتر بە پلانی فەرمانداری نەغەدە ڕێکخرابوو. دوای تەواوبوونی میتینگەکە بە ئوتۆمبێل هاتنە مهاباد و لە میوانخانەی سەدی مهاباد دابەزین.

ئەندامانی لیژنە ڕۆژی ١٣٥٧/١١/٢٩ لە فەرمانداریی مهاباد و مزگەوتی سوور قسەیان بۆ خەڵک کرد. داریوشی فروهەر چاوی بە مامە غەنی، شێخ عیزەدەین و دوکتۆر قاسملوو کەوت. مامە غەنی و داریوشی فروهەر ماوەیەک لە زیندانەکانی شادا هاوزیندان بوون و زۆر باش یەکتریان دەناسی. ئەندامانی لیژنە بۆ ئەوەی کە ژمارەیەکی زیاتر لە کەسایەتی و پیاوماقوڵانی مهاباد ببینن و گوێ لە بیروبۆچوون و خواستی خەڵکی مهاباد بگرن. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی ١٣٥٧/١٢/١ دا ئاماژەی بە هاتنی ئەو گروپە بۆ مهاباد و چاوپێکەوتنەکانیان کرد و نوسی:

- (کاتژمێر ١٥:٠٠ی دوێنێ فروهەر وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ دوکتۆر ئەردەلان، دوکتۆر کامیاب، دوکتۆر موکری و ئیبراهیم یونسی گەیشتنە مهاباد و لە لایەن هەزاران کەس خەڵکی ئەو شارەوە پێشوازییکران. لە وتارێکیدا لە مهاباد فروهەر گوتی: دەنگی ئێوە دەبیسم کە دەڵێن جیاوازییخواز نین و سڵاوتان ئاراستە دەکەم. شۆڕشی ئێمە شۆڕشێکی مرۆڤایەتی و ئیسلامییە و ئێمە دەبێ شانبەشانی یەکتر بە یارمەتی سەربازانی سوپای نەتەوەیی، ئێران ئاوەدان و ئازاد بکەینەوە. ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی مهاباد لە ڕێوڕەسمی پێشوازییکردنی فروهەردا بە دەنگی بەرز دەیانگوت: بژێ خومەینی و بژی ئازادی، ئێمە جیاوزاییخواز نین، بەڵام ئازادییخوازین و لە چوارچێوەی ئێراندا خودموختاریمان دەوێت، دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردان. بە دوای وتاری داریوش فروهەردا، دوکتۆر موکری وتارێکی سەبارەت بە دیکتاتۆریەتی زنجیرەی پەهلەوی خوێندەوە. ئەندامانی لیژنەی حکوومەت دوای دیداریان لەگەڵ حەزرەتی ئایوتوڵا شێخ عیزەدین حوسێنی ئیمام جومعەی شاری مهاباد، بۆ حەسانەوە چوونە ماڵی حاجی ڕەحیم خەڕازی کە یەکێکە لە پیاوماقوڵانی شاری مهاباد. لەوێ چەند وتووێژیان کرد لەگەڵ ئیمام جومعە و کۆمەڵێک ڕۆحانی شار و ئەندامانی شورای شۆڕش و تیمسار فەرماندەی تیپ مهاباد و لەسەر بیروڕای خەڵک و داواکارییەکانیان و خودموختاریی لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا دوان. دەڵێن لیژنەی حکوومەت نامەیەکی زۆر گرنگی بازرگان سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی کاتی بۆ ئیمام جومعەی مهاباد پێیە، کە هێشتا ناوەڕۆکەکەی ناڕونە. لیژنەی حکوومەت پێشتر پیرانشار و نەغەدەیان بینیوە.)

هەروەکو ڕۆژنامەی ئیتلاعات بڵاویکردەوە، لیژنەی حکوومەت شەوی ٢٩ لەسەر ١٣٥٧/١١/٣٠ چوونە ماڵی کاک ڕەحیمی خەرازی کە کەسایەتییەکی خۆشناو و جێی باوەڕی خەڵکی مهاباد بوو. ژمارەیەکی

زۆر کەسایەتی سیاسی بەناوی ئەندامانی شورا شۆڕش لە شارەکانی سنە، مەریوان، سەقز، بۆکان، مهاباد، شنۆ، نەغەدە، سەردەشت، بانە، ورمێ و سەڵماس هاتبوونە مهاباد، کە بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیە بکەن، کە تا کاتژمێر ۰۱:۰۰ ڕۆژی ۱۳۵۷/۱۱/۳۰ درێژەی هەبوو. ئەو ژمارەیە، غەنی بلوریان، مەلا شێخ عیزەدینی حوسێنی، دوکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملوو، سەلاحی موهتدی و فوئاد مستەفا سوڵتانییان دەستنیشان کرد، کە لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکە کۆببنەوە و بە نوێنەرایەتی ئەوان خواستەکانی خەڵکیان پێڕابگەیەنن. لە دانیشتنە سەرەتاییەکەدا کە هێشتا کۆبوونەوەی ڕەسمیی دەستی پێنەکردبوو، مقۆمقۆ و کێشە لەنێوان بەشداراندا سەریهەڵدا. بەشێک لە بەشداران، بەتایبەتیی هوشیار ئیمامی کە لە لایەن چریکەکانی فیدایی خەڵکەوە نێردرابوو، دژی بەشداریکردنی دوکتۆر قاسملوو بوون، بەڵام بە پێداگریی مامە غەنی و مەلا شێخ عیزەدین قبوڵیان کرد کە قاسملوو وەک نوێنەر بەشدار بێت، تەنانەت ڕێگا بە قاسملوو درا کە ئەرکی وتەبێژی نوێنەرانی کوردی بەڕیوە بەرێت.

هەرچەندە بەگوێرەی بیرکردنەوەی سیاسی بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە ڕوون بوو کە کێ ئەو کۆمەڵە سیاسیکارانەی ئاگادار کردووە کە بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیە بکەن، بەو حاڵەش ڕۆژی ۲۰۰۷/۳/٦ لەگەڵ کاک سەرهەنگ ئیرەجی قادری لە شاری ئوپسالای سوید بە خزمەت مامۆستا شێخ عیزەدەینی حوسێنی گەیشتم و لەو دیدارەدا لێمپرسی ئەو کەسانە چۆن هاتنە مهاباد و کێ ئاگاداری کردن کە بێن لە کۆبوونەوەی ماڵی کاک ڕەحیمی خەرازی بەشدار بن. لە وەڵامدا گوتی:

**- (لە هاتنی ئەو ژمارەیە بێئاگا بووم.)**

بەهەرحاڵ لەو کۆبوونەوەیەدا، دوو ڕووداوی گرنگ سەریهەڵدا. ڕووداوی یەکەم ئاراستەکردنی گەڵاڵەیەکی هەشت ماددەیی بوو بە لیژنەی نوێنەرایەتی حکومەتی کاتیی بازرگان لایەن کوردە بەشدار

بووەکانەوە، کە دواتر بە "تەرحی هەشت ماددەیی" ناوبانگی دەرکرد. من دەقی گەڵاڵەکە و چۆنیەتی سەرهەڵدان و ئاراستەکردنی بە نوێنەرانی حکوومەتی کاتیی بازرگانم لە کتێبی "مێژووی سیاسیی کوردستان ۱۹۷۸-۱۹۷۸٦"دا نوسیوە و خوێنەرانی بەڕێز بۆ زانیاریی لەسەر ئەو ڕووداوە دەتوانن بنوارنە ئەو کتێبە. بەڵام ڕووداوی دووەم کە لە دەرەوەی کۆبوونەوەکەیماڵی کاک ڕەحیمی خەرازی ڕوویدا، لێکردنەوەی دەرەجەکانی سەرتیپ ئیحسانوڵڵا پزشکپوور بوو لە لایەن ژمارەیەک لاوی ئامادە لە دەرەوەی کۆبوونەوەکەدا، کە خۆیان گەیاندە پزشکپوور و بە تاوانی کوشتنی خەڵکی مهاباد تاج و ئەستێرەکانیان لە شانی کردەوە و لەسەر قوماشێک نووسیبوویان پزشکپوور قاتلی ٤٨ لاوی مهابادە، لە ڕاستییدا ئەوە شتێکی ناڕاست بوو، چونکە لە ڕەوتی خۆپێشاندانەکانی مهابادا تەنیا سێ کەس بە ناوی سەید عومەری عنایەتی، جەمال فەقێ یاقوبی و ئامین چاوجوان شەهید کران، نەک ٤٨ کەس.

بە لێکردنەوەی دەرەجەکانی پزشکپوور، داریوش فروهەر کە سەرپەرشتیی لیژنەی حکومەتی کاتیی لە ئەستۆ بوو، بە ناوبراوی ڕاگەیاندبوو ئیتر نەچێتەوە سەربازگە و کەلوپەلەکانی هەڵبگرێت و لەگەڵ ئەواندا بچێتە تاران و لەوێ کارێکی نوێی بۆ دیاریی دەکەن. ئەو ڕووداوە زۆر گرنگە بە شێوەی ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر دابەزینی ورەی فەرماندەکان و کەسانی سەربە ڕژێمی پێشوو و ئەندامانی زیدئیتلاعات و ڕوکن دووەمی سەربازگەی مهاباد.

من ئاگاداری ئەو کۆبوونەوەیە نەبووم کە لەماڵی کاک ڕەحیم پێکهات، بەڵام بەوەم زانی کە ڕۆژی ۱۳۵۷/۱۱/۲۹ (۱۹۷۹/۲/۱۸) داریوشی فروهەر چاوی بە مەلا شێخ عیزەدەین و دواتریش بە مامە غەنی و دوکتۆر قاسملوو کەوتبوو، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو و مامە غەنی لە ماڵی خوالێخۆشبوو مونتەقیمی قازی پێی گوتبوون، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئاشکرا بکەن و لە چوارچێوەی

یاسادا بە ئازادیی خەبات بکەن. پێویستە ئەوەش بڵێم کە هەرچەندە لە ڕۆژی ١٣٥٧/١١/٢٧ (١٩٧٩/٢/١٦)وە بیرۆکەی چەککردنی سەربازگەی مهاباد بەلاوەنرابوو، بەڵام بەو بەڵێنەی داریوشی فروهەر بە ئازادکردنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دیموکرات لە ئێراندا، ئەو بیرۆکەیە بە تەواویی بەلاوەنرا، تەنانەت قاسملوو بەڵێنی بە فروهەر دابوو کە بیر لە چەککردنی سەربازگە ناکاتەوە. بەو بەڵێنەی دوکتۆر قاسملوو منیش دەستم ئاواڵا بوو، کە لە جیاتی بیرکردنەوە لە چەککردنی سەربازگەی مهاباد، بیر لە پاکسازیی سەربازگە لە ئەفسەران و پلەدارانی زیدیئیتلاعات، ڕوکنی دووەم و سەڵتەنەتخواز بکەمەوە، کە زۆربەی ئەندامانی سەربازگە بە تایبەتی پلەدار و ئەفسەرە وەزیفەکان خوازیاری بوون.

## چەککردنی سەربازگەی مهاباد

ڕۆژی ١٣٥٧/١١/٣٠ (١٩٧٩/٢/١٩) وەک جاران لە کاتی خۆیدا چوومەوە سەربازگە، ستوان ئەفشین لەبەر دەرگای سەربازگە وەستابوو، لێی نزیک بوومەوە، دوای سڵاو، گوتی: **(ئاگات لە ڕووداوی دوێنی شەو هەیە؟)**، گوتم: نا چی بووە؟ گوتی: **(ئەمڕۆ لیژنەی حکومەت دێتە سەربازگە.)** ئەفشین کە تێگەیشت من بە ڕووداوی لێکردنەوەی دەرەجەی پزشکپوورم نەزانیوە، گوتی: **( دوێنیێ شەو لە ماڵی ڕەحیمی خەرازی چەند کەسێک دەرەجەکانی پزشکپووریان لێکردەوە و ئەندامانی لیژنەش پزشکپووریان لە مهاباد نەقڵ کردووە و لەگەڵ خۆیان دەیبەن بۆ تاران.)**

بە بیستنی ئەو هەواڵە خۆشە چوومە ژوورەکەم. لە دڵمدا نەخشەم بۆ دەرکردنی ژمارەیەکیتر ئەفسەر و پلەدار دەکێشا کە لەسەردەمی خۆپێشاندانەکاندا دەستیان هەبوو لە کوشتنی خەڵکی مهاباد و لە سەربازگەش سەربازەکانیان ئازاردەدا و بڕیارەکانی زیدیئیتلاعاتیان

بەڕیوەدەبرد. هەرچەندە ئەو ڕۆژە زۆر سارد بوو، بەڵام هیچ هەستم بە ساردیی نەدەکرد، پەیتا پەیتا ئەفسەر و پلەدار دەهاتن و دەیان پرسی هۆی چییە پزشکپوور نەهاتووە بۆ سەربازگە! ئامادە نەبوونی پزشکپوور لە سەربازگە، ئەوانی هەژاندبوو. سەڵتەنەتخوازەکان و دارودەستەی ڕوکنی دووەم و زیدیئیتلاعات کە بە ڕووداوی ماڵی کاک ڕەحیمی خەرازییان دەزانی، بە تەواویی تاسابوون.

کاتژمێر ۰۹:۳۰ ستوان یەکەم وەزیفە دوکتۆر یەحیایی هاتە لام. پێشتر پەیوەندیی نزیکمان پێکەوە هەبوو، جارێک پڕۆگرامی چریکی فیدایی دابوومێ و زۆر جاریش لەسەر دۆزی ئێران و کوردستان پێکەوە قسەمان کردبوو. هەواڵی دەرەجە لێکردنەوەی پزشکپوورم بۆ گێڕایەوە و گوتم:

- ئەمڕۆ نوێنەرانی حکوومەتی کاتیی بازرگان دێنە سەربازگە، پێت چۆنە نامەیەکیان بۆ بنوسین و داوایان لێبکەین سەڵتەنەتخوازەکان و کەسانی سەر بە زیدیئیتلاعات و ڕوکنی دووەم لە سەربازگەی مهاباد پاک بکەنەوە! لە وەلامدا گوتی: (پێشنیازێکی باشە.) یەکسەر چوومە سەر دەزگای تایپی ڕوکنی یەکەم و ئەم نامەیەی خوارەوەم بۆ نوێنەرانی حکوومەتی کاتی نوسی:

**حەزرەتی ئایەتوڵا نوری، جەنابی داریوش فروهەر، دوکتۆر موکری و دوکتۆر ئەردەڵان، نوێنەرانی بەڕێزی ئیمام خومەینی و حکومەتی کاتیی جەنابی موهندیس مەهدی بازرگان.**

**لە لایەن سەربازان، پلەداران و ئەفسەرانی لایەنگری شۆڕشی گەلیی ئێرانەوە بە ڕێبەرایەتی ئیمام خومەینی پڕ بە دڵ بەخێرهاتنتان دەکەین بۆ سەربازگەی مهاباد و پشتیوانیی خۆمان لە شۆڕشی ئێران بە سەرۆکایەتی ئیمام خومەینی و حکومەتی کاتی جەنابی موهندیس بازرگان ڕادەگەیەنین.**

**بەڕێزان، هەر وەک دەزانن ئێمە ماوەیەکی زۆرە لە شاری مهاباد لە باوەشی ئەو خەڵکە قارەمانەدا دژی دیکتاتۆریەت و بنەماڵەی پەهلەوی تێکۆشاوین و بۆ سەرخستنی شۆڕشی ئێران بە سەرۆکایەتی ئیمام**

خومەینی خەباتمان کردووە، سەرمان بۆ زوڵم شۆڕ نەکردووە و زیندان چۆکی پێدانەداوین و تا بەپشتیوانیی خوای مەزن شۆڕشەکەمان سەرکەوت.

بەڕێزان، هەر وەک ئاگادارن هەموو سەربازگەکانی ئێران لە ئەندامانی ڕوکنی دووەم، زیدیئیتلاعات و سەڵتەنەتخوازەکان پاک کراونەتەوە، بەڵام سەربازگەی مهاباد وەک خۆی ماوە و سەڵتەنەتخوازەکان ١٨٠ پلە سوڕاونەتەوە و خەریکن درێژە بە ئازاردان و تەنانەت دوورخستنەوەی لایەنگرانی شۆڕشی ئێران دەدەن. لەبەرئەوە داواتان لێدەکەین کە سەربازگەی مهابادیش وەک سەربازگەکانیتری ئێران، لەو ئەفسەر و پلەدارانە پاک بکەنەوە و ڕێگە مەدەن لەژێر ماسکی شۆڕشگێڕییدا لایەنگرانی شۆڕش و ئیمام خومەینی زیندان و تەبعید بکەن. دیسان بەخێرهاتنتان دەکەین و ئامادەی بەڕێوەبردنی فەرمانەکانتانین

شورای سەربازان، پلەداران و ئەفسەرانی سەربازگەی مهاباد
١٣٥٧/١١/٣٠

هێشتا نامەکەم تەواو نەکردبوو، کە گروپ گروپ ئەفسەر و پلەدار و سەرباز دەهاتن و هاوپەیمانیی خۆیان ڕادەگەیاند و دەیانگوت ئەگەر دەتەوێت نامەکە ئیمزا دەکەین. لە بەرامبەردا ئەو داواکارییانەدا هەر ئەوکاتە شورایەکمان پێکهێنا. سەرگورد "ڕۆحانی"مان کردە سەرۆک و منیش بوومە وتەبێژی شوراکە و نامەکەمان بە ناوی "شورای سەربازان، پلەداران و ئەفسەرانی سەربازگەی مهاباد" نوسی، کە نوێنەرایەتی هەموو سەرباز و پلەدار و ئەفسەرە شۆڕشگێڕەکانی سەربازگەی مهاباد بکات و ڕۆژنامەکانیش هەربەو ناوە بڵاویان کردەوە. لەگەڵ نوسینی ئەو نامەیە ژمارەیەکی زۆر کە ترسیان لە دوارۆژی خۆیان هەبوو، سەربازگەیان بەجێهێشت و ڕایانکرد و دیسان ئاژاوەیان خستەوە ناو سەربازگەوە و بەو کارەیان بیرۆکەی چەککردنی سەربازگەیان لە لای

من زیندوو کردەوە، بەبێ ئەوەی کە هیچ پلانێکی بۆ دانرابێت، جگە لە پێکهاتنی هەلومەرج بۆ ڕاپەڕاندنی سەربازەکان دژی ئەفسەرانی سەڵتەنتەتخواز.

کاتژمێر ١١:١٠ بە سەربازە هاوکارەکەم گوت، بچۆ بۆ یەکانی دووەمی تۆپخانە و بە کاک کەریم پوورقوباد بڵێ کە خۆی و سەربازەکانی بێن. سەربازەکە چوو، بەڵام لەبەرئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە ناوەوە و بەردەرگای ژورەکەم کۆببوونەوە، کاتژمێر ١١:٢٠ ژورەکەم بەجێهێشت و جەماوەرەکەش بە دوامدا هاتن. هەموو پێکەوە کە نزیکەی ٥٠-٦٠ کەس دەبووین، بینای بەڕێوەبەرایەتیمان بەجێهێشت و چووم لە گۆشەی چەپی بیناکە لە ڕووبەڕووی پاسدارخانە لەژێر ڕیزە درەختێک وەستام و ئەوانیش لە دەورم کۆبوونەوە. بەرەبەرە ژمارەی سەربازەکان زیاد دەبوو، هەمووشیان چەکیان پێبوو. من دەمانچەیەکی کۆڵتی ئەمریکییم پێبوو. کۆبوونەوەی ئەو هەموو سەرباز و پلەدارە و چەند ئەفسەرێک وەجۆشی هێنام و هەلەکەم بە لەبار زانی، کە پێش بڕیاردانی لیژنەی حکوومەت، بۆخۆمان پاشماوەکانی ڕژێم لە دەسەڵات بخەین. لەبەر ئەوە لەسەر کاک کەریم نەوەستام و بێدەنگیم شکاند و دەستمکرد بە قسەکردن، لە قسەکردندا بووم کە کاک کەریم لەگەڵ ژمارەیەک سەرباز گەیشتە شوێنەکە، گوتم:

**- براکانم ! ئێمە و باب و باپیرانمان بە ساڵان دیلی دەستی دیکتاتۆرییەت و بنەماڵەی پەهلەوین. ئەو ئەفسەرە سەڵتەنەتخوازە ترسەنۆکە تاوانبارانە بە درێژایی پەنجا و حەوت ساڵ بە هۆی دەزگا سەرکوتکەرەکانی زیدیئیتلاعات و ڕوکنی دووەمەوە زوڵمیان لە ئێمە کردووە. کێ لە ئێوە ئازاری سەرەڕۆیی ئەوانتان نەچێشتووە؟ ئەمڕۆ ئەوانە خەریکن لەژێر ماسکی شۆڕشگێڕییدا لە سەربازگەی مهاباد پلە و پایەی خۆیان دەپارێزن و درێژە بە تاوانەکانیان دەدەن. دەبێت ئێمە کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەوان بهێنین و بە فەرمانی ئیمام خومەینی خزمەت بە شۆڕشی ئێران و گەل و نیشتمانەکەمان بکەین. لەبەرئەوە**

**ئیتر بەسە بێدەنگیی، هەر کەس لەگەڵ ئیمام خومەینییە دەستی ڕاستی خۆی بە نیشانەی شەهادەت و بەستنی پەیمان لەگەڵ شۆڕشی ئێران بەرزبکاتەوە.**

کە گوتم دەستی ڕاستتان بەرزبکەنەوە، هەموو بە تێکڕا دەستیان بەرزکردەوە و سێ جار گوتیان **(ئەڵاهومە سەلی عەلا محەمەد وە ئالی محەمەد)** و بەو جۆرە هەموو هاتنە ژێر فەرمانم و دەستەی سەڵتەنەتخوازەکان و دارودەستەی شای خایین لە دەسەڵات کەوتن. بەبێ وەستان و سڵکردن لەگەڵ کاک کەریم و ئەوانەی کۆببوونەوە، بەرەو پاسدارخانە چووم. ستوان یەکەم ئورومچی ئەفسەری کێشکی سەربازگە لەبەر دەرگای پاسدارخانە وەستابوو، لێی نزیک بوومەوە و گوتم:

- هاتووم پاسدارخانەت لێوەرگرم، گوتی:

**- ( فەرموو.)**

ئورومچی پاسدارخانەی بەجێهێشت و من لەگەڵ کاک کەریم و چەند کەسیتر چوومە ژوری پاسدارەکان، واتە سەربازەکانی کێشکی زیندان و پاسدارخانە، کە ژمارەیان ٣٦ سەرباز بوو. قسەکانی پێشووم بۆ ئەوانیش دووپات کردەوە و ئەوانیش بە گوتنی: **(ئەڵاهومە سەلی عەلا محەمەد وە ئالی محەمەد)**، هاوپەیمانیی خۆیان ڕاگەیاند. داوام لە "گروبان زیندان" کرد، دەرگای زیندان بکاتەوە. دەرگاکەی کردەوە و چوومە ناو زیندان و سڵاوم لە زیندانییەکان کرد، گوتم ئێوە ئازادن. چەند کەسێکیان منیان لە ئامێز گرت و ماچیان کردم و منیش ئەوانم ماچ کردەوە.

لەگەڵ زیندانییەکان هاتمەوە بەردەرگای پاسدارخانە. ئەوان بە تێگڕا دروشمی "درود بەر گەوهەری- درود بەر خومەینی"یان بەرزکردەوە. سەکۆی بەردەرگای پاسدارخانە نزیکەی نیومەتر لە زەوی دەوروبەری بەرزتر بوو. پتر لە ٧٠٠- ٨٠٠ کەس لەوێ کۆبووبوونەوە. ئەو

ژمارەیە، دروشمی زیندانییەکانیان قۆستەوە و سەربازگە بە دروشمی "درود بەر گەوهەری- درود بەر خومەینی" زەوی دەلەرزاندەوە. ویستم قسەیان بۆ بکەم، کەچی دەنگم کپ ببوو، داوای بڵندگۆی دەستییم کرد، دەستبەجێ ئوستوار یەکەم حەسەنی تەنهایی بڵندگۆیەکی بۆ هێنام. هەندێک درێژتر قسەم بۆ بەشداران کرد و لە کۆتاییدا داوای هاوکاریم لێکردن. ئەوان بە دەنگی درود بەر گەوهەری درود بەر خومەینی وەڵامیان دامەوە.

هەموو چەکیان پێبوو، بچوکترین هەڵە یان دەستکردنەوەی پاشماوەکانی ڕژێمی شا، کارەساتی مەزنی بە دواوە بوو. بۆ نەهێشتنی مەترسی داوام لە سەربازەکان کرد، بچن فەرماندەکانیان بهێنن و زیندانییان بکەن. هەر کەسە و بە لایەکدا بە شوێن فەرماندەکانیاندا بڵاوبوونەوە. ئەوە گەورەترین شانازیی بوو بۆ سەربازێک کە لە بەرامبەر فەرماندە زاڵمەکەیدا بوەستێت و بە دەستگیر کردنی وەڵامی تاوانەکانی بداتەوە.

لەوکاتەدا ستوان سێیەم ئەلوەندی کە کوردی کرماشان بوو، هاتە لام و گوتی ئەرکم پێ بسپێرە، گوتم بچۆ ئەوانەی دێن بەگوێرەی یاسای سوپا دوای پشکنین و وەرگرتنی شتی زیادەی یاساخ لێیان، زیندانیان بکە. هەر چەند کەسەی ئەفسەرێکیان خستبووە پێش خۆیان و لولەی تفەنگەکانیان تێکردبوون و ئەلوەندی دەیخستنە زیندانەوە. دوای چەند خولەکێک ئەلوەندی بانگی کردم. چوومە لای، بینیم لەگەڵ سەروان "محەمەد نەسیری" دەمەقاڵەیەتی، گوتی:

**- (جەناب سەروان نەسیری ئامادە نیە بچێتە زیندان و وەڵامم ناداتەوە.)**

نەسیری ئەفسەری ڕوکنی دووەمی گوردانی١٦٧ی پیادە بوو، کاتێک جەمالی فەقی یاقوبی شەهید کرا، ئەو لەگەڵ یەکەکانی گوردانی١٦٧ی پیادە لە شەقامی شاپوور سەرپەرشتیی سەربازەکانی دەکرد. نەسیری دەنگی بەرزکردەوە و ویستی شتێک بڵێت، بوارم نەدا و بە هەموو

هێزمەوە زللەیەکم لێدا. ئیتر کە زانی ناتوانێت بەربەرەکانی بکات، بەگوێرەی دیسیپلینی سەربازیی پاژنەی پێڵاوەکانی پێکەوە نوساند و دەستی بە نیشانەی ئیحترامی سەربازیی بەرزکردەوە و گوتی:

- **(بەسەرچاو قوربان.)** دوای ئەوە بەندی پۆتینەکانی کردەوە و گیرفانەکانی بەتاڵکرد و چووە ژورەوە.

گەڕامەوە بەر دەرگای پاسدارخانە، ستوان ئەفشین تازە دەگەیشتێ، لێم نزیک بووەوە، باوەشی پێداگرتم و گوتی:

- (من چی بکەم؟)، گوتم:

- بچۆ تەلەفۆن بۆ دەفتەری حیزب بکە و بڵێ دوکتۆر قاسملوو و مامە غەنی بێن و نوێنەرانی حکومەتیش ئاگادار بکەنەوە کە بێن و بڕیار لەسەر گیراوەکان بدەن.

لەو کاتەدا چەند سەربازێک هاتن و گوتیان سەرهەنگ سەررڕشتە ئامادە نیە لەگەڵمان بێت و وەڵاممان ناداتەوە! کاک کەریم پوور قوباد کە ئەوەی بیست، پێش سەربازەکان کەوت و دوای چەند خولەکێک سەرڕشتەی هێنا. چەند مەترێکیان مابوو بگەنە لای من، سەرڕشتە هاواری منی کرد و گوتی: **(ئاغای گەوهەری ئاوا دەبێت؟)** من وەڵامی سەرڕشتەم نەدایەوە، بەڵام داوام لە کاک کەریم کرد کە بە ئارامیی لەگەڵی بجوڵێتەوە.

لە ڕاستییدا من نەمدەویست فەرماندەکان بگرم، بەڵام بۆ ئەوەی کە ڕێگە بە سەڵتەنەتخوازەکان و darودەستەی زیدیئیتلاعات و ڕوکنی دوو نەدەم کە ئاژاوە بنێنەوە و کارەسات دروستبکەن، ناچار بووم تەنانەت دۆستە نزیکەکانی خۆشم زیندانیی بکەم، یەکێک لەوانە سەرگورد عیزەتی شەهابی بوو، کە پێکەوە لە تیمێکی ڤۆلیباڵدا یاریمان دەکرد.

بە دوای پەیوەست بوونی ستوان سێیەم ئەلوەندی و ستوان ئەفشیندا، ستوان یەکەم ئەحمەدی جاویدفەر و ستوان خالید موزەفەر گەیشتنە لامان و کاتژمێر ١٢:١٠ سەرهەنگ دووەم ئیرەجی قادری فەرماندەی گوردانی١١٥ی پیادە بە هۆی سەربازێکەوە ئاگاداری کردم کە ئەگەر

پێویستمان پێیەتی ئامادەیە یارمەتیمان بدات، منیش بە گەرمیی پێشوازییم لێکرد و ئەویش هاتە لامان. جگە لە کاک کەریم پوورقوباد، ستوان سێیەم ئەلوەندی، ستوان سێیەم عەبدوڵڵای ئەفشین، ئوستوار یەکەم حەسەن تەنهایی، ستوان یەکەم ئەحمەدی جاویدفەر، سەرهەنگ دووەم ئیرەج قادری، گروبان یەکەم نوری ئەحمەدنژاد، گروبان یەکەم یونس بانیان، سەرباز سەلاحی کەریمی و ژمارەیەکی زۆریتر بەتایبەتیی پلەدار و سەربازە کوردەکان، لە چەککردنی سەربازگەی مهابادا هاوکارییان کرد.

بە هەر حاڵ هێشتا سەرهەنگ قادری و ئەحمەدی جاویدفەر پەیوەست بوونی خۆیان ڕانەگەیاندبوو، کە چەند کەسێک هاواریان کرد و گوتیان پزشکپوور لە ماڵەوەیە و خەریکە ڕادەکات! گوتم چوار کەس بچن پزشکپوور بهێنن. هەر کە ئەوەم گوت! زیادتر لە ١٠٠ کەس بەرەو ماڵی پزشکپوور ڕایانکرد. ماڵی پزشکپوور لە گەڕەکی ئەفسەرە خێزاندارەکان و دیواری بە دیواری ماڵی سەرهەنگ قادرییەوە بوو. پزشکپوور کە دەبینێ ژمارەیەکی زۆر سەرباز بۆ گرتنی دەچن، هەوڵدەدات بە دیواری ماڵەکەیدا خۆی بگەیەنێتە ماڵی سەرهەنگ قادری، کە سەربازێکی کوردی خەڵکی لوڕستان لەناو سەربازگەوە تەقەی لێدەکات و کەلەکەی دەپێکێت. بە ئەفشینم گوت تەلەفۆن بۆ نەخۆشخانەی شێروخورشید بکات و داوای ئامبوڵانسی بۆ بکات. ئامبوڵانس هات و پزشکپووریان برد و بە نەشتەرگەرییەکی بچوک لە مەرگ ڕزگاری بوو. ڕۆژی ١٣٥٧/١٢/٤ (١٩٧٩/٢/٢٣) بە هێلیکۆپتەر ڕەوانەی ورمێ و لەوێوە بە فڕۆکە بردیانە تاران. کاتی بەڕێکردنی بۆ ورمێ، چوومە نەخۆشخانە و چاوم پێیکەوت و گوتم خۆشحاڵم کە سەلامەتیت.

هەوڵەکانی ئەفشین بۆ پەیوەندییکردن بە دوکتۆر قاسملوو و مامە غەنی بێسود بوو. هەرچەندە دەفتەری حیزب نزیکەی سێ سەد تا چوار سەد مەترێک لە سەربازگەکەوە دوور بوو، لە ماڵی خوداپەرست جێگری پێشووی ساواکی مهابادا بوو، بەڵام کەس نەدەپرژایە سەر ئەوەی کە

بانگەوازی ئەفشین بە مامە غەنی و دوکتۆر قاسملوو بگەیەنێت و ئێمە دەستمان بە نوێنەرانی حکومەت نەگەیشت. لە ئەنجامدا و دوای بریندابوونی پزشکپوور، هەواڵی چەککردنی سەربازگە بڵاوبووە. کاتژمێر ١٢:٥٠ یەکەم ئوتۆمبێل کە کاک حەمەدەمینی سیراجی و پێشمەرگەیەکی تری تێدا بوو، گەیشتە سەربازگە. کاتێک لەبەر دەرگای سەربازگە کاک حەمەدەمین و پێشمەرگەکە لە ئوتۆمبێل دابەزی، سەربازەکانی دەوروبەرم پرسیان ئەوانە کێن؟ لە وەڵامدا گوتم: ئەوانە موجاهیدەکانی ئیمام خومەینین! سەربازەکانیش بە دروشمی: درود بۆ خومەینی، درود بۆ سیراجی پێشوازییان لە کاک حەمەدەمین کرد.

دوای ئەوە، ژمارەیەک پێشمەرگەی‌تریش گەیشتنە سەربازگە. داوام لە کاک حەمەدەمین کرد کە پێشمەرگەگان بخاتە ژێر فەرمانی کاک عەبدوڵا ئەفشین و بەویشم گوت کە هەر تانکێک (١٨ دانە بوو)، پێشمەرگەیەکیان لەسەر دابنێت و نەهێڵێت بجوڵێنەوە. کاک عەبدوڵا ئەفشین ئەم ئەرکەی بەجێگەیاند و پێشمەرگەکان دەستیانگرت بەسەر تانکەکاندا، بەڵام دواتر ئاگادارکرام کە ئوستوار زولفەقاری کە کوردی سنەیی بوو، دەرزی تۆپی چەند تانکی دزیوە و داویەتی بە بەرپرسانی لەشکری چواری ورمێ، بۆ ئەوەی کە هیچ کەس نەتوانێ لە تۆپی تانکەکان کەڵکوەربگرێت.

کاتژمێر ١٣:١٥ دوو فڕۆکەی بۆمبهاوێژی فانتۆم هاتنە سەر مهاباد و زۆر بە نزمی لەسەر سەربازگەکە سوڕانەوە. هاتنی ئەو فڕۆکانە و خولانەوەیان بەسەر شار و سەربازگەدا بە فڕینێکی زۆر نزم! کورد گوتەنی "هەموو ئیشەکەی ئێمەیان کردەوە خوری" ترسیان خست دڵی سەربازەکانەوە و ژمارەیەکی زۆریان لە سەربازگە ڕایانکرد. و بەچەشنی ساڵی ١٩٤١، کە هاوپەیمانانی جەنگی دووەمی جیهانی ئێرانیان داگیرکرد و ئەندامانی سەربازگەی مهاباد ڕایانکرد و بە یارمەتی خەڵکی مهاباد بەرگەکانیان گۆڕی و مهابادیان بەجێهێشت، ئەم جارەش بە یارمەتی خەڵکی مهاباد گەڕانەوە شارەکانیان.

کاتژمێر ١٤:٠٠ دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک و کاک محەمەدی گادانی و کەسێکی‌تر کە جلوبەرگی خمیی لەبەردا بوو، مشکییەکی ئاویی بە ڕێشاڵی درێژەوە لەسەری بەستبوو، هاتە سەربازگە. دوکتۆر قاسملوو بە گەرمیی سوپاسی منی کرد و گوتی:

**- (کاک سەرگورد عەباسی لەگەڵ ئێمەیە، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی مهاباد ئاگادار بکە و ڕاییگەیەنە کە سەرگورد عەباسی فەرماندەی نوێی سەربازخانەیە.)**

تەلەفۆنم کرد و یەکسەر ڕادیۆی مهاباد ڕایگەیاند کە سەرگورد عەباسی فەرماندەی نوێی سەربازگەی مهابادە. کاک سەرگورد عەباسی ئەندامی تیپی سێی مهاباد نەبوو، برادەرێکی کاک جەلیل گادانی بوو لە تاران و لە ئاڵۆزییەکانی تاراندا سوپای بەجێهێشتبوو. بەرلە هاتنی لیژنەی نوێنەرایەتیی حکوومەتی کاتیی بۆ مهاباد، کاک جەلیل لەگەڵ خۆی هێنابووی بۆ مهاباد کە لە چەککردنی سەربازگەی مهاباددا هاوکاریی حیزب بکات، بەڵام هیچ ڕۆڵێکی لە چەککردنی سەربازگەی مهاباددا نەبوو. یەکەم جار بوو کە من سەرگورد عەباسیم دەبینی و بە هۆی دوکتۆر قاسملووەوە ئاشنایەتیم لەگەڵییدا پەیداکرد. دوکتۆر قاسملوو گوتی:

**- (کاک سەرگورد عەباسی ئاشنایەتی لەگەڵ سەربازخانەی مهاباد و سەربازەکانی نیە و داوات لێدەکەم بە تەنیا نەیهێڵیتەوە و پێکەوە کارەکان بەڕێوەببەن.)**

لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو چووینە سەرکردایەتی تیپ، لە ژورەکەی پزشکپوور نامەیەکمان دۆزییەوە کە پزشکپوور پێشتر بە نهێنی بۆ سەرکردایەتی هێزەکانی سوپای ئێرانی نوسیبوو. لەو نامەیەدا کە سێ لاپەڕە بوو، سەرەڕای پێهەڵدانێکی زۆر بە خەڵکی مهاباد، ئاماژەی بە هەستی شادۆستیی! و نیشتمانپەروەرانەی خەڵکی مهاباد کردبوو، لە کۆتاییدا داوای کردبوو کە بەشە کوردنشینەکانی ئێران بە شێوەی

فیدراڵیی بەڕێوەببرێن. پزشکپوور ئەو نامەیە و هەندێک نامەیتری لە سندوقێکی داخراوی زێر مێزەکەیدا پاراستبوو.

لە ژووری عەمەلیاتی تیپ، دوکتۆر قاسملوو ژمارەیەکی زۆر نەخشەی سەربازیی هەڵگرت کە بە فرۆکە لە ناوچەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاواوە تا ناو خاکی باشوری کوردستان گیرابوون. من نازانم قاسملوو ئەو نەخشانەی بۆچی بوو، چونکە بە کەڵکی حیزبی دیموکرات نەدەهاتن. حەسەن سەلامی بە پێچەوانەی ئەندامانی ڕوکنی دووەمەوە لە جێی کارەکەی خۆی مابووەوە، بە قاسملووم ناساند. سەلامی دوو گۆنی "تەلیس" دۆسیەی پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆک مستەفای بارزانی دا بە ئێمە و گوتی:

**- ( ئەوانە ئەرشیڤی ڕوکنی دووەمن و نامەکانی دوای کۆماری کوردستان و تا ماوەیەک لەمەوبەریان تێدا کۆکراوەتەوە!)**

دکتۆر قاسملوو هەردوو گۆنییەکەی لەگەڵ خۆی برد. لەو کاتەدا کاک حەمەدەمینی سیراجی لە لامان بوو. من ڕام وایە کە دوکتۆر گۆنییەکانی بە کاک حەمەدەمین سپارد، بەڵام دواتر کە پرسیارم لە کاک حەمەدەمین کرد، گوتی وە بزانم مەلا حەسەنی شێوەسەڵیی گۆنییەکانی بردووە! لە سوید تەلەفۆنم بۆ مەلا حەسەن کرد، گوتی من ڕۆژی یەکەم لە سەربازگە نەبووم و لە دەوری سەربازگە، لە جادەی مهاباد بۆ سەردەشت لەژێر "سەد"ی مهاباد کێشکی ئەو ناوچەیە بووم. بە ڕاستیی ئەو کاتە من بیرم لەوە نەدەکردەوە کە ئەو دۆسیانە گرنگیی مێژوویيان بۆ گەلی کورد هەیە و موڵکی نەتەوەی کوردن و دەبێت وەک بیلبیلەی چاو بیانپارێزین، دواتریش کە بە شوێنیاندا گەڕام، بە داخەوە هیچم دەستنەکەوت!

بە هەر حاڵ دوای ئەوە لەگەڵ کاک کەریم پوورقوباد چووینە ژووری زیدیئیتلاعات، شتێکی ئەووتۆی گرنگمان دەسنەکەوت، چونکە پێشتر دۆسیە گرنگەکانیان گواستبووە بۆ لەشکری ورمێ، بەڵام دۆسیەی ئەندامانیان نەبردبوو، من و کاک کەریم دۆسیەی خۆمانمان هەڵگرت.

کاتژمێر ١٤:١٥ ژمارەیەک سەرباز لە گوردانی تۆپخانە داوای ئازادکردنی سەرگورد ئوسکوییان لە زیندان کرد و گوتیان مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ بووە و بە شێوەیەکی مرۆڤدۆستانە هەڵسوکەگوتی لەگەڵ ژێردەستەکانی کردووە. ئازادکردنی ئوسکویی و هەر ئەفسەرێکی‌تر لە زیندان، ئیتر جێی مەترسی نەبوو، نەیدەتوانی کاریگەریی هەبێت لە ئاڵۆز کردنی سەربازگەدا، چونکە سەربازگە بە تەواویی لەژێر دەستماندابوو.

کاتژمێر ١٤:٢٥ بە هۆی ماندووبوونی زۆرەوە، هێزم لێبڕابوو. لەگەڵ سەرگورد عەباسی و ستوان ئەفشین لەبەردەرگای سەربازگەدا وەستابووین. کاک قادری بلوریی باوکی کاک جەلیلی بلوریی دۆستی دێرینم کە ماڵیان لە ڕووبەڕووی دەرگای سەربازگە لە خانووی ئەفسەرانی سەڵتەی سەربازگەدا بوو، بانگی کردم و گوتی نان ئامادەیە و داوای کرد بچین نان بخۆین، هەرسێکمان چووین و بە پەلە نانمان خوارد و گەڕاینەوە.

کاتژمێر ١٤:٤٠ دوکتۆر قاسملوو داوای لێکردم کە بۆ ئەوەی پێشگریی لە دەرچوون و ڕاکردنی زیادتری سەربازەکان بکرێت، سەرهەنگ سەرڕشتە لە زیندان ئازاد بکەم و لەگەڵ خۆم بیبەمە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی مهاباد و داوا لە سەربازەکان بکات کە سەربازگە بەجێنەهێڵن و ئەوانەش کە ڕۆیشتوون، با بگەڕێنەوە. من سەرڕشتەم لەگەڵ خۆم بردە ڕادیۆ و ئەو داواکەی ئێمەی جێبەجێ کرد، بەڵام سەربازەکان وەڵامیان نەدایەوە و ڕاکردنەکان درێژەی هەبوو.

کاتژمێر ١٥:١٥ دوکتۆر قاسملوو بە ئوتۆمبێلێکی ڕەنجوێری سپی هاتە بەردەرگای سەربازگە و گوتی: **(داریوشی فروهەر خەریکە شێت دەبێت، وەرە بچینە لای.)** لەگەڵی سوار بووم و سەید محەمەدی کولیجییش کە لە نزیک ئێمەوە وەستابوو، لەگەڵ من سواربوو. داریوش فروهەر لە ڕەستورانی میوانخانەی سەدی مهاباد بوو، قاسملوو لە دەرگای

ڕەستورانەکەیدا و فروهەر هاتە بەردەرگا و هەر کە چاوی بە دوکتۆر قاسملوو کەوت، زۆر بە توندیی تووڕە بوو و پێیگوت:

**- (دیسان گەڕایتەوە! گوتم ونبە لەبەر چاوم و نامەوێ چاوم پێت بکەوێت. تۆ دوێنێ بەڵێنت پێدام کە کارت بە سەربازگە نابێت، ئاخر بە تۆش دەڵێن پیاو!).** قاسملوو ویستی قسە بکات، فروهەر ڕێگەی پێنەدا و پێیگوت:

**- (بڕۆ لەبەرچاوم ونبە.)**

دوکتۆر قاسملوو بە ناچاریی پشتاوپشت کشایەوە و سەید محەمەدیش بە دوایدا ڕۆیشت. من بە تەنیا مامەوە و بە بینینی ئەو دیمەنە ناخۆشە واقم وڕما. فروهەر سەیری منی کرد و منیش بە ڕەسمی سەربازیی دەستم بۆ بەرز کردەوە و ئەویش لە وەڵامدا گوتی:

**(فەرموو سەرکار ئوستوار!)**

چووە هۆڵی ڕەستورانەکە و منیش بە شوێنیدا. لە گۆشەی چەپی ڕەستورانەکە لە لای کەسێک دانیشت کە من نەمدەناسی. خواردنیان لەبەردەم بوو، بەدەم خواردنەوە گوتی:

**- (سەربازگە لە چ دۆخێکدایە؟)**، گوتم:

- تا ئێستا شتێکی ناخۆش ڕوووینەداوە، بەڵام ژمارەیەک سەرباز بە هاندانی سەڵتەنەتخوازەکان و کەسانی سەربە ڕوکنی دووەم و زیدیئیتلاعات، سەربازگەیان بەجێهێشتووە. شورای شار داوا دەکات سەرپەرشتیی سەربازگەیان بدرێتێ، بەڵام تا ئێستا ئەو داخوازییە جێبەجێنەکراوە. فروهەر لە وەڵامدا، گوتی:

**- (ڕاست دەکەیت؟)**، گوتم:

- بە شەرەفی سەربازییم درۆت لەگەڵ ناکەم، گوتی:

**- (ئەگەر هەتبێت!)**

دوای ئەو وتوویژە، ناوبراو ئیزنی پێدام کە بگەڕێمەوە سەربازگە. لە ڕاستییدا تا ئەو کاتە سەربازگە تاڵان نەکرابوو، جگە لە سەرباز و ژمارەیەکی کەم پێشمەرگە، کەسیتری تێدا نەبوو.

هەر وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، لە ڕۆژی ١٣٥٧/١١/٢٩ دا بە کردەوە پرۆژەی چەککردنی سەربازگەی مهاباد بەلاوەنرابوو. هیچ کەس نەیدەزانی بە کۆبوونەوەی ماڵی کاک ڕەحیمی خەرازی و لێکردنەوەی دەرەجەکانی سەرتیپ پزشکپوور لە لایەن لاوانەوە، زەمینەی چەککردنی سەربازگە سەرهەڵدەداتەوە، لەبەرئەوە دوکتۆر قاسملوو کە بەڵێنی بە فروهەر دابوو کە هێرش ناکەنە سەر سەربازگە، درۆی لەگەڵ فروهەر نەکردبوو. بە هەر حاڵ فروهەرم بەجێهێشت و بە سواری ئوتۆمبێلی سەدی مهاباد گەڕامەوە سەربازگە.

کاتژمێر ١٥:٥٠ لەگەڵ سەرگورد عەباسی لەبەر دەرگای سەربازگە وەستابووین، بینیمان ژمارەیەکی زۆر خەریکن لەگەڵ مەلا شێخ عیزەدین لە سەربازگە نزیک دەبنەوە. لەگەڵ عەباسی بەپیر مامۆستاوە چووین و بەخێرهاتنمان کرد. سەرگورد عەباسی کە ئەرکی فەرماندەی سەربازگەی لە ئەستۆ بوو، داوای لە شێخ عیزەدین سەرۆکی شورای شاری مهاباد کرد، کە بۆ ئەوەی زیان بە سەربازگە نەگات، ئەو خەڵکە لەگەڵ خۆی نەباتە ناو سەربازگەوە، بەڵام شێخ عیزەدین لەجیاتی گوێگرتن لە داوای سەرگورد عەباسی کە دەیویست سەربازگە بمێنێتەوە و ڕێی لە دزیی و تالانیی دەگرت، بە هەموو هێزیەوە زللەیەکی لە سەرگورد عەباسی دا و خەڵکەکەی لەگەڵ خۆی بردە ناو سەربازگە. عەباسی بەو زللەیە زۆر تێکچوو، چاوەکانی پڕبوون لە ئاو، خەریکبوو سەربازگە بەجێبهێڵێت، من پێشم لێگرت و پێمگوت:

- هەرچەندە شێخ عیزەدین کارێکی زۆر ناحەز و ناشایستەی کرد، بەڵام نابێت تۆ لەم هەلومەرجەدا توڕە ببیت و واز لە بەرپرسایەتی خۆت بهێنیت.

زۆرم هەوڵدا تا سەرگورد عەباسی ئارام بووەوە. بە تێخزانی ئەو ژمارەیەی کە لەگەڵ شێخ عیزەدین بوون، یەکەم هەنگاوی تالانیی و دزینی دەمانچە و تفەنگ و فیشەک لە سەربازگە دەستی پێکرد. شێخ عیزەدین بەو کردەوەیەی بەرپرسایەتی تالانیی سەربازگەی خستە

سەرشانی خۆی و شورای شاری مهاباد و کۆتایی بە بەرپرسایەتی سەرگورد عەباسی هێنا. ئەو شێوە جوڵانەوەیەی مەلا شێخ عیزەدەین زۆر ئازاریدام و هەرگیز نەمدەتوانی هۆی ئەو هەڵسوکەوتە بدۆزمە تا ڕۆژی ٢٠٠٧/٣/٦ لەگەڵ برای بەڕێزم کاک سەرهەنگ ئیرەجی قادری لە شاری ئوپسالای سوید بە خزمەت مامۆستا شێخ عیزەدین گەیشتم و هۆی ئەو کارەیم لێپرسی، گوتی:

**- (کارێکی خراپم کرد کە زوڵمەم لە عەباسی دا و ئێستاش لە کاری خۆم پەشیمانم. عەباسی دەیگوت تەنیا تۆ وەرە و نابێت ئەو خەڵکە بێنە ناو سەربازخانە و منیش بیرم لەوە نەکردبووەوە. بەڕاستیی عەباسی پیاوێکی باشبوو، من زۆرم خۆشدەویست، بەڵام تێنەگەیشتم بۆچی ئەو هەڵەیەم کرد!)**

مامۆستا ئەوەی ڕەتکردەوە کە بۆ پێشاندانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر عەباسی و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا لە سەرگورد عەباسی دابێت.

کاتژمێر ١٦:٣٥ ئایەتوڵا نوری، دوکتۆر ئەردەڵان و دوکتۆر موکری هاتنە سەربازگە و من ڕاپۆرتی چەککردنی سەربازگەم پێڕاگەیاند.



دوای بیستنی قسەکانم، بۆ ژمارەیەک سەرباز و لاوی خەڵکی مهاباد کە خۆیان لە سەربازگە خزاندبوو قسەیان کرد و بە بینینی دۆخەکە بە پەلە سەربازگەیان بەجێهێشت.

کاتژمێر ١٧:٤٠ مامە غەنی کە کەریم نستانی و چەند پێشمەرگەیەکیتری لەگەڵ بوو، هات و پێی گوتم:

- **(تۆ زۆر ماندوو بوویت، باشترە لەگەڵ کاک کەریم نستانی سواری ئوتۆمبێل ببیت و بچیتەوە ماڵەوە، تا پەیوەندیت پێوە دەکەم.)**

لەگەڵ کاک کەریم نەستانی و دوو پێشمەرگەیتر سواری جیپێکی سەربازیی بووم و منیان گەیاندەوە ماڵەوە. لەبەر دەرگای ماڵماندا، کەریم نستانی گوتی: **(مامە غەنی ئەم تفەنگەی بۆ داناویت کە لات بێت.)**

تفەنگەکەم لێوەرگرت و ماڵئاواییم لێکردن و ڕۆیشتن. هەر کە گەیشتمەوە ناو ماڵەوە، بە توندیی هەستم بە سەرما کرد و هەموو لەشم لە سەرمادا دەلەرزی.

سەربازگەی مهاباد لە ڕاستیدا هەروەک ئاماژەم بە ڕوواوی چەککردنەکەی کرد، بەناوی ئایەتوڵا خومەینی و شۆڕشی ئێران و بە دژی پاشماوەکانی ڕژێمی شا چەککرا. بەو حاڵەش چەککردنی بە ڕادەیەکی زۆر پریستیژی حیزبی دیموکراتی لە ناو خەڵک و دۆست و دوژمندا بەرزکردەوە و هەموو لایەک واقیان وڕما، کە چۆن حیزبی دیموکرات دوای ٢٦ ساڵ ئاوارەیی و خەباتی نهێنی خاوەن ڕێکخراوێکی وا بەهێز بووە، کە بتوانێت بەبێ ئەوەی کە خوێن لە لوتی کەسێک بێت! سەربازگەیەک بە نزیکەی چوار هەزار ئەندام و هەزاران چەکی سوک و قورس و تانک و تۆپخانەی قورسەوە، چەک بکات. ئەو مەسەلەیە حیزبی دیموکراتی بە جۆرێک مەزن کردەوە کە لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەی ئەندامانی گەیشتە نزیکەی ٣٥٠٠٠ ئەندام و بە لایەنگران و بنەماڵەی ئەندامانیەوە ژمارەی لە یەک میلیۆن تێدەپەڕی، ڕاستیی ئەو مەسەلەیە لە ڕێوڕەسمی ئاشکراکردنی حیزبی دیموکراتدا بەرچاو کەوت، کە ڕۆژی ١٣٥٧/١٢/١١ (١٩٧٩/٣/٢) لە مهاباد ئەنجامی گرت.

## کاریگەریی چەککردنی سەربازگەی مهاباد لەسەر سەربازگەکانی پەسوێ و جەڵدیان، پیرانشار و سەربازگەکانی تری کوردستان

چەککردنی سەربازگەی مهاباد زۆر بەپەلە کاری کردە سەر سەربازگەکانی پەسوێ، جەڵدیان و پیرانشار. سەربازگەی جلْدیان ناوەندی پەروەردەکردنی سەربازبوو بۆ ژاندارمەریی و سەربازگەی پەسوێ سەربازی بۆ سوپا پەروەردە دەکرد و سەربازگەی پیرانشار تیپی چواری پیادەی لەشکری ٦٤ ی ورمێ بوو. بە دوای چەککردنی سەربازگەی مهابادا، ژمارەیەک چەکدار بە مەبەستی تاڵانیکردنی سەربازگەی جەڵدیان دەوری ئەو سەربازگەیان گرت و بۆ ماوەی دوو شەوان تەقەیان لێکرد، بەڵام نەیانتوانی چەکی بکەن. ئەو دوو سەربازگەیە جگە لە چەکی سووک، چەکی قورس و هێزی پەروەردە کراویان بۆ شەڕ نەبوون، کە بەرگریی لە خۆیان بکەن و لە ڕاستیدا حیزبی دیموکرات پێشی بە چەککردنی ئەو دوو سەربازگەیە گرت.

بە دوای ئەو تەقەکردنەدا، حیزبی دیموکرات بە هانای ئەندامانی سەربازگەی جەڵدیانەوە چوو و نەیهێشت هێرشکەران و خەڵکی ناوچەکە چەکی بکەن. لە بەرامبەردا فەرماندەکانی هەر دوو سەربازگەی جەڵدیان و پەسوێ ئامادەیی خۆیان ڕاگەیاند، کە بەشێوەی یاسایی دەسەڵاتی سەربازگەکانیان بدەنە دەست حیزبی دیموکرات و شوڕای شۆڕشی ئیسلامیی شاری مهاباد کە ماموٚستا شێخ عیزەدین حوسێنی سەرۆکی بوو. لەم بارەیەوە بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی ١٣٥٧/١٢/١٠، دوکتۆر قاسملوو ڕۆژی ١٣٥٧/١٢/٩ (١٩٧٩/٢/٢٨) بە هەواڵنێری ڕۆژنامەی کەیهانی ڕایگەیاند:

**- (سەربازگەکانی مهاباد، جەڵدیان، پەسوێ و پیرانشار لە لایەن کۆمیتەیەکی هاوبەشی سەربازان، ئەفسەران و پلەدارانی شۆڕشگێڕەوە بەڕێوە دەچێت، بەڵام سەربازگەی سەردەشت هێشتا پاک نەکراوەتەوە.)**

خوالێخۆشبوو سەید ڕەسوڵی دهقان "بابی گەورە" چەندان جار پەیوندیی بە فەرماندەکانی سەربازگەی پەسوێ و جەڵدیانەوە کرد، بە وتەی سەید رەسوڵ، فەرماندەکانی ئەو دوو سەربازگەیە خۆشحاڵیی خۆیان بۆ بەدەستەوەدانی ئەو دوو سەربازگەیە بە حیزبی دیموکراتی کوردستان دەربڕیبوو. بەو بۆنەیەوە دوکتۆر قاسملوو سێ کۆبوونەوەی بە بەشداریی من لەگەڵ شەهید سەید ڕەسوڵی بابی گەورە و مەلا ڕەسوڵی پێشنماز و سەرهەنگ قادری و شەهید سەرگورد عەباسی پێکهێنا. لە هەر سێ کۆبوونەوەکەدا لەسەر پێشنیازی سەید ڕەسوڵ و بە مەبەستی تالاننەکردنی ئەو دوو سەربازگەیە لەلایەن خەڵکی گوندەکانی دەوروبەرەوە، چەککردنی سەربازگەکانی پەسوێ و جەڵدیان دواخرا.

سەربارەت بە تەقەکردن لە سەربازگەی جەڵدیان، ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی ١٣٥٧/١٢/٢٣ (١٩٧٩/٣/١٤)دا بڵاویکردەوە کە کە نزیکەی (١٠٠) چەکدار لە ناوچەکانی مهاباد و نەغەدە هێرشیان کردوەتە سەر سەربازگەی جەڵدیان و ئەندامانی ئەو سەربازگەیە چراکانی سەربازگەیان کوژاندوەتەوە و وەڵامی تەقەی چەکدارانیان داوەتەوە و تەقە کردنەکان تا کاتژمێر ٠٤:٠٠ بەیانیی بەردەوام بووە. کەیهان لە نووسینەکەیدا ئاماژە بۆ وتەی ئەندامێکی حیزبی دیموکرات کرد و نوسی: کەسانێکی گێرەشێوێن بۆ تالانکردنی چەکەکانی ئەو سەربازگەیە تەقەیان لێکردوە. لە لایەکی ترەوە ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی ١٣٥٧/١٢/٢٦(١٩٧٩/٣/١٧) دا ڕایگەیاند:

**- (بە دوای هێرشی (٥٠٠) چەکدار لە ناوچەکانی مهاباد و نەغەدە بۆسەر سەربازگەی جەڵدیان کەسێک کوژراوە و چوار کەسی تریش بریندار بوون. ڕۆژنامەکە ڕوونی کردەوە کە ئەو هێرشە لە لایەن گروپێک چەکداری نەزانەوە بەڕیوەچووە و بۆ دووپات نەبوونەوە ئەو کارە، ژمارەیەک پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هاوئاهەنگیی لەگەڵ نوێنەری ئیمام و حکوومەتی کاتیی، سەربازگەی جەڵدیان و سەربازگەکانی تر دەپارێزن. شێخ عیزەدین حوسێنی**

**هێرشکردن بۆ سەر سەربازگەی جەڵدیانی بەدرۆ خستەوە و ڕایگەیان دەنگۆ بڵاوکرابووەوە کە چەکەکانی سەربازگەی جەڵدیان و سەردەشت دەگوازنەوە. بەم بۆنەیەوە گروپێک لە مهابادەوە چوون کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو دەنگۆیە بکەن و هەرکە لە سەربازگە نزیکبوونەوە، ژمارەیەک دژە شۆڕش لە سەربازگەوە تەقەی لە ئەندمانی ئەو گروپە کرد.)**

هەرچەندە لەوکاتەدا کە مامۆستا شێخ عیزەدین ڕایگەیاند: دەنگۆ بڵاوکرابووەوە کە چەکەکانی سەربازگەی جەڵدیان و سەردەشت دەگوازنەوە، کۆماری ئیسلامیی بیری لە بەهێز کردن یان گواستنەوەی چەکەکانی سەربازگەی جەڵدیان نەکردبووەوە، بەڵام دواتر مەلا حەسەنی نوێنەری خومەینی و ئیمام جومعەی ورمێ بە هاودەنگی کردن لەگەڵ زەهیر نژاد فەرماندەی لەشکری ورمێ، چەکە زیادەکانی سەربازگەی جەڵدیانیان گواستەوە ورمێ. لەم بارەیەوە مەلا حەسەنی لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا کە ڕۆژی ١٣٨٤/٥/٢ (٢٠٠٥/٧/٢٤) بە قەڵەمی "ڕەسوڵ جەعفەریان" بڵاوی کردووەتەوە، دەربارەی گواستنەوە ئەو چەکانە دەڵێت: **- (من پێشتر هەزار تفەنگی "ژ٣ و بڕنو و M١ و دۆشکەی قورس و سوک"م لە سەربازگەی جەڵدیانەوە هێناوە و داومە بە لەشکری ٦٤. ئەو سەربازگەیە پێشتر ناوەندی پەروەردە بوو، جگە لەو چەکانە، چەکی قورسی نەبوو.)**

بەهەر حاڵ دوکتۆر قاسملوو بەو نیەتەوە کە چەکەکانی سەربازگەی جەڵدیان و پەسوێ نەکەونە دەست خەڵک، چاوی لە چەککردنی ئەو دوو سەربازگەیە پۆشی، کە بێگومان چەککردنیان ڕێگایان بۆ چەککردنی سەربازگەی پیرانشار و سەردەشتیش دەکردەوە. تا ئەو کاتەی سوپا خۆی نەگرتبووەوە، حیزبی دیموکرات درێژەی بەو سیاسەتەیدا و کاتێک بە هەڵەی خۆی زانی، تێگەیشت کە مەلا حەسەنی کۆمەڵێک پاسدار و بەسیجی بە چەکی قورسەوە لەو دوو سەربازگەیە کۆکردوەتەوە و ئیتر ناتوانێ تەنانەت یەکێک لەو سەربازگەیانەش چەک بکات. ئەو دوو

سەربازگەیە بە ژمارەیەک چەکی سوکەوە، لە سەرەتای شۆڕشدا توانایان نەبوو لە بەرامبەر هێرشی خەڵکی پڕچەکی ناوچەکەدا بوەستن و بەڵێنیی فەرماندەکانیان بە سەید ڕەسوڵ لە تاکتیکی فریو و خۆپاراستن لە هەڕەشەی حیزبی دیموکرات و خەڵکی ناوچەکە سەرچاوەیان دەگرت. حیزبی دیموکرات بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو هەڵەیەی ڕۆژی ١٣٥٨/٦/٢١ (١٩٧٩/٩/١٢) هەوڵیدا سەربازگەی جەڵدیان چەک بکات، بەڵام سەرنەکەوت. لەم بارەیەوە لەشکری ٦٤ ی ورمێ ڕۆژی ١٣٥٨/٦/٢٢ ئەو بەیاننامەیەی خوارەوەی بڵاوکردەوە لە ڕۆژنامەی کەیهانی ڕۆژی ١٣٥٨/٦/٢٣ دا چاپی کرد:

- ژمارەیەک دوژمنی دین و نیشتمان کە سەر بە حیزبی چەپەڵ و دژە شۆڕش و هەڵوەشاوەی دیموکرات بوون، شەوی ڕابوردوو بە کەڵکوەرگرتن گوندەکانی دەوروبەری سەربازگەی جەڵدیان، بۆ ماوەی پێنج کاتژمێر بە خۆمپارە و چەکی قورس تەقەیان لەو سەربازگەیە کرد و کاتی ڕووناک بوونی هەوا پەنایان بۆ گوندەکان برد و خۆیان شاردەوە. بەم بۆنەیەوە هاووڵاتیانی نیشتەجێی ئەو گوندانە و ناوچەکانی شنۆ، پەسوێ و پیرانشار هوشیار دەکەینەوە، کە ئەگەر بۆ جاری دووەم، خەڵکی ئەو گوندانە ڕێگا بۆ ئەو خاینانە خۆش بکەن کە چەک و کەرەسەکانیان لە گوندەکانیاندا بشارنەوە تا پەلاماری سەربازگە بدەن، یەکەکانی جێگیر لە ناوچەکەدا ناچار دەبن بۆ بەرگریی کردن لە خۆیان لە زەمین و هەواوە حەشارگەکانی ئەو خاینانە وێران بکەن.

لەشکری ٦٤ ورمێ ١٣٥٨/٦/٢٢

هەروەها حیزبی دیموکرات هەوڵیدا بە هاوکاریی کۆمەڵێک ئەفسەر و پلەداری سەربازگەی پیرانشار ئەو سەربازگەیە چەک بکات، بەڵام سەرنەکەوت. لەوپەیوەندییەدا کۆماری ئیسلامی سەرگورد موحسین زادەگان جێگری ڕوکنی سێی تیپی پیرانشار، ئوستوار هیدایەتی، گروبان پەنایی پزیشکیاری سەحرایی و دوو کەسی تری گرت و گوللەبارانی

کردن و ژمارەیەکیشیان ڕاپانکرد. هەروەها دەفتەری سیاسیی ویستی بە هاوکاریی یەکەکانی تۆپخانە ڕژێمی بەعس و "سوڵتان هاشم" قائید فەیلەقی یەکی کەرکوک بەو ئاواتەی بگات کە دیسانیش شکستی هێنا.

بەگشتی چەککردنی سەربازگەی مهاباد کاریگەریی هەبوو لەسەر چەککردنی سەربازگەکانی سەردەشت، سنە و بانە و نەوسود. ڕوداوی چەککردن یان هەوڵ بۆ چەککردنی ئەو سەربازگەیانە لە کتێبی مێژووی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بخوێننەوە.

## ڕەنگدانەوەی چەککردنی سەربازگەی مهاباد لە ناو کۆمەڵگای سیاسیی و حکومیی دا

هەرکام لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەندامانی بەرپرس لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا، ڕاوبۆچوونی جیاواز و تەنانەت دوور لە ڕاستی و بەرژەوەندخوازانەیان دەربارەی چۆنیەتی چەککردنی سەربازگەی مهاباد بڵاوکردەوە. بۆ زانیاریی پتری خوێنەرانی بەڕێز سەبارەت بە چەککردنی سەربازگەی مهاباد و شێوەی باسکردنی، بەپێویستی دەزانم کە ئاماژە بە چەند بەشێکی ئەو بڵاوکراوانە بکەم.

بەڕێز عەبدوڵا حەسەنزادە چەککردنی سەربازگەی مهابادی گەڕاندەوە بۆ بەرنامەیەکی پوخت و ڕێکوپێک، کە گوایە لە لایەن ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتەوە دانراوە و لە کاتی دیارییکراودا جێبەجێکراوە. ناوبراو لە "لاپەڕەی١٣٧ی نیو سەدە تێکۆشان"دا دەڵێت:

**- (هەیئەتی دەوڵەت بە گرتنی پادگانی مەهاباد زۆر قەڵس بوو و پێی وابوو ئەو کارە بێ حورمەتییەکە بەو هەیئەتە کراوە، دیارە بۆیان ڕوون بووەوە کە گرتنی پادگان دەمێکە نەخشەی بۆ کێشراوە و ڕۆژی بۆ دیارییکراوە. وەک هەموو کارێکی لەو چەشنەش دواخستنی دروست**

نەبووە، بۆیە لە کاتی خۆیدا جێبەجێکراوە و دوانەدەخرا، ئەگینا بە هیچ جۆرێک نیازی بێحورمەتیی بە هەیئەت لە ئارادا نەبووە.)

ئەوە ڕاستە کە پلان بۆ گرتنی سەربازگەی مهاباد دانرابوو، بەڵام کاتێک بۆ چەککردنی سەربازگە دانەنرابوو، تەنانەت حیزبی دیموکرات دواتر وازی لە چەککردنی سەربازگە هێنا. ڕێبەرایەتی حیزب بەو بەڵێنەی داریوش فروهەر شادمان بوو، کە بتوانێت دوای ٢٦ ساڵ خەباتی نهێنی، حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) ئاشکرا بکەن و بە ئاشکرا بەڕێوەی ببەن. لەو چوارچێوەیەدا بوو کە دوکتۆر قاسملوو و مامە غەنی لە ماڵی مونتەقیمی قازی بەڵێنیان بە فروهەر دابوو کە بیر لە چەککردنی سەربازگەی مهاباد ناکەنەوە. بەڕێز جەلیل گادانی لە لاپەڕەی ٢٠٢ی کتێبی ٥٠ ساڵ خەبات دا پەنجە بۆ چەککردنی سەربازگەی مهاباد ڕادەکێشێت و دەڵێت:

- (.... ئێستا هەئیەتەکە نەگەڕابووەوە کە بەپێی گەڵاڵەی داڕێژراو و زەحمەتی زۆری جەلیل گادانی و سەرگورد عباسی کە لە تارانەوە بەتایبەتی بۆ ئەم مەسەلە هاتبوونەوە، هەروەها لەژێر چاودێریی دوکتۆر قاسملوودا، بە فیداکاریی چەند ئەفسەر و پلەداری کورد و نیشتمانپەروەر، سەرهەنگ ئیرەج قادری، کاک حامید گەوهەری، سەروان ئەفشین، سەروان جاویدفەر (هەژار) و کاک سەلاح فاضلی لە ڕۆژی ٣٠ ی ڕەشەمە پادگانی مەهاباد بەبێ خوێن ڕێژی لە لایەن حیزبەوە دەستی بەسەردا گیرا و سەرگورد عەبباسی بۆ ماوەیەکی کورت کرا بە فەرماندەی پادگان. حیزب هەرئەوکات ڕایگەیاند کە مەبەستی لەم کارە دژایەتی لەگەڵ حکوومەتی کاتی و خومەینی نییە، پێویستی بە چەک و چۆڵ بۆ خەڵک و ئامادە کردنیان بۆ دیفاع لە شۆڕشە. دەتوانن بەرپرسێکی دیکە دابنێن. بەشێوەیەکی زۆە ئاسایی موشکیلەکە حەل بوو، بە پەیام لە تاران دوکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵان کە هەم کورد بوو، هەم ئەندامی هەیئەتی وتووێژ بوو، بۆ ماوەیەک وەک سەرپەرشتی پادگان دیاریی کرا و دوایەش فەرماندەیەکی کوردی دیکەیان نارد،

بەڵام لەم ماوەیەدا دەسەڵات و پاراستنی پادگان زیاتر بەدەست حیزبەوە بوو، چونکە هەر ڕۆژی هەوەڵ سەربازەکان بۆ شارەکانی خۆیان بەڕێکرانەوە. ئەفسەرەکانیش کە لە پێشدا هەموو گیرابوون، دوای چەند ڕۆژ ئازادکران و بۆ شارەکانی خۆیان بەڕێکرانەوە.)

پێشتر ئاماژەم بە ڕۆڵی سەرگورد عەباسی لە چەککردنی سەربازگەی مهاباددا کرد و پێویست ناکات دووبارە لەسەری بدوێم. بەڵام پێویستە ئەوە بڵێم کاک جەلیل بۆخۆشی ڕۆڵی لە چەککردنی سەربازگەدا نەبوو. هەروەها دوکتۆر ئەردەڵان نەک سەرپەرەشتی سەربازگەی پێنەبڕا، بەڵکو ڕۆژی چەککردنی سەربازگە لەگەڵ لێژنەی نوێنەرایەتی حکوومەت گەڕایەوە بۆ تاران. کۆماری ئیسلامیی سەرهەنگ "پەرویز ڕزمیپوشی" کردە فەرماندەی سەربازگەی مهاباد کە کورد و خەڵکی سەقز بوو. هەروەها حیزبی دیموکرات "مەلا مینە"ی کردە بەرپرسی پاراستنی سەربازگە. ئێمە هەموو ئەفسەرەکانی سەربازگەمان نەگرت، بەڵکو نزیکەی (٢٠) ئەفسەری فەرماندە و بەڕێوەبەریی ڕوکنی دووەممان گرت کە لەناو ئەوانیشدا، جگە لە دوو پلەدار، هەموویان ڕۆژی یەکەم ئازاد کران. بۆ دڵنیا بوونی کاک جەلیل لە چۆنیەتی چەککردنی سەربازگەی مهاباد، ئاماژەی بەو نامەیەی کاک سەرهەنگ ئیرەج قادری دەکەم، کە ڕۆژی ٢٠٠١/١٢/٨ سەبارەت بە چەککردنی سەربازگەی مهاباد بۆمنی نوسیوە. لەم بارەیەوە کاک سەرهەنگ قادری دەڵێت:

- (بەڕێز کاک حامید گەوهەری وێڕای سڵاو ئێستا کە جەنابتان دەتانەوێ لەسەر ڕووداوی پادگانی مهاباد نووسراویەک بڵاوبکەنەوە، لە لایەن خۆم بە ئێوەی بەڕێز ئیجازە دەدرێ سەبارەت بە ڕاستییەکان و چۆنیەتی گرتنی پادگان بیروڕای خۆتان دەربرن و ئەگەر ناوی منیش لەم ڕووداوەدا بێتە گۆڕێ، ئێوە ئیجازەتان هەیە لەم بارەوەش بنووسن و من سوپاستان دەکەم بۆ زەحمەتەکانتان.) سەرهەنگ قادری لە

درێژەی نامەکەیدا سەبارەت بە چەککردنی سەربازگەی مهاباد دەنووسێت:

- (من لە دەفتەری گوردان دانیشتبووم کە سەربازێک هاتە ژوور و گوتی ئەفسەرەکانی پادگانیان لە پاسدارخانە زیندانی کرد. گوتم کێ و کەی؟ گوتی هەرئێستا کاک حامید گەوهەری و کەریم پوورقوباد و چەند پلەداری دیکە. من کە ئەوەم بیست، گوتم برۆ بۆ لای گەوهەری و بڵێ سەرهەنگ قادری دەڵێ من حازرم بۆ هەموو هاوکارێک، بێم بۆ ئەوێ یان نا؟ کاک حامید وەڵامی دایەوە، سەرهەنگ بوونت زۆر پێویستە، کە چووم خەریکبوون سەروان نەسیرییان زیندانی دەکرد و چونکە ئەو ئامادە نەبوو بچێتە زیندان، کاک حامید زللەیەکی لێدا. دوای زیندانی کردنی نەسیری من هاتمەوە دەفتەرەکەی خۆم و بە ئەفسەر و پلەدارەکانی گوردانم ڕاگەیاند کە بە سەربازەکان بڵێن، هەموو کەس دەتوانێ پادگان بەجێ بهێڵێ و بڕواتە لای بنەماڵەکەی خۆی، بە بیستنی ئەم ڕاگەیاندنە لە ماوەی چەند سەعاتدا پادگان چۆلکرا و تەنیا کوردەکان واتە ئەوانەی سەربە حیزب بوون لە سەربازخانە مانەوە. چونکە پادگان بە ناوی خومەینی گیرابوو و کاک حامید لە قسەکانی خۆیدا کە بۆ سەربازەکانی کردبوو، بە پشتیوانی لە خومەینی گوتبووی ئەو کەسانەی لەگەڵ ئیمام خومەینی دان دەستی ڕاستیان هەڵێنن، لە گرتنی پادگاندا بە ڕاستی موشکلەیەک نەیاتە پێش.)

بەڕێز غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٢٩١ ی ئاڵەکۆکدا کە من خۆم بۆ ناوبراوم کۆکردوەتەوە، دەربارەی چەککردنی سەربازگەی مهاباد دەڵێت:

- (تیپێ سێی مهاباد بە سەرۆکایەتی سەرتیپ پزشکپوور، بە دوای کۆکردنەوەی بنکەکانی پۆلیس و ژاندارمەریدا، تەنیا دەسەلاتی ڕژێمی ڕابوردوو بوو لە مهاباد، کە بۆ خومەینی و مەلاکانی هاوپەیمانی مابووەوە. دوکتۆر قاسملوو بۆ ئەوەی کە پێش بە تالانکردنی ئەو بنکەیە بگرێ و نەهێڵێت خەڵک تالانی بکەن، پەیتا پەیتا پێوەندی بە چەند کەسێکەوە دەگرت و نەخشەی گرتنی سەربازخانەی مهابادی دەکێشا.

ناوبراو لەم بارەیەوە شتێکی لای من نەدەدرکاند و من لە کاناڵێکی ترەوە ئاگاداری کارەکانی بووم. لەبەر ئەوە پێمڕاگەیاند بەرلەوەی کە شتێک بقەومێ باشترە ئێمەی کورد دژبە حکومەتی کاتیی بازرگان ڕانەوەستین. ئەگەر تۆ لەسەر ئەوە سووری کە کێشەی کورد دەبێ لە ڕێگەی ئاشتییەوە چارەسەر بکرێ، پێویستە لەو ڕێگەوە بۆی بچین. ناوبراو گوتی: ئەوە ماکەی خراپەیە و دەبێ کۆ بکرێتەوە. گوتم ئەو گوتنەی تۆ دژی بیروبۆچوونی حیزبە. ئێمە ئەگەر باوەڕمان بە ئاشتییە و دەمانەوێ لە ڕێگەی ئاشتییەوە کێشەی کورد چارەسەر بکەین، ئیتر نابێ کارێک بکەین کە تەنگوچەڵەمە بخەینە بەرپێمان. ناوبراو گفتی دا کە ڕێگەی ئاشتی بەربەست نەکات.)

لە ڕاستیدا ئەو نووسینەی مامە غەنی دوورە لە ڕاستییە، چونکە ناوبراو یەکەم کەس بوو لەناو ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتدا کە پێشنیازی چەککردنی سەربازگەی مهابادی پێگەیشت و ئەو بۆخۆی پێشنیازەکەی بۆ دوکتۆر قاسملوو گواستەوە. هەرچەندە لە سەرەتادا دژی چەککردنی سەربازگە بوو، بەڵام دواتر وازی لەو بۆچوونەی خۆی هێنا و هەر ئەویش بوو کە پەیوەندیی من و دوکتۆر قاسملووی بەیەکەوە گرێدا کە ئێمە پێکەوە پلانی چەککردنی سەربازگە دابڕێژین. بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییە ئاماژە بە نامەیەکی کاک کەریم نەستانی دەکەم کە ڕۆژی ٢٠٠٣/٥/٣٠ سەبارەت بە چەککردنی سەربازگەی مهاباد بۆ منی نوسیوە:

- (چەند ڕۆژ بەرلە چەککردنی سەربازگەی مهاباد شەهید دوکتۆر قاسملوو ئاگاداری کردین کە خۆمان بگەیەنینە مهاباد و تەنانەت ڕایگەیاندبوو، کە ئەگەر کەسێک چەکی هەبێ لەگەڵ خۆمانی بێنین. من و عەبدول نستانی و ئەحمەد نستانی و هەباسی مام حەسەنی گۆلێ و چوار پێنج کەسی تر و چەند سیسێریی لەوانە خوالێخۆشبووان مامۆستا مەلا خدری سارکێ و میرزا سمایلی سیسێری کە هەموومان

پازدە کەس بووین، خۆمان گەیاندە مهاباد. لە مهاباد دوکتۆر قاسملووی شەهید ئێمەی ناردە سەربازخانەی مهاباد و پێیگوتین برادەرانمان لە سوپادا سەربازخانەیان چەککردوە و ئێمە دەبێ بۆ ڕاگرتنی سەربازخانە هاوکارییان بکەن. دوانیوەڕۆ نزیک سەعات ٣ ی پاشنیوەڕۆ بوو کە ئێمە گەیشتینە سەربازخانە. ئەوانەی سەربازخانەیان گرتبوو، هەموویان کورد بوون و پێشوازییان لە ئێمە کرد. هەموو سەربازەکان چەکیان پێبوو. دوای ماوەیەک کە ئێمە لەبەر دەرگا و شوێنەکانی تر بڵاوببووینەوە، مەلا شێخ عیزەدین هات ژمارەیەکی زۆری لەگەڵ بوو. ئەوانەی ڕژانە ناو سەربازخانە، زۆربەیان هەوڵی چەکیان دەدا و ئێمە داوامان لە کاک حەمەدەمین کرد کە چەکیان بداتی، بەڵام سەرنەکەوتین و سەربازخانەیان تاڵان کرد. دوا بە دوای ئەوە دوکتۆر قاسملوو، مامە غەنی، جەلیل گادانی و ژمارەیەکی تریش هاتنە سەربازخانە و نوێنەرەکانی خومەینیش هاتن، بەڵام سەربازخانە ڕانەگیرا و تاڵان کرا. لەناو پلەدارەکاندا کە سەربازخانەیان چەککردبوو، کاک حامید گەوهەری لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو بوو. ئێمە پێشمەرگەکان لەکاتی پێویستدا پەیوەندیمان پێوە دەگرت. دیارە شەهید ئەفشین و کاک کەریم پوورقوباد و شەهید هەژاریش هەبوون کە دوایی ناسیمانن. بەشێکی تریش هەبوو، کە هاوکاریی ئەوانیان دەکرد، کە بۆمن نەناسراو بوون. ئێوارەی ئەو ڕۆژە مامە غەنی بەرپرسایەتی بەمندا کە لەگەڵ محەمەد ئیبراهیم کە شۆفیر بوو و ئێمە محەمەدە شێتەمان پێدەگوت، کاک حامید گەوهەری بگەیەنینەوە ماڵەکەی خۆی و تەنانەت پێیگوتم تفەنگێکی بدەمێ کە پێی پارێزگاری لە خۆی بکات. ئێمە کاک حامیدمان گەیاندەوە. ڕۆژی دوایی ئێمە دوازدە چەکمان بۆ خوالێخۆشبوو مامۆستا خدر و میرزا سمایل دانا، کەچی حیزب ئامادە نەبوو چەکەکانیان بداتێ و ئەمەش وایکرد کە ئەوان تووڕە بن. هەر ئەو ڕۆژە واتا دوای چەککردنی سەربازخانە لە نێوان ژمارەیەک مەنگوڕ و پێشمەرگە لەسەر چەک شەڕ سازبوو، کە بەداخەوە ئاغایەکی مەنگوڕ و

هاووڵاتێکی مهابادیی کوژران و ئێمە شەڕەکەمان ڕاگرت و مەنگوڕەکانیش ژمارەیەکیان چەک برد. حیزب مەلا مینەی کرد بە بەرپرسی سەربازخانە و دوای ئەوەی کە دۆخەکە هێدی بووەوە ئێمە بە دەستوری کاک جەلیل ژمارەیەک چەک و شەش حەوت سندوق فیشەکمان بۆ برایم ئاغای مەنگوڕ برد، بۆ ئەوەی کە لەنێوان جادەی مهاباد و سەردەشت گرفتمان بۆ نەڕەخسێنن. بەدوای ئەوەدا چەکەکانمان بۆ حیزب بردە گوندی "کەڵەکۆکە"ی ناوچەی سەردەشت.) هەروەها بەڕێز محەمەدئەمین سیراجی ڕۆژی ٢٠٠٤/٢/٢٨ لەم بارەیەوە پێڕاگەیاندم:

- (مامە غەنی و دوکتۆر قاسملوو لە دەفتەری حیزب لە ماڵی خوداپەرست بوون. مامە غەنی گوتی تەلەفۆن بۆ سەربازخانە دەکەین، وەڵام نادەنەوە. من گوتم سەربازخانە دورنیە و دەکرێت بچین. من و برادەرێک بەرەو سەرباخانە هاتین کە بینیمان سەربازەکان ڕادەکەن. ئوتۆمبێلەکەمان لەبەر دەرگای سەربازخانە ڕاگرت، کاک حامید و کۆمەڵێکی زۆر لەبەر پاسدارخانە وەستابوون. ویستم بچمە ناو سەربازخانە کە سەربازەکان بە دروشمی "درود بۆ سیراجی و درود بۆ خومەینی" منیان بردە ژورەوە. کاک حامید بە سەربازەکانی گوتبوو، سیراجی موجاهیدی ئیمام خومەینییە. کاک کەریم پورقوباد و کاک عەبدوڵا ئەفشین لە لای کاک حامید وەستابوون. دەستبەجی تەلەفۆنم بۆ مامەغەنی کرد و ئەویش کەریم نستانی و ئەحمەد نەستانی و ژمارەیەک پێشمەرگەیان نارد. کاک حامید داوای لێکردم کە پێشمەرگەکان بخەمە دەست ئەفشین تا کۆنترۆڵی تانکەکان بکەن. ئەفشین ئەو کارەی کرد. پێشتر من دەمزانی قاسملوو و مامە غەنی خەریکی چەککردنی سەربازگەن و تەنانەت چەند ڕۆژ بەرلە چەککردنی سەربازگە من و دوکتۆر قاسملوو و کاک جەلیل و ....تد میوانی کاک خەلیل گادانی بووین، لەوێ چاوم بە کابرایەک کەوت کە بەرگێکی ناشیرینی لەبەردابوو. ناسیمەوە و گوتم حەبیبوڵا خان لێرە چیدەکەێت؟ پرسیان چۆن دەیناسی؟ گوتم لە پۆلی یەکەمی خوێندنەوە

پێکەوە بووین. خالیل گوتی: سەرگورد لەگەڵ گروپێکی ئیسلامی بووە لە تاران و ئێمە داوامان لێکردوە کە بێت پلانێک بۆ چەککردنی سەربازخانە دابنێت. عەباسی ویستبووی گوێدرێژ و چرای فانوس و گۆنی بۆکۆبکەنەوە کە لە چیای داشامەجیدەوە گوێدرێژەکان بێنێتە خوارەوە و پێشمەرگەکانیش بە لایەکی تردا هێرش بکەنە سەر سەربازخانە.)

شایانی باسە کە پارتیزانەکانی عومان ساڵی ١٩٧٤ لە شەڕی زوفاردا بۆ ئازاردانی سەربازەکانی سوپای ئێران لە پێگەکانیاندا لەو شێوەیە کەڵکیان وەردەگرت، بەڵام ئەوە شێوەیەکی فەشەل بوو لە چەککردنی سەربازگەدا.

بەهەر حاڵ بەڕێزێکی تر کە ئاماژەی بۆ چەککردنی سەربازگەی مهاباد کردوە، بەڕێز حوسێن مورادبەگییە کە لە لاپەڕەی ٨٢ ی کتێبەکەیدا "مێژووی زیندووی کوردستان" کە بە زمانی فارسیی نوسیویەتی، دەڵێت:

- (دوای ڕاپەرین و چەککردنی سەربازگەکان لە تاران و شارەکانیتری ئێران، ژمارەیەک لە هاوڕێیان و لایەنگرانی کۆمەڵە لە شاری مهاباد دەیانویست سەربازگەی شاری مهاباد چەک بکەن. خەڵک بۆ گرتنی سەربازگە بە شێوەی ڕۆژەکانی ڕاپەرین لە تاران و شارەکانیتر هێرش دەکەنە سەر سەربازگە، بەڵام ئەندامانی ناو سەربازگە بەرگریی دەکەن و لە بەرامبەر یەکتردا سەنگەر دەگرن. شەوی پێش گرتنی سەربازگەی مهاباد، لیژنەیەک لە لایەن حکوومەتی کاتی بۆ ئارام کردنەوەی دۆخەکە دێتە مهاباد، بەڵام ڕۆژی دوایی سەربازگە بە هاوکاریی ژمارەیەک ئەفسەر و پلەدار و سەرباز خۆی تەسلیمی شورای شاری مهاباد دەکات و بەم جۆرە سەربازگەی مهاباد چەک دەکرێت. حیزبی دیموکرات بە دروستی هەلی لە دەست نەدا و سەربازگە و چەکەکانی بۆخۆی برد..... نەجولانی بەکاتی ئێمە بۆ ئەوەی کە هەموو

سەربازگە یا بەشێکی بگرین لە کاتێکدا کلیدی عەمبارەکانی چەکمان بەدەست بوو و بەجێهێشتنی بۆ حیزبی دیموکرات یەکێک لە هەڵەکانی ئەو سەردەمەی ئێمە لە شاری مهاباد و دروستبوونی لایەنێکی هێز بوو لەو شارەدا.)

بە ڕاستی ئەگەر کەسێک تێکەڵاویی لەگەڵ سیستەم و ستروکتور و یاسا و شێوەی کار و بەڕێوەچوونی سوپا لە وڵاتاندا هەبێت، بەو نوسینەی کاک حوسێن کە دەڵێ کلیدی عەمبارەکانی چەکی سەربازگەی مهابادیان پێبووە، پێکەنینی دێت، چونکە سەربازگەی مهاباد دوو گوردانی پیادە، گوردانێکی تۆپخانە، یەکەیەکی قەرارگا، یەکەیەکی خەدەمات، یەکەیەکی تەندروستی و یەکەیەکی تەعمیراتی هەبوو، جگە لە عەمبارەکانی "زاغە"، کە لایەکی چیاکانی باشووری ڕۆژئاوای سەربازگەیان داگرتبوو، (٢١) عەمباری چەکی سووکی هەبوو، کە بەگشتی سێ یەکانی "گەشتی"، "ئامادە" و "پاسدار" لەگەڵ (٣٢) پۆست کێشکچی تایبەت، بە شەو و ڕۆژ کێشکیان بۆ دەدان، بەڕاستی کاک حوسێن کلیدی کام لەو عەمبارانەی پێبووە، کە ئەفسەران و پلەدارانی کێشک بەرپرسایەتی ڕاگرتنی ئەوانیان لە ئەستۆ بووە و هەموو ڕۆژێ کاتژمێر چواری ئێوارە لەگەڵ گۆڕانی کێشکی ڕۆژانە، بە شیوەی ڕەسمی کلیدەکان بە کێشکی نوێ سپێردراون؟ هەروەها ئەو کە خۆی لە مهاباد نەبوو، لە کێی بیستووە کە سەربازگە خۆی داوەتە دەست شورای شار. بۆ زانیاری پتری کاک حوسێن پێویستە ڕابگەیەنم کە سەربازگەی سوپا هەم لە بواری ژمارەی ئەندام و هەم لە بواری ژمارە و جۆری چەک و بەرپرسایەتییەوە، جیاوازیی زۆری هەیە، لەگەڵ پێگەیەکی سەربازیی و تەنانەت سەربازگەی ژاندارمەریی. هەروەها ئەوەش ڕاست نییە کە کاک حوسێن ڕادەگەیەنێ، لە دەرەوەی سەربازگەوە هێرش کراوەتە سەر سەربازگەی مهاباد و ئەندامانی ناو سەربازگە بەرگرییان لە خۆیان کردە و لە بەرامبەر یەکتردا سەنگەریان گرتبێت، چونکە هیچ کەسێک

لە دەرەوەی سەربازگەوە هێرشی سەر سەربازگەی نەکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە سەردەمی چەککردنی سەربازگەی مهابادا کۆمەڵە نەبوو، کە پلانی چەککردنی سەربازگەی هەبێت. ئەو بەڕێزانەی کە دواتر کۆمەڵەیان دامەزراند و مێژووەکەیان بە ٥٧/١١/٢٦ ((١٩٧٩/٢/١٥) ڕاگەیاند، لەسەردەمی چەککردنی سەربازگەی مهابادا "گروپێکی خوێندکاریی و ڕۆشنبیریی" بوون. ئەوان بەرلە دامەزراندنی کۆمەڵە واتا سێ مانگ دوای چەککردنی سەربازگەی مهاباد، یەکیەتی جوتیارانیان بە سەرۆکایەتی شەهید فوئاد مستەفا سوڵتانی دامەزراند.

ڕەزا بەستامی لە وتارێکیدا کە لەژێر ناوی حیزبی دیموکرات و شەڕی بەسەردا سەپاودا نووسیویەتی و لە سایتی www.irdc.ir/article.asp "مرکز اسناد انقلاب اسلامی) بڵاویکردووەتەوە، دەربارەی چەککردنی سەربازگەی مهاباد دەڵێت:

**- (.... حیزبی دیموکرات بە گوێرەی پلانێکی داڕێژراو سەربازگەی تیپی سێی مهابادی چەککرد. ژمارەیەک لە کارمەندانی سەربازگە کە سەر بەو حیزبە بوون، دژی فەرماندەی سەربازگە ڕاپەڕین و سەربازگەیان چەککرد. ئەوان سەرگورد عەباسی یان کە سەربە حیزبی دیموکرات بوو، کردە فەرماندەی سەربازگە. ئەو کردەوەیە یەکەم دژایەتی کردنی ئاشکرای حیزبی دیموکرات بوو بە دژی کۆماری ئیسلامی. لە ڕاستیدا حیزبی دیموکرات هەلپەرستانە لە دۆخی نائارامی دوای شۆڕش کەڵکیوەردەگرت بۆ دەستەبەر کردنی زەمینەی هەنگاوەکانی دوایی.)**

حوسێن بەهزادی لە کتێبی "آذرخش مهاجر" بڵاوکراوەی بنکەی "موسسه فرهنگی و هنری شهید آوینی" دا کە لەسەر ژیان و بەسەرهاتەکانی پاسدار "ئەحمەد متەوەسلانی" نووسیویەتی، وتەی متەوەسلانی سەبارەت بە چەککردنی سەربازگەی مهاباد دەگێڕێتەوە و دەنووسێت:

- (... نزیکەی مانگێک دوای سەرکەوتنی شۆڕش، سەربازگەی تیپی ٢ ی زرەیی لەشکری ٦٤ ی ورمێ لە مهاباد بە هاندانی دژە شۆڕشەکان و بە سەرۆکایەتی شێخ عیزەدین حوسێنیی فێڵباز و بەکرێگیراوی ساواکی ڕژێمی ڕوخاوی شا لە مهاباد گەمارۆدرا. هاوکات لەگەڵ ئەو گەمارۆدانە، تیمسار "وەلی اڵلە قەرەنی" یەکەم سەرۆکی سەرکردایەتی هاوبەشی سوپای کۆماری ئیسلامی، بیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و داوای لە خەڵک کرد کە هاوکاریی سوپا بکەن و لە دەوری سەربازگە دووربکەونەوە. لیبراڵەکان تەنیا جارێک ئیزنیاندا بە ڕادیۆ کە ئەو بەیاننامەیە بخوێننەوە و دوای ئەوە ئیتر باس لە بارودۆخی کوردستان نەکرا، کە خەڵک بە مەترسییەکان بزانن و...تد.)

حوجەتولئسلام غوڵامرەزا حەسەنی نوێنەری وەلی فەقێ لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و ئیمام جومعەی ورمێ لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا کە ڕەسوڵ جەعفەریان بۆی کۆکردوەتەوە، ئامارژە بۆ چەککردنی سەربازگەی مهاباد دەکات و دەڵێت:

- (... چەند ڕۆژێک بوو لە مهاباد گەڕابوومەوە، سەرەتای پێکهاتنی حکوومەتی کاتیی بوو، کە پێیانڕاگەیاندین دەیانەوێ چەکوچۆڵی سەربازگەی مهاباد بدەنە دەست شێخ عیزەدین حوسێنی و قاسملوو. ئەو دوو کەسە لە ناوچەکەدا چالاک بوون و دەیانگوت سوپا و حکوومەت توانای دابینکردنی ئەمنیەتی ناوچەکەیان نییە و ئێمە دەمانەوێ خۆمان پڕچەک بکەین و ئەمنیەتی ناوچەی خۆمان بپارێزین. سەربازگەی مهاباد لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوادا سەربازگەیەکی هەرە گرنگی ئازەربایجان بوو. چەک و تەقەمەنی لەشکری ٣ و سەربازگەکانی سەر بەو لەشکرەی دابیندەکرد. ئەوکاتە نزیکەی (٣٦) هەزار تفەنگی ژ٣ ی بە فیشەکەوە لێبوو لەگەڵ جۆرەها تۆپ، تانک و ئوتۆمبێلیشی لێبوو. من گوتم ئەوە پیلانێکی گەورەیە و ئەگەر جێبەجێ بکرێت، ئاڵۆزیی و پشێویی دەخاتە ناوچەکەوە، چونکە ئەگەر ئەو چەکانە بکەونە دەست خەڵکی کورد، کە دیارە ئێمە گرفتێکمان لەگەڵ

ئەوان نەبوو، بەڵام لە ڕاستیدا بەو کارە، ئێمە بە دەستی خۆمان حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەمان بە دژی خۆمان پڕچەک دەکرد. پەیوەندیم بە بەرپرسانی سیاسیی و سەربازیی پارێزگاوە گرت، تا ڕێگاچارەیەک بدۆزینەوە. لەپڕ ئاگادار کرامەوە کە بەڕیز حەمید ڕەزا جەلایی پوور، فەرمانداری ئەوکاتی مهاباد داوای لە بەڕێز داریوش فروهەر کردوە کە بێتە مهاباد و بە هاوئاهەنگیی یەکتر، چەکەکانی سەربازگەی مهاباد بدەنە دەست شێخ عیزەدین حوسێنی و قاسملوو. ئەوە بەو واتایە بوو، کە ئێمە دەبێ لە ڕۆژانی داهاتوودا چاوەڕوانی ڕووداوی ناخۆش بین لە ناوچەکەدا، کە هەربەم جۆرەش بوو.)

سەرەتا دەبێ بڵێم کە تیپی ٣ ی مهاباد هیچ چەشنە چەکوچۆڵێکی بۆ لەشکری ٣ و سەربازگەکانی ئەو لەشکرە دابین نەکردوە! هەموو لەشکر و یەکە سەربەخۆیەکانی سوپا بۆخۆیان بە گوێرەی ڕێکخستنەکانیان، چەک و پێداویستییەکانیان لە سەرکردایەتی هێزەکانی زەمینیی وەردەگرت و ئەو ڕەوتە هەتا ئێستاش لە کۆماری ئیسلامییدا بەردەوامە. جگە لەوەی کاتی چەککردنی سەربازگەی مهاباد، حەمید ڕەزا جەلایی پوور فەرمانداری مهاباد نەبوو، کە بەڕێز داریوش فروهەر بانگهێشتی مهاباد بکات. ناوبراو ئەوکاتە خوێندکاری بەشی کۆمەڵناسیی زانکۆی تاران بوو و ساڵی ١٩٨٠ کردیان بە فەرمانداری نەغەدە و ساڵی ١٩٨٢ بوو بە فەرمانداری مهاباد. ناوبراو دەستی هەبوو لە گرتن و دادگایی کردن و ئیعدامی ٥٩ لاوی خەڵکی مهاباد لە ١٣٦٢/٣/١٢ (١٩٨٣/٦/٢)دا. بەڕێز داریوش فروهەر سەرۆکی لیژنەی حکوومەتی بازرگان بوو، کە لەسەر داوای سەرتیپ پزشکپوور و هاودەنگیی بازرگان و خومەینی بۆ هێمن کردنەوەی مهاباد هاتبووە ئەو شارە. بەداخەوە درۆکردن و بوختان هەڵبەستن یەکێک لەو دیاردە زۆر زەقانەیە کە حوجەتولئسلام حەسەنی لە ماوەی دەسەڵاتدارییدا خۆی پێبەستووەتەوە و نانی پێدەخوات.

لە کۆتاییدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە وتارێکدا کە لە ژێر ناوی "چل ساڵ خەبات و تێکۆشانی بێوچان"، لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٠٧، تایبەت بە ٢٥ ی گەلاوێژ، بڵاویکردووەتەوە، ئاماژە بە چل ڕووداوی گەورەی حیزب لە مێژووی چل ساڵەیدا دەکات، کە یەکێک لەو چل چالاکییانە، چەککردنی سەربازگەی مهابادە و لە لاپەڕەی ١٥دا دەنووسێت: ڕۆژی ٣٠ ڕێبەندانی ١٣٥٧ سەربازگەی مهاباد لە لایەن حیزبی دیموکرات و بە هاوکاریی ئەرتەشییە شۆڕشگێرەکان چەککرا.

## ڕووداوەکانی دوای چەککردنی سەربازگەی مهاباد

لەدوای چەککردنی سەربازگەی مهاباد، ئیتر من نەچوومەوە سەربازگە و لەسەر داوای مامە غەنی وازم لە چوونەوەی سەربازگە هێنا. ڕۆژێک دوای چەککردن، ژمارەیەکی زۆر خەڵک خۆ دەگەیەننە سەربازگە بۆ ئەوەی کە چەک و ئوتۆمبێل و کەرەسەی سەربازگەکە ببەن، پێشمەرگەکان تەقەیان لێدەکەن و دوو کەس بە ناوی "گوڵاوی ئاغا" و "جەعفەری گەوهەری" کوڕی مام چوکەڵی گەوهەری دەکوژن. بۆ ئاگاداریی خوێنەرانی بەڕێز، من بە ساڵان لەسەر مام چوکەڵ لەژێر چاودێریی و گوشاری زیدیئیتلاعاتدا بووم. حیزبی دیموکرات مەلا مینەی کردە بەرپرسی پاراستنی سەربازگە، کەچی بەهۆی گوشاری ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات و لاوانی چەپی دەوروبەری مەلا شێخ عیزەدین و چریکی فیدایی خەڵک و ژمارەیەک دز و تاڵانچی کە بە بەردەوامیی خۆیان دەگەیاندە سەربازگە و چەک و کەرەسەیان دەبرد، نەیتوانی درێژە بە ئەرکەکەی بدات و ڕۆژی سێیەم مەلا حەسەنی شێوەسەڵی جێی مەلا مینەی گرتەوە و بوو بە بەرپرسی سەربازگە.

لە لایەکی ترەوە کۆماری ئیسلامیی سەرهەنگ "پەرویز ڕزمیپوشی" کردبووە فەرماندەی سەربازگەی مهاباد کە کورد و خەڵکی سەقز بوو.

سەرهەنگ ڕەزمیپوش چەند جار بە نهێنی هاتە مهاباد و چاوی بە ژمارەیەک ئەفسەر و پلەداری تورک و فارس کەوت کە ماڵیان لە مهاباد بوو. من بۆخۆم ڕەزمیپوشم نەبینی، بەڵام ئەو سەردانی سەرهەنگ قادری کردبوو.

بەهەر حاڵ کاک کەریم پورقوباد و کاک ئەحمەدی جاویدفەر و ژمارەیەکیتر بە بەردەوامیی دەچوونەوە سەربازگە، تەنانەت کاک ئەحمەد و کاک کەریم بۆ ئەوی کە ڕێگە لە دز و تاڵانچییەکان بگرن، پاشماوەی چەک و تەقەمەنی یەکەکانی پیادەیان گواستەوە بۆ یەکەی خۆیان و بە ژمارەیەک سەرباز کە هێشتا لە سەربازگە مابوونەوە، دەیانپاراستن، کەچی ئەوانیش بێزاربوون، چونکە مەلا ڕەسوڵی پێشنماز و سەید ڕەسوڵی بابی گەورە و عومەری قازی و سەلیمی بابانزادە بەبێ پرسکردن بەو دوو کەسە، زۆربەی چەکەکانیان بە ناوی حیزبەوە لە سەربازگە گواستەوە. جگە لەوە ژمارەیەکیش تاڵانچی لە "گروپی زەربەت" دا کۆببوونەوە و بە خەستیی خەریکی ڕاووڕوت و تاڵانیی بوون و دوو جار لەنێوان چەکدارەکانی گروپی زەربەت و پێشمەرگەکانی سەربە حیزبی دیموکرات لەسەر بردنی چەک گرفتی گەورە پەیدا بوو. دواتر بە گیرانی عەبدوڵا مەنگوڕی و حەمەدەمینی مێهرەبانی بەڕێوەبەرانی گروپی زەربەت لەلایەن شورای شاری مهابادەوە و سپاردنیان بە دادگای شۆڕشی ئیسلامیی، ئەو گروپە کۆکرایەوە، مەحمودی مەنگوڕی و حەمەدەمینی مێهرەبانی دەستبەسەر کران، چەند کەسێکیان چوون لە شورای شارەوە بە شێوەیەکی یاسایی خزمەت بکەن و ئەوانیتریش بڵاوەیان پێکرا.

لە ئەنجامی ئەو کردەوە دزێوانەدا، ڕۆژی ١٣٥٧/١٢/٩ (١٩٧٩/٢/٢٨) کاک ئەحمەدی جاویدفەر بە پشتیوانیی ئەو ژمارە سەربازەی کە لە یەکەکەیدا مابوون و چەک و تەقەمەنییەکانیان دەپاراست، پەلاماری پێشمەرگەکانی پاراستنی سەربازگەیدا و جگە لە مەلا حەسەنی شێوەسەڵی کە لەو کاتدا لە عەمباری چەک و تەقەمەنی "زاخە" بوو،

ئەوانیتریان چەککرد. هەژار ویستی مەلا حەسەنیش چەک بکات، بەڵام خۆی بەدەستەوە نەدا و مەسەلەکە بە یارمەتی سەرگورد عەباسی کۆتایی پێهات. لەو کاتەدا من و کاک کەریم پوورقوباد لە شەقامی شاپوور خەریکی پیاسە کردن بووین، هەر کە بەو هەواڵەمان زانی، بە پەلە خۆمان گەیاندەوە سەربازگە و جاویدفەرمان لەگەڵ خۆمان برد، تا کێشەکە قوڵ نەبێتەوە.

چەککردنی سەربازگەی مهاباد گرفتی زۆری بەدوادا هات. چل و چوار ئەفسەر و پلەدار و سەرباز و چەند لاوی خەڵکی مهاباد بە تاوانی چەککردنی سەربازگە و تەسلیم کردنی بە حیزبی دیموکرات لە لایەن سەرکردایەتی لەشکری چواری ورمێیەوە بە تاوانبار ناسران و لە جێی خۆیدا ئاماژەیان بۆ دەکەم.

ڕۆژی ١٣٥٧/١٢/٢٤ (١٩٧٩/٣/١٤) لەگەڵ کەریم پورقوباد، یونس بانیان و کازمی سەوزەچی چووین بۆ ورمێ، بۆ ئەوەی کە بەڵکوو بتوانین لە ڕێگەی دۆستان و ناسیاوانەوە تاوانی چەککردنی سەربازگەی مهاباد لەسەر خۆمان و ئەو ژمارە ئەفسەر و پلەدار و سەربازانە هەڵبگرین. لە ڕووبەڕووی بینای سەرکردایەتی لەشکر، ئوتۆمبێلەکەمان ڕاگرت و لەوێ وەستاین تا ئاشنایەک بدۆزینەوە و لەگەڵی بچینە لای سەرهەنگ سادقی سەرۆکی ئەرکانی لەشکر. سەروان "غولامڕەزا بێجانی" ئەفسەری روکنی دووەمی گوردانی ١١٥ی پیادە بە پەلە هاتە لامان و بە زمانی تورکی ئازەبایجانی گوتی:

- (حامید چیدەکەیت لێرە؟ زوو دوربکەوە، من ئێستا لە ڕوکنی دووی لەشکر بووم. بڕیاریانداوە بتگرن، بە پەلە ڕابکە، چونکە ئەگەر بزانن لێرەی دێن دەتگرن.)

ئێمە کە لە تەنیشت ئوتۆمبێلەکەمانەوە وەستابووین، بە بیستنی ئەو هەواڵە، سوپاسی سەروان بێجانیمان کرد و سواربووین و بەبێ وەستان گەڕاینەوە مهاباد، تا گەیشتینەوە مهاباد ترسمان هەبوو. لەوە

دەترساین لە ڕێگەدا پاسدار دەستگیرمان بکەن، چونکە لە هەلومەرجی ئەو کاتەدا گرتن و کوشتن کارێکی زۆر ئاسایی بوو.

## ڕاکردن لە ئیعدام

دوای شەڕی سنە، مەهدی بارزگان سەرۆکوەزیرانی حکومەتی کاتی ئێران ڕۆژی ١٣٥٨/١/٦ (١٩٧٩/٣/٢٧) سەرلەشکر "وەلی قەرەنی" لە بەرپرسایەتی خست و سەرتیپ "فەلاحیان"ی لە جێی ئەو دانا و کردی بە فەرماندەی گشیی هێزەکانی زەمینیی سوپا. دوای ئەو گۆڕانکارییە قەرەنی ڕۆژی ١٣٥٨/٢/٣ لە ماڵەکەی خۆیدا لە تاران، لە لایەن گروپی "فورقان" کە گروپێکی ئیسلامیی دژ بە ڕژێمی خومەینی بوو، تیرۆر کرا.

فەلاحیان داوای لەو ئەفسەر و پلەدارانە کردبوو کە زەهیرنژاد فەرماندەی لەشکری چواری ورمێ تاوانباری کردبوون بە چەککردنی سەربازگەی مهاباد، بەگوێرەی ئەو داواکارییە، دەبووایە ئێمە ڕۆژی ١٣٥٨/٢/١٥ (١٩٧٩/٥/٦) بچین بۆ لای فەرماندەی گشتیی هێزەکانی زەمینیی سوپا لە تاران. بەو مەبەستە ڕۆژی ١٣٥٨/٢/١٢ (١٩٧٩/٥/٣) بە خزمەت دوکتۆر قاسملوو گەیشتم و پێیڕاگەیاندم:

**- (بەشێک لە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی، چەککردنی سەربازگەی مهابادیان کردووەتە بیانووی سەر ڕێگەی وتووێژەکانی نێوانمان و دەبێ ئێمە بە جددی ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین. بۆ ئەم مەبەستە لە بواری داواکردنی ئێوەدا من قسەم لەگەڵ کاک جەلیل کردووە و لە لایەن حیزبەوە ئاگادارکراوە کە لەگەڵتان بێت و هەر لەوێ کۆتایی بە کێشەکە بهێنێت. ئێوە پێویستە بزانن کە چوونی ئێوە جێگەی مەترسی نیە!)**

بە گوێرەی ئەو بەڵێنەی کە دوکتۆر قاسملوو بە ئێمەی دا، بەرەبەیانی ڕۆژی ١٣٥٨/٢/١٥، لەگەڵ بەڕێزان کەریم پوورقوباد، عەبدوڵای ئەفشین، ئەحمەدی جاویدفەر و یونسی بانیان بە سواری

ئوتۆمبێلە پەیکانەکەی یونس بەرەو تاران کەوتینە ڕێ و کاتژمێری ١٥٠٠ گەیشتینە سەرکردایەتی سوپا و کاتژمێری ١٦٠٠ چاومان بە سەرتیپ فەلاحیان کەوت. بە پێچەوانەی گوتنی کاک دوکتۆر قاسملوو، ئێمە لەو سەفەرەدا هیچ هەواڵێکی کاک جەلیلمان نەزانی و لە ڕاستیدا ئێمە بە پێی خۆمان چووبووینە ناو دەمی گورگەوە.

هەر وەک گوتم فەلاحیان تازە کرابوو بە فەرماندەی هێزەکانی زەمینیی سوپای ئێران. کاتێک کە چووینە ژورەکەی، بینیمان جگە لە ئێمە، سەرگورد سەعیدنیا فەرماندەی یەکانی خەدەمات و ژمارەیەکیتریش ئەفسەر و پلەداری تورک و فارس لەوێن. هەموومان لە دەوری مێزی فەلاحیان وەستابووین. ئەویش دانیشتبوو، سەرهەنگێکی ڕیشدار و سەروانێکی بێڕیش لە باسکی چەپەی، ڕووبەڕووی ئێمە وەستابوون. من لە ناوەڕاست و لە پێش مێزەکەی فەلاحیان بووم، جاویدفەر، ئەفشین، پوورقوباد و بانیان لەم لا و ئەولای من بوون. بەگوێرەی نەریت ئەو کەسانەی کە کاری ئیداریی دەکەن، یان نووسەرن، هەرکە چاویان بە کاغەز و کتێبێک دەکەوێت، سەرنجیان بەرەو کاغەز و کتێبەکە دەچێت. من کە بینیم نامەیەکی ئیمزاکراو لەسەر مێزی فەلاحیانە و ناوی من و هەڤاڵانمی لەسەرە، زۆر بە پەلە نامەکەم خوێندەوە، نووسرابوو:

**لە سەرکردایەتی گشتیی هێزەکانی زەمینیی سوپاوە**

**بۆ جەنابی سەرهەنگ محەمەدی سەرۆکی دادگای سەربازیی سوپا**

**ژمارە..... مێژوو ١٣٥٨/٢/١٥**

**ئەم ٤٨ ئەفسەر، پلەدار، سەرباز و غەیرەنیزامییانەی خوارەوە، بە تاوانی چەککردنی سەربازگەی مهاباد و بەدەستەوەدانی بە شەڕخوازان "ئەشرار"، دەدرێن بە دادگای سەربازیی. تکایە بە قەراری موەقەت لە زینداندا ڕایابنگرن تا چارەنوسیان دیاریی دەکرێت.**

**سەرتیپ فەلاحیان**

**فەرماندەی هێزەکانی زەمینیی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

تاوانبارانی ڕیزی یەکەم:
١- ئوستوار یەکەم حامید گەوهەری فەرماندەی گروپی پلانگێڕیی عەمەلیات "فرمانده گروه توطئه عملیات".
٢- ستوان سێیەم عەبدوڵا ئەفشین ڕاد پروپاگەندەچی گروپی پلانگێڕیی عەمەلیات "مبلغ گروه توطئه عملیات".
٣- گروبان یەکەم کەریم پوورقوباد پروپاگەندەچی گروپی پلانگێڕیی عەمەلیات "مبلغ گروه توطئه عملیات".
٤- ستوان یەکەم ئەحمەد جاویدفەر پروپاگەندەچی گروپی پلانگێڕیی عەمەلیات "مبلغ گروه توطئه عملیات".
٥- سەرگورد حەبیبوڵا عەباسی پەیوەندییگری نێوان حیزب و گروپی پلانگێڕیی عەمەلیات "مسئول ارتباط حزب با گروه توطئه عملیات".
تاوانبارانی ڕیزی دووەم:
١- ستوان یەکەم ئورمچی نەگرتنی هەڵوێست لە بەرامبەر گروپی پلانگێڕیی عەمەلیات.
٢- ستوان سێیەم ئەلوەندی هاوکاریی لەگەڵ گروپی پلانگێڕیی عەمەلیات.
٣- سەرهەنگ دووەم ئیرەجی قادری هاوکاریی لەگەڵ گروپی پلانگێڕیی عەمەلیات.
٤- سەرگورد فەتاحی مشیری نەگرتنی هەڵوێست لە بەرامبەر گروپی پلانگێڕیی عەمەلیات.
٥- سەرگورد سەعیدنیا نەگرتنی هەڵوێست لە بەرامبەر گروپی پلانگێڕیی عەمەلیات.
٦- ئوستوار یەکەم حەسەن تەنهایی هاوکاریی لەگەڵ گروپی پلانگێڕیی عەمەلیات.
تاوانبارانی ڕیزی چوارەم:
١- سەرباز سەلاحی کەریمی هاوکاریی لەگەڵ گروپی پلانگێڕیی عەمەلیات.

**٢- غەیرەنیزامیی عەزیزی ماوارانی هاوکاریی لەگەڵ گروپی پلانگێڕیی عەمەلیات.**

دیارە ئەوانە بەشێکن لەو ٤٨ کەسە کە توانیم ناوەکانیان لە مێشکمدا ڕابگرم. بە هەر حاڵ بە بینینی ئەو نامەیە، تێگەیشتم کە ئەگەر ئێمە بچین بۆ دادگا، ئیتر ڕزگاربوونمان نیە و مەبەستی سوپاش لە نووسینی " قەراری بازداشتی موەقەت" تەنیا ئەو پێنج کەسەمان بووین، کە بە تاوانباری سەرەکیی چەککردنی سەربازگە ناسرابووین. لەبەرئەوە و بۆ ئەوەی کە کارەکەمان لێ خراپ نەبێت، لە بێدەنگیی بەشداران لە بەرامبەر پرسیارەکانی فەلاحیاندا، گوتم:

**- بەشێک لە ئێمە لە سەردەمی شادا بە دەست زیدیئیتلاعات و فەرماندە سوێندخۆرەکانی شاوە ئازارمان دیوە و لە خۆوە دۆسیەی سیاسییان بۆ دروستکردووین و زیندانیی و تەبعید کراوین. بۆ ئەوەی کە شۆڕشی ئیسلامیی بە سەرۆکایەتی ئیمام خومەینی سەربکەوێت، ئێمە دژی ڕژێمی شا بەشداریی خۆپێشاندانەکانمان کردووە و ئەفسەر و پلەداری پێشڕەوی سەربازگەی مهاباد و تیپی سێی مهاباد بووین. ئەو کەسانەی کە ڕاپۆرتیان لەسەر ئێمە داوە و بە تاوانباری ڕووداوی سەربازگەی مهاباد ناویان بردووین، زۆربەیان خەوی گەڕانەوەی ڕژێمی شا دەبینن. ئێمە داواتان لێدەکەین بۆ ڕوونبوونەوەی ڕاستییەکان ئێمە بدەن بە دادگا و لە خۆوە بڕیار لەسەر ئێمە مەدەن، چونکە بڕیاری بە پەلە دەشێت هەڵە بێت و ڕاستییەکان لە تاریکیدا بهێڵێتەوە.**

سەرتیپ فەلاحیان قسەکانی منی بەدڵ بوو، ڕووی لە دوو ئەفسەرەکەی تەنیشتی کرد و گوتی: (ئێوە ڕاتان چییە؟). هەردووکیان لەگەڵ دادگاییکردنی ئێمە بوون، بێئاگا لەوەی کە من نامەکەی سەر مێزی فەلاحیانم خوێندووەتەوە! فەلاحیان گوتی:

- (زۆر باشە ئێوە دەتوانن لە دادگادا بەرگریی لە مافی خۆتان بکەن.)

لە وەڵامیدا گوتم:

- ئێمە تەنیا ئەو چەند کەسە نەبووین کە پشتیوانیمان لە شۆڕش و کۆماری ئیسلامیی ئێران کردووە، بەڵکوو ژمارەمان لە ١٠٠ کەس پترە. لە کاتی قسەکردنمدا جانتایەکی دەستییم پێبوو کە هەندێک کاغەزی تێدابوو، کردمەوە و گوتم ئەمە بەشێک لەو بەڵگانەیە. ئەمڕۆ سێ شەممەیە، ئیزنمان بدەن بگەڕێینەوە مهاباد بۆ ئەوەی کە ئەفسەر و پلەدار و بەڵگەکانیترمان بهێنین و ڕۆژی شەممە بێینەوە خزمەتتان و ڕەوانەی دادگامان بکەن.

فەلاحیان سەبارەت بەو پێشنیازە ڕای دوو ئەفسەرەکەی پرسی. سەروانەکە لەگەڵ پێشنیازی من بوو، بەڵام سەرهەنگەکە دژ بوو، گوتی با بچن لە جەنابی سەرهەنگ محەمەدی سەرۆکی دادگا ئیزن وەربگرن. لە وەڵامدا فەلاحیان گوتی، بچن بۆ خۆتان مەسەلەکە چارەسەر بکەن. ڕووی لە ئێمە کردەوە و گوتی: (فەرمایشێکی ترتان هەیە؟)، دوو سێ کەس قسەیان کرد. یەکێکیان کاک کەریم پوورقوباد بوو کە دەستی بەرز کردەوە و لە جیاتی ئەوەی کە بڵێت "عەرزم هەیە!" گوتی: بەڵێ فەرمایشم هەیە. فەلاحیان گوتی: (فەرموو)، کاک کەریم گوتی:

**- (ئێمە شۆڕشمان کردوە، نیشانەکەشی ئەوەیە تیمسار و دارودەستەکەی بە ڕێزەوە پەیکەری شایان دابەزاند و لە عەمبارەکانی پادگاندا ڕایانگرت کە بە هاتنەوەی شا دەرەجەی پێوەربگرن.)**

ئاکامی باسەکان بەوە گەیشت کە فەلاحیان گوتی: **(فەرموون لەگەڵ جەنابی سەرهەنگ و جەنابی سەروان بچن کارەکەتان جێبەجێبکەن.)**

ژوری تیمسار فەلاحیانمان بەجێهێشت و لە قاتی خوارەوە کۆکراینەوە. سەرهەنگەکە کاغەزێکی دەرهێنا کە ناوی ئێمەی لەسەر نوسرابوو. ناوەکانی خوێندەوە، ناوی "یونس بانیان" لە لیستی ناوەکاندا نەبوو. سەرهەنگ بە یونس بانیانی گوت:

**- (لەشکری ورمێ ئاگاداری کردووین کە تۆ خزمەتی زۆرت کردووە و پێویستی بەوە نەدەکرد کە زەحمەت بکێشیت و بێیتە ئێرە!)**

دوای خوێندنەوەی ناوەکان ئێمەیان لە ئەوانیتر جوداکردەوە. سەروانەکە ئێمەی سواری ئوتۆمبێلێکی سەربازیی کرد و یونس بانیانیش بە ئوتۆمبێلەکەی خۆی بە دواماندا هات. ئێمەیان بردە ماڵی تیمسار "بەدرەیی" کە شەو لەوێ بمێنینەوە و بەیانی ڕۆژی دوایی بماندەن بە دادگا.

ماڵی تیمسار بەدرەیی لە گۆشەیەکی سەربازگەی "لەویزان"دا بوو. دوای تیرۆرکردنی لە لایەن لایەنگرانی ڕژێمەوە، سەرکردایەتی هێزەکانی زەمینیی سوپا دەستی بەسەر ماڵەکەیدا گرتبوو و کردبوویان بە میوانخانەی سوپا. سەروانەکە ئێمەی لەو میوانخانەیە دابەزاند و پێیگوتین کە ڕۆژی ١٣٥٨/٢/١٦ (١٩٧٩/٥/٧) دێتەوە لامان.

سەربازێک ژورەکانی پێشاندابن. کاتێک کە ئێمەی بەجێهێشت هەمووممان لە ژوورێکدا کۆبووینەوە. یونس کە لە چەککردنی سەربازگەدا هاوکاریی ئێمەی کردبوو، دواتر بایدابووەوە لای ڕژێم و دژی ئێمە هاوکاریی و خزمەتی ڕژێمی کردبوو. ئەو مەسەلەیە ئێمەی ناڕەحەت کرد و ئەفشین لە هەمووممان زیادتر و بە توندیی لە یونس توڕە بوو. لەناو ئەو کەسانەدا کە ڕۆژی چەککردنی سەربازگە هاوکاریی ئێمەیان کردبوو، یان بەدانی دروشم لەگەڵ ئێمە بوون، نزیکەی ٨٧ کەسیان بە ڕاپۆرتی ڕەسمیی منیان بە تاوانباری چەککردنی سەربازگە ناساندبوو. تاوانباری دووەم ستوان ئەفشین بوو.

بەهەر حاڵ، توڕە بوونی ئێمە لەو هەلومەرجە ناسکەدا چارەسەر نەبوو، لەبەرئەوە هەندێک ئارام بووینەوە. دوایی لە منیان پرسی: (بۆچی داوات کرد کە ئێمە دادگایی بکەن؟) منیش ڕووداوی بینینی نامەکەم بۆ گێڕانەوە و پێشنیازم پێکردن کە خۆمان دەربازبکەین و بە زووترین کات ماڵی بەدرەیی بەجێبهێڵین. بە تێکڕا وتەکانی منیان سەلماند. بەو پێیە لە هەنگاوی یەکەمدا بڕیارماندا بچینە ڕەستورانی میوانخانە و خواردنێکیان لێ داوا بکەین کە نەیانبێت. چووین تەماشای خۆراکەکانمان کرد، " کەبابی مریشک"یان نەبوو. داوای کەبابی

مریشکمان کرد و گوتیان کەبابی مریشکمان نیە! بەڵام لە ڕەستورانەکانی "شیمران" هەیە. گوتمان کەوابوو دەچین لەوێ دەیخۆین و بۆ نووستن دەگەڕێینەوە ئێرە. شیمران لە باکوری تاران بوو، لە ئێمەوە زۆر دوور نەبوو. ڕێگەی چوونمان لە سەربازەکە پرسی و میوانخانەکەمان بەجێهێشت. هەرکە سواربووین، داوام لە یونس کرد بەرەو مهاباد لێبخوڕێت. ئەفشین دژ بوو، گوتی باوەڕتان پێناکەم و ئێوە خیانەتم لێدەکەن! من کۆمەڵێک منالم هەیە و جگە لە من کەسێکیان نیە! کەریم و جاویدفەر لەگەڵ پێشنیازەکەی من بوون و یونس بێدەنگ! دیارە هەڵوێستی یونس بۆ ئێمە گرنگ نەبوو، چونکە لە سەرکردایەتی سوپا پێیان گوت کە پێویستی بە هاتنی تۆ نەدەکرد!

ئەفشین بە تەواویی شڵەژابوو. ئارام نەدەبووەوە. هەر چەند خولەکێک بەگژ یونسدا دەچوو و ئێمەش ئاراممان دەکردەوە. بەڵێنی شەرەفمان پێدا کە خیانەتی لێناکەین و سەرئەنجام ڕازی بوو کە لەگەڵمان بگەڕێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی کە بە تەواویی دڵنیا بێت، داوام لە یونس کرد کە ئێمە ببات بۆ ماڵی کاک "ڕەحمەتی هیندی". کاک ڕە حمەت خاڵی یونس بوو، قازی و پارێزەری دادگاکانی تاران بوو. هەرچەندە من دەمزانی مانای "قەراری بازداشتی موەقەت" چیە و ئەگەر کەسێک بەو بڕیارە بدەن بە دادگا، تا کۆتاییهاتنی دادگاییەکەی لە زینداندا دەمێنێتەوە، بەڵام ویستم کاک ڕەحمەت یارمەتیمان بدات و کاک عەبدوڵا و هەڤاڵانم لە بڕیارەکە دڵنیا بکەمەوە. کاک ڕەحمەت لە سەردەمی خوێندنگەدا مامۆستای من بوو، دوای خوێندنیش پەیوەندییمان پێکەوە هەبوو، زۆر بە گەرمیی پێشوازیی لێکردین و کاتێک باسی نووسراوەکەی سەرکردایەتیمان بۆ کرد، گوتی:

**- (کاری باشتان کردووە کە لەوێ نەماون، چونکە دادگای سەربازیی ئەمڕۆ بەشێکە لە دادگای شۆڕش و حوکمی تاوانی ئێوەش ئیعدامە. مادام سەرکردایەتی سوپا بە "قەراری بازداشتی موەقەت" بە دادگای ناساندوون، دادوەرەکان ناتوانن تا کۆتایی دادگا ئێوە ئازاد بکەن!)**

بەدەم قسەکردنەوە لە ماڵی کاک ڕەحمەتی هیندی شیومان خوارد و دوای تەواو بوونمان، ماڵئاواییمان لێکرد و بە ڕێگەی "زەنگان" و "بیجار" و سنەدا، گەڕاینەوە مهاباد.

کاتژمێر دووی نیوە شەو بوو، لە دەروازەی شاری زەنگان بەرەو بیجار، دوو پاسدار ڕایانگرتین و داوایان لێکردین بۆ پشکنین لە ئوتۆمبێل دابەزین. ئێمە هەمووومان جگە لە ئەفشین دابەزین، بەڵام ئەفشین لەناو ئوتۆمبێلەکەدا مایەوە و ئامادەنەبوو داببەزێت و وەڵامی پاسدارەکان بداتەوە. یەکێک لە پاسدارەکان ماشەی تفەنگەکەی ڕاکێشا و گوتی ئەگەر دانەبەزێت تەقەی لێدەکەم. ئەفشین بە بەرگی ئەفسەرییەوە بوو و ئێمەش کارتی پێناسی خۆمان پێشانی پاسدراەکاندا و گوتمان مەئمورییەتمان هەیە و دەبێ بە پەلە خۆمان بگەیەنینە کوردستان، ئەو برادەرەی ئێمە توڕەیە و نایەوێ بچێت. داوامان کرد وازی لێ بهێنن، قبوڵیان نەکرد و سەرئەنجام بە تکا و پاڕانەوەیەکی زۆر کاک عەبدوڵای ئەفشینمان ڕازیی کرد و لە ئوتۆمبێلەکە دابەزی. پاسدارەکان ئوتۆمبێلەکەیان پشکنی و ڕێیانداین بڕۆین.

لە ڕێگای زەنگانەوە بۆ بیجار کە تاریکەشەو بوو، جگە لە دەنگی ئوتۆمبێلەکەمان هیچ دەنگێکی‌ترمان نەدەبیست، لە قوڵایی ئازارەکانی ئەفشیندا هەستمان بە دەرد و ئازاری خۆمان دەکرد. ڕەنگە تا ئەوکاتە، تەنانەت بۆ یەک جاریش بەو شێوەیە نەچووبووینە ناخی کێشەکەمانەوە. ئێمە سەربازگەیەکمان چەککردبوو، کە بە وتەی مەلا حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا، جگە لە تانک و تۆپ و چەکی قورس، (٣٦) هەزار چەکی (ژ.٣)ی تێدابوو. بۆچی ئێمە بەبێ وردبوونەوە لە کارەکەمان، بە قسەی دوکتۆر قاسملوو خۆمان هاویشتە گەرووی شێرەوە؟ چۆن بوو کاک جەلیل گادانی لە شوێنی بەرپرسایەتی خۆی ئامادە نەبوو کە ڕێگە لە دەستگیرکردنی ئێمە بگرێت!

بەڕاستی ئەوە بیرکردنەوەیەکی ساوایانە بوو کە کاک جەلیل بتوانێ بێتە سەرکردایەتی سوپای ئێران و داکۆکیی لە ئێمە بکات؟ ئەی چۆن دوکتۆر قاسملوو گوتی ئەو دێت و کارەکەتان جێبەجێ دەکات! ئایا دوکتۆر قاسملوو ویستی بە ناردنی ئێمە بۆ تاران و دەستگیرکردن و سەرئەنجام ئیعدام کردنی ئەو چەند کەسەمان تاوانی چەککردنی سەربازگەی مهاباد لەسەر حیزب هەڵبگرێت؟ ئەوە نهێنییەک بوو کە هەر وەک خۆی ماوەتەوە. بە هەر حاڵ بیرکردنەوە لە چارەنوسی خۆمان و بنەماڵەکانمان، هەموومانی بێدەنگ کردبوو، تا سەرئەنجام گەیشتینە بیجار. شارمان بەجێهێشت و دیسان لە دەروازەی شار بەرەو سنە، کۆمەڵێک پاسدار پێشیان لێگرتین. بە پێچەوانەی زەنگان، بە ڕێزەوە ڕەفتاریان لەگەڵ کردین و گوتیان:

**- (دەرچوونی ئێوە بەو شەوە، ڕەنگە مەترسیتان بۆ بخوڵقێنێت و چەکدارانی دژی شۆڕش لە ڕێگەدا زیانتان پێبگەیەنن، باشترە بچنە بنکەی پاسداران و دوای ڕوناکیی هەوا بەرەو مەئمورییەتەکەتان بڕۆن.)**

نەماندەتوانی بەبێ ئیزنی ئەوان درێژە بە ڕێگا بدەین و ماوەیەکی زۆریشی بۆ ڕوناکیی هەوا نەمابوو. لەبەر ئەوە داوامان کرد ئیزنمان بدەن هەر لەوێ لە سەر جادەکە لە گۆشەیەکدا لە لای ئەوان بمێنینەوە و دواتر درێژە بە ڕێگەکەمان بدەین، ڕازیی بوون. لەناو ئوتۆمبێلەکەدا ئۆقرەمان نەدەگرت و هەر لە بیرکردنەوەدا بووین تا ڕوناک بووەوە و ڕێیان داین بڕۆین. ماڵئاواییمان لە پاسدارەکان کرد و ئەوانیش هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواستین. ئیتر تا گەیشتینە سنە دڵتەنگ بووین و لەوە دەترساین کە ئەم جارەیان بکەوینە کەمینی پێشمەرگەوە! بە گەیشتنمان بۆ سنە، ئارام بووینەوە و بەبێ وەستان خۆمان گەیاندەوە مهاباد. هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ کاک کەریم پورقوباد چاومان بە سەرهەنگ قادری کەوت، بە بینینی ئێمە زۆر خۆشحاڵ بوو، گوتی:

**- (شوکور کە ڕاتان کردووە، ئەگەرنا چاومان بە یەکتر نەدەکەوتەوە!)**

دوای گەڕانەوەمان لە تاران، چوومە لای دوکتۆر قاسملوو و ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە، لەبەرئەوەی کە کاک جەلیل نەیتوانیبوو یارمەتیمان بدات، داوای لێبوردنی لێکردم و گوتی:

**- (کاری باشتان کردووە کە گەڕاونەتەوە. من هەوڵدەدەم لە دیدارەکانماندا لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت ئەو کێشەیە چارەسەر بکەم.)**

داوای لێکردم هاوکاریی "شورای نیزامی" حیزب بکەم کە برایمی سۆفی مەحمود "مەلا محەمەدی جوانڕۆ" لەژێر چاودێریی دەفتەری سیاسی و شەخسی دوکتۆر قاسملوودا کارەکانی بەڕێوەدەبرد. مەلا محەمەد ئەندامی حیزبی شیوعی عێراق بوو. لە سەردەمی شۆڕشی ئێراندا، حیزبی شیوعی بەهۆی دۆستانییەوە لە مهاباد، خانووبەرەیەکی لە "بلۆار"ی مهاباد بۆ میاندواو لە نزیک "دانشسەرای کچان" بە کرێ گرتبوو، مەلا محەمەد و ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزبی شیوعی و مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی "ئەبو سەرباز" لەوێ بوون. جوانڕۆ و چەند کەسێکیتر لەسەر پێشنیازی دوکتۆر قاسملوو و داوای محەمەدئەمینی سیراجی لە حیزبی شیوعی عێراق، ناردرانە ناو حیزبی دیموکرات کە یارمەتی حیزب بدەن و حیزب بەرپرسایەتی کاروباری پێشمەرگەی لە مهاباد پێسپارد بوو.

بەم جۆرە من ئاشکرابووم و بە شیوەی ئاشکرا هاوکاریی مەلا محەمەدم کرد. دوای ماوەیەکی کەم لە لایەن دۆستانمانەوە لە ناو سوپا و لەشکری ورمێدا ئاگادار بووینەوە کە دادگای سەربازیی ئێران لە دادگاییکردنێکی پاشملەدا "غیابی" من، سەرگورد عەباسی، عەبدوڵا ئەفشین، ئەحمەدی جاویدفەر و کەریم پوورقوبادی بە تاوانی خیانەت بە سوپا و نیشتمان بە ئیعدام مەحکوم کردوە و فەرمانی بەڕێوەبردنی حوکمەکەی بە سوپا سپاردوە.

## کۆماری ئیسلامیی داوای سەربازگەی مهاباد دەکاتەوە

بەشێک لە کاربەدەستە خاوەندەسەڵاتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە زۆربەیان مەلا و کەسایەتی توندڕەوی ئیسلامیی بوون، زۆر بە جیددیی هەوڵیاندەدا بیانوویەک بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئێران بگرن و هێرش بکەنە سەر گەلی کورد و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنی و کەسایەتییە ئازادیخوازەکان. لە بەرامبەر ئەو لایەنە توندڕەوەدا، هێزە سیاسی و مەدەنییەکان بەبێ ئەوەی کە بەرەیەک، یان پەیوەندییەکی نزیکی ڕێکخراوەییان پێکەوە هەبێت، ببوونە دوو بەش. بەشێکیان وەک حیزبی تودە، موجاهیدی خەڵک، هێزە ئیسلامییەکانی شیعە و تەنانەت کاک ئەحمەدی موفتی زادەش کە ڕێبەرێکی بەتوانای ئایینیی سوننەی کوردستان و مرۆڤێکی ناسراو و شۆڕشگێڕی سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی پەهلەوی بوو، هەریەکەیان بە بۆچوون و تیۆری خۆیان پشتی خومەینییان دەگرت. بەشەکەیتر کە بریتی بوو لە ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران، یەکیەتی جوتیاران، توفان، پەیکار و ژمارەیەک ڕێکخراوی بچوکیتری هەڵگری بیریی ماویی دژی دەسەڵاتی خومەینی بوون و دانیان بە شۆڕشی ئێران دانەدەنا. لەو ناوەشدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سیاسەتێکی دیار و ڕۆشەنی نەبوو، هەندێک جار لایەنی خومەینی و شۆڕشی ئێرانی دەگرت و دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی دژ بە شۆڕشی ئێران دروشمی دەدا و هەوڵیدەدا کێشەی کوردستان بە ڕێگەی ئاشتی و گفتوگۆ چارەسەر بکات و هەندێک جاریش بە کردەوە لەگەڵ باڵی چەپە توندڕەوەکاندا دەکەوت.

ڕێکخراوە چەپە ماوییەکان کە لە شارە فارس و تورک نشینەکاندا گوشاریان بۆ هاتبوو، ڕێگەی خەباتی ئاشکرایان لێگیرابوو، خۆیان گەیاندبووە کوردستان و بە ئاشکرا هەڵدەسوڕان و بە وتە و نووسین هێرشیان دەکردە سەر کۆماری ئیسلامیی و هەندێک جاریش بە

پشتگیریی ماموٚستا شێخ عیزەدین بەرامبەر بە هەڵوێستەکانی حیزبی دیموکرات دەوەستان. حیزبی دیموکراتیان لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە سازشکار و هەندێک جاریش بە بەکرێگیراوی دەوڵەتی عیراق و حیزبی بەعس دەناساند و بەو جۆرە گرفتیان بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات و خەڵکی کوردستان پێکدەهێنا. هۆی سەرەکیی ئەو هەڵوێستانەیان دەگەڕایەوە بۆ بێباوەڕییان بە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی و بە هەندنەگرتنی دیموکراسی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا. دەیانویست حکومەتی کارگەریی دابمەزرێنن و بۆ خۆیان دەسەڵاتی وڵات بگرنە دەست، ئەوەش نەک پێکەوە یان لە بەرەیەکدا، بەڵکوو هەریەکەیان بە تەنیا بۆ خۆی! کە ئەوەش خەیاڵێکی گومان هەڵنەگر بوو، کە پتر قازانجی بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی و هەڵایساندنی شەڕ لە کوردستاندا دەگەیاند، چونکە هیچ کامیان بەو ڕادەیە ئەندام و لایەنگریان نەبوو کە بتوانن تەنانەت شارێک بەڕێوەببەن یان لە بەرامبەر هێرشی چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیدا ڕۆژێک دەوام بێنن. بە داخەوە کاڵیی و کردەوەی ئەو ڕێکخراوانە و هەڵوێستی ناپەسەندی بەشێک لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات لە ناو هێز و ڕێکخراوەکاندا چەندان شەڕی ناوخۆیی لێکەوتەوە کە ڕژێم قازانجی لێیان بینی.

بە هەر حاڵ بۆ تاقمی پاوانخوازیی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر گرنگ بوو کە دەسەڵاتی خۆی بەسەر کوردستان و بەتایبەتیی شاری مهاباددا بسەپێنێت و کۆتایی بە هەڵسوڕانی ئەو هێزانە بهێنێت. کاتێک کە کۆماری ئیسلامیی تێگەیشت بەبێ قبوڵکردنی داخوازییەکانی گەلی کورد ناتوانێت سوپا بگەڕێنێتەوە کوردستان، هەوڵیدا بە هاوکاریی و چەکدارکردنی عەشیرەتەکان بەو ئامانجە بگات. چونکە لەو ڕێگەیەشدا سەرنەکەوت، ئیتر دوای پێکهێنانی دادگای شۆڕش لە مهاباد، لەسەر پێشنیازی شورای شاری مهاباد، کە بە هاوئاهەنگیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرا، کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆژی

١٣٥٨/٤/٢٠ (١٩٧٩/٧/١١) لیژنەیەکی لە ئەفسەرانی تاران بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ سیستانی ڕەوانەی مهاباد کرد، کە سەبارەت بە وەرگرتنەوەی سەربازگەی مهاباد ڕاستەوخۆ لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو و سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات وتوویژ بکات. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە جگە لە چەند تانک و هەندێک گوللە تۆپ و کەرەسەی بێکەڵک، تەنانەت جووتە پێڵاوێکی سەربازیی لە سەربازگەدا نەمابوو. خەڵکی مهاباد دەیانویست بیناکانی سەربازگەش بڕوخێنن و کەڵک لە کەرەسەکانی وەربگرن، بەڵام حیزبی دیموکرات دژی ڕوخاندنی خانووبەرەکانی سەربازگە بوو و دەیویست سەربازگەی مهاباد بکات بە زانکۆی "ئازاد"یی! بێئاگا لەوەی کە بیناکانی سەربازگە بۆ زانکۆ دروست نەکرابوون.

سیستانی لە وتووێژەکانیدا لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو نەیتوانی ڕای حیزبی دیموکرات بۆ گەڕاندنەوەی سەرباز بۆ سەربازگەکە وەربگرێت. حیزبی دیموکرات داوای کرد کە سەربازگەی مهاباد لە ناو شارەوە بگوازنەوە بۆ دەرەوەی شار و پێشنیازی کرد لە دەشتی شارویران لە نێوان جادەی مهاباد بۆ میاندواو، مهاباد بۆ ورمێ لە نزیک گوندی "وسووکەند" سەربازگەیەک دروست بکەن، بەڵام سەرهەنگ سیستانی دەسەڵاتی بڕیارێکی لەو جۆرەی نەبوو، لەبەرئەوە لەسەر وەرگرتنەوەی سەربازگەی مهاباد پێیداگرت. حیزبی دیموکرات سەربازگەی مهابادی بە شوێنەوارێکی ڕژێمی پەهلەوی دادەنا کە سەدان کوردی تێدا گوللەباران و هەزارانیشی تێدا زیندانیی کرابوو. کاتێک کۆماری ئیسلامیی لەو هەنگاوەشیدا سەرنەکەوت، ڕاپۆرتێکی بە درۆ و ناڕاستی لەسەر هاتنی ئەو لیژنەیە بۆ مهاباد و وتووێژکردنی لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی دیموکرات بە ڕۆژنامەکان ڕاگەیاند. ڕۆژنامەی جمهوریی ئیسلامی کە لایەنگریی لە باڵی توندڕەوی کۆماری ئیسلامیی دەکرد، ڕۆژی ١٣٥٨/٤/٢١ (١٩٧٩/٧/١٢) هاتنی ئەو لیژنەیەی بۆ مهاباد

بڵاوکردەوە و لەژێر ناوی (خەڵکی مهاباد بە شکۆیەکی فرەوانەوە پێشوازییان لە نوێنەرانی سوپای کۆماری ئیسلامیی کرد) نوسی:

- (شەش ئەفسەری باڵای سوپای کۆماری ئیسلامی لەگەڵ نوێنەرێکی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کاتژمێر ۰۹:۰۰ دوێنی لە ورمێییەوە بەرەو مهاباد بەڕێکەوتن. خەڵکی ستەمدیدەی مهاباد کە لەو چەند مانگەی دواییدا کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی گروپە چەکدارەکانەوە، بۆ پێشوازییکردن لە نوێنەرانی ڕەسمیی حکوومەت، خۆیان گەیاندە دەرەوەی شاری مهاباد و بە هەستێکی تایبەتەوە بە قازانجی کۆماری ئیسلامیی و ڕێبەری شۆڕش و بە دژی پیلانە ڕەنگاوڕەنگەکانی دژە شۆڕشەکان دروشمیاندا. هەستی بەرز و دروشمەکانی خەڵک بە قازانجی کۆماری ئیسلامیی و ڕێبەری شۆڕش بە توندی کاری کردە سەر ئە ندامانی لیژنەکەوە. نوێنەرانی حکوومەت چوونە سەربازگە و ناوی ئەو چەکە قورسانەیان نووسی کە لە هێرشی کۆتایی خاکەلێوەی ئەم ساڵدا لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە تاڵان کرابوون. بەرپرسانی حیزبی دیموکرات بەڵێنایندا کە بە زوویی ئە چەکانە بگەڕێننەوە سەربازگە و بیدەنەوە بە نوێنەرانی سوپا. بە گوێرەی هەواڵی گەیشتوو نوێنەرانی سوپای کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای ئەو سەردانەیان گەڕانەوە ورمێ تا کار بۆ گەڕانەوەی سوپا بۆ مهاباد و ناوچەکانی تری کوردستان بکەن. هەواڵی گەڕاندنەوە هێزەکانی بەرگریی بۆ کوردستان ورەی خەڵکی بەرز کردوەتەوە و تا ڕادەیەک نیگەرانییەکانی کەم کردوەتەوە، چونکە هەرجۆرە لێکدانەوەیەک لە بەرامبەر گروپە چەکدارەکانی کوردستان بێسودە. پێشوازییکردنی بێهەوتای خەڵکی مهاباد لە نوێنەرانی حکوومەت، نیشانەی خۆشەویستیی شۆڕشی ئیسلامییە لە ناو برایانی کورددا و هەروەها پێشاندەدات کە پاشماوەکانی ڕژێمی ڕوخاو جگە لە پروپاگەندە هەموو دەسکەوتە کۆمەڵایەتییەکانیان لە دەستداوە و لاواز و بێ بنەمان.)

## هەڵەی حیزبی دیموکرات سەبارەت بە سەربازگەی مهاباد

خەڵکی مهاباد و گوندەکانی دەوروبەری و تەنانەت شارەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیرەوەریی زۆر تاڵ و بە ئازاریان هەبوو لەسەر سەربازگەی مهاباد و ڕۆڵ و هەڵسوکەوتی فەرماندەکانی ئەو سەربازگەیە لەگەڵ گەلی کورد و بە تایبەتی خەڵکی شاری مهاباد. بەم بۆنەیەوە زۆربەی خەڵکی ناوچەکە خوازیاری ئەوە بوون کە دوای چەککردنی، تاقە بەردێک لە سەربازگە دا نەمێنێت و خانووبەرەکانی لەگەڵ زەوی تەخت بکرێت، بەڵام حیزبی دیموکرات دژی ئەوە بوو کە بیناکانی سەربازگە لەناو بەرن.

ئەوە لە کاتێکدا بوو کە حیزبی دیموکرات سەربازگەی مهابادی بە شوێنەوارێکی ڕژێمی پەهلەوی دادەنا کە سەدان کوردی تێدا گوللەباران و هەزارانیشی تێدا زیندانیی کرابوو. دوکتۆر قاسملوو بە ڕاشکاوی لە سەرهەنگ سیستانی نوێنەری سوپا و حکوومەتی کاتی بازرگانی ویست کە سەربازگەی مهاباد لە ناو شارەوە بگوازنەوە بۆ دەرەوەی شار و پێشنیازی پێکرد کە لە دەشتی شاروێران لە نێوان جادەی مهاباد بۆ مياندواو، مهاباد بۆ ورمێ لە نزیک گوندی "وسووکەند" سەربازگەیەک دروست بکەن، کە حکوومەتی کاتیی پێشنیازەکەی قبووڵ نەکرد و ئەوی بە شکستێکی سەرشۆڕهێنەر بۆ سوپا لە قەڵەمدا. لە ڕاستیدا ئەو پێشنیازەی دوکتۆر قاسملوو کاتێک بەدی دەهات کە حیزبی دیموکرات دوای ئاگاداربوونی لە بیروبۆچوونی حکوومەت، لە پاراستنی سەربازگە پاشگەز بووایەتەوە و بەرگریی نەکردبایە کە خەڵکی مهاباد بیناکانی سەربازگە بڕوخێنن. لەوکاتەدا ئیتر حکوومەت و سوپای ئێران تێدەگەیشتن کە سەرباز نەتوانێ کەڵک لە مەتەرێز و بیناکانی سەربازگە وەرگرێت، کە نزیکەی ٦٠ ساڵ بوو بۆ مانەوە و ئاسایشی سەرباز کاریان لەسەر بوو. حیزبی دیموکرات بەم مەبەستە دژی ڕوخاندنی خانووبەرەکانی سەربازگە بوو، کە لە لایەک دەیویست

لەگەڵ حکوومەت ڕێککەوێت و لە لایەکی تر سەربازگەی مهاباد بکات بە زانکۆی "ئازاد"یی! بەڵام بێئاگا لەوەی کە بیناکانی سەربازگە بۆ زانکۆ دروست نەکرابوون و هەروەها لاوانی کورد بەو بیرە تاڵەی کە دایک و باوکەکانیان لەسەر سەربازگەی مهاباد بوویان، چۆن دەیانتوانی بچین لەو زیندانەدا فێری زانست ببن، کە باوکە و براکانیانی لێ زیندان و شکنجە و ئێعدام کرابوون.

## تیرۆری بێ ئاکامی جەعفەری برام لەجیاتی من

لەشکری چوار و سوپای پاسدارانی ورمێ و مەلا حەسەنی نوێنەری خومەینی و ئیمام جومعەی ئەو شارە، شەڕ و ئاڵۆزییەکانی کوردستانیان بە چەککردنی سەربازگەی مهابادەوە دەبەستەوە و لایان وابوو کە حیزبی دیموکرات و ڕێکخراوەکانی‌تری کوردستان بە چەکی سەربازگەی مهاباد پێش بە هێزەکانی حکومەت دەگرن و لە بەرامبەریاندا بەرگریی لە خۆیان دەکەن. لە ڕاستیدا ئەوە گوتنێکی هاندەرانەی ناڕاست بوو، چونکە گروپە سیاسییەکان بەرلە چەککردنی سەربازگەی مهاباد بە چەکی پاسگاکانی ژاندارمەریی و سەربازگەکانی تاران و شارەبانی و ژاندارمەریی مهاباد پڕچەک ببوون و هەرکاتێکیش پێویستیان بە چەک بووایە، ڕژێمی عێراق بە دڵفرەوانییەوە چەک و تەنانەت پارەی پێویستی بۆ تەرخان دەکرن. ئەوان بە بڵاوکردنەوەی ئەو درۆیانە پاساوایان بۆ وتارە توند و بێسەروبەرەکانی خومەینی دەهێنایەوە و دەیانویست تۆڵەی ئەو ئاژاوەگێڕییانەی کە سەرچاوەکەیان بۆ وتارەکانی خومەینی دەگەڕایەوە و خۆیان بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەرپرسی بوون، بیخەنە سەر ئەو پێنج کەسەمان کە درابووین بە دادگای سەربازیی. ئێمە ناڕاستەوخۆ ئاگادار بووین کە دادگا حوکمی ئیعدامی غیابیی بۆ دەرکردوین و بە سوپای ڕاگەیاندووە

کە حوکمەکە جێبەجێبکات، بەڵام نەماندەزانی کە بۆ ئەو مەبەستە تیرۆریستەکانیان ڕەوانەی مهاباد دەکەن.

لەشکری چواری ورمێ بۆ جێبەجێبکردنی ئەو حوکمە، داوای یارمەتی لە سوپای پاسدارانی ورمێ دەکات و سوپای پاسداران پلانی تیرۆری ئێمە دادەڕێژێت و تیرۆریستی تایبەتییمان بۆ دیارییدەکات. یەکەم بڕیار لەسەر تیرۆرکردنی من لە پلەی "سەرپەرشتی گروپی پلانگێڕیی عەمەلیات و تەسلیم کردنی سەربازگەی مهاباد بە بەدخوازان"، واتە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەردەچێت.

ڕۆژی ١٣٥٨/٥/٢٤ (١٩٧٩/٨/١٥) بڕیار بوو کاتژمێر ١٥:٣٠ لەبەر دەرگایماڵەکەمان چاوم بە خوالێخۆشبوو شەریف مازوچی، یەکێک لە چالاکانی حیزبی دیموکرات و دایک برای ئامۆزایەکم بکەوێت. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە خۆمان ئامادە دەکرد کە ڕۆژی ١٣٥٨/٥/٢٥ بەشداریی جەژنی ٢٥ ی گەلاوێژ بکەین کە کراوە بە ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ڕاستییدا حیزبی دیموکرات ڕۆژی ١٣٢٤/٩/١ (١٩٤٦/١١/٢٢) دامەزراوە و ڕۆژی ١٣٥٨/٥/٢٥ ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان "ژێکافە".

بە هەر حاڵ لە کاتی دیارییکراودا لەگەڵ جەعفەری برام ماڵەوەمان بەجێهێشت. کاک شەریف بە ئوتۆمبێل هات و من سوار بووم و جەعفەر گوتی من تا ناو بازاڕ دەچم و دەگەڕێمەوە ماڵەوە. هێشتا نیو کاتژمێر تێنەپەڕیبوو کە لە زارکی شەقامی فەرەح، ڕووبەڕووی کۆڵانی مزگەوتی سوور، دوو سێ کەس ئاماژەیان بۆ کردین کە بوەستین. شەریف ئوتۆمبێلەکەی ڕاگرت، لێمان نزیک بوونەوە و ڕوویان لە من کرد و گوتیان تەقەیان لە سەعدونی برات کرد و خەڵک بردیان بۆ نەخۆشخانەی شێروخورشید. شەریف ئوتۆمبێلەکەی بەرەو نەخۆشخانە ئاژوت.

لە ژوری ئیمێرجێنسی "ئۆرژانس" پیاوێک لەسەر زەوی ڕاکشێنرابوو، خوێنی سەری هەموو سەر و ڕووی و زەوییەکەی دەوروبەری داپۆشیبوو،

لە لای سەریشیەوەو چەند پارچەیەک مۆخ و وردە گۆشت کەوتبوو. خەڵکێکی زۆر لەوێ کۆببوونەوە. دوکتۆر حەبیب زادە و دوکتۆر جەعفەری ئەبریشمی لە لای وەستابوون. من نەمدەزانی کە ئاخۆ ئەوە جەعفەرە یان سەعدون. دوو پارچەم لە مێشکە پژاوەکەی هەڵگرت و بە سەری پەنجەی دەستم خستمنەوە ناو کاسەی سەری. دوکتۆرەکان داوایان کرد بۆ ئەوەی کە دوکتۆر و برینپێچەکان بتوانن کارەکانیان بەڕێوەببەن و نەخۆشەکان ئازار نەبینن، جەعفەر ببەمە ژورێکی ئەوبەرەوە تا لەوێ گیان دەسپێرێت. منیش بردمە ژورەکەی ئەوبەرەوە و باوکم نارد کە کفنی بۆ بکڕێت و ئاوی بۆ گەرم بکەن کە دوای گیانسپاردنی بیبەمەوە بۆ ماڵەوە.

باوکم ڕۆیشت و خەڵک لە حەوشە و بەردەرگای نەخۆشخانە کۆبوونەوە و هەر جارەی یەکێک دەهات و دەیگوت ئەو خەڵکە دەیانەوێت یارمەتیت بدەن و بزانن ئەگەر خوێن پێویست بێت، ئێمە ئامادەین. لەو کاتەدا جەعفەر کە ئیتر من دەمناسییەوە، ویستی بڕشێتەوە، بە دەست سەریم خوارکردەوە کە ڕشانەوەکە قوت نەداتەوە، بینیم برینەکەی بەو جۆرە نیە کە دوکتۆرەکان بۆیان باس کردبووم. بە دەمانچە تەقەیان لێکردبوو، گوللەی دەمانچەکە نزیکەی دە سانتیمەتری گرتبوو، واتە بە لای چەپدا، لە سەرووی گوێی چەپەی دوو کونی تێدا بوو کە ماوەی نێوانیان نزیکەی دە سانتیمەتر دەبوو. بە پەلە چوومە لای دوکتۆرەکان و پێمگوتن جەعفەر زیندووە و دەمێنێت. هەردوو دوکتۆرەکە گوتیان تۆ حەپەساویت، ئەگەرنا تۆ خۆت مێشکی پژاویت خستەوە ناو کاسەی سەریەوە و ناتوانێت بژێت. داوام کرد ئامبولانسم بۆ ئامادە بکەن، دەیبەمە تەوریز بەڵکوو بە ئیمکاناتی ئەوێ لە مەرگ ڕزگاری ببێت. ئامبولانسیان بۆ دابینکردم.

حەسەنی بلوریان گوتی من لەگەڵت دێم و لە ڕێگەدا چاودێریی دەکەم. کاک محەمەد شۆفێری ئامبولانسی نەخۆشخانە، ئامبولانسەکەی هێنا و جەعفەرمان خستە ناو ئامبولانسەکە و من و هاشمی برام لە

تەنیشتی دانیشتین تا ئاگامان لە سیرۆمەکەی بێت و حەسەنیش لە پێشەوە لە لای کاک محەمەد. بە هاورێکانم گوت بە تەلەفۆن کاک محەمەدی هیندی و دوکتۆر حوسێنی ئاگادار بکەن و مەسەلەکەیان پێڕابگەیەنن و بڵێن حامید بە بریندارەوە کەوتە ڕێ و دەورەبەری کاتژمێر ٢٤:٠٠ دەگاتە نەخۆشخانەی خومەینی - پێشتر ناوی پەهلەوی بوو.

ڕادیۆی ورمێ هەر پانزدە خولەک جارێک بە شانازییەوە بڵاویدەکردەوە:

**- (ئوستوار یەکەم حامید گەوهەری کە لە لایەن دادگای سەربازییەوە بە تاوانی خیانەت بە نەتەوە و وڵات بە مەرگ مەحکوم کرابوو، ئەمڕۆ برایەکی موسوڵمان لە مهاباد حوکمەکەی جێبەجێکرد.)**

بە هەر حاڵ ئامبولانس بەرەو تەورێز کەوتە ڕێ. خراپیی جادەکان ڕێگەیان بە کاک محەمەد نەدەدا کە بە خێرایی ئوتۆمبێلەکە بئاژوێت. لەگەڵ ئەوەشدا چوار جار لە دەروازەی میاندوئاو، مەلیک کەندی، عەجەبشیر و تەورێز ئامبولانسەکەیان ڕاگرتین و کە دەیانبینی برینداری تێدایە، وا تێدەگەیشتن کە برینداره‌کە هی خۆیانە و زۆریان ڕانەدەگرتین. کاتژمێر لە دوازدەی شەو تێپەڕیبوو، کە گەیشتینە نەخۆشخانەی خومەینی. دوکتۆرەکان لەبەر دەرگای ژووری عەمەلیات وەستابوون. هەر کە ئامبولانسەکەمان ڕاگرت، دەستبەجێ جەعفەریان بردە ژورەوە و لیستەیەکی دەرمانیشیان دایە دەست ئێمە کە بچین لە دەرمانخانەی کێشک بیکڕین. بە پەلە دەرمانەکانمان کڕی و گەڕاینەوە. کاتژمێر پێنجی بەیانی جەعفەریان لە ژووری عەمەلیات هێنایەدەر. سوپاسی دوکتۆرەکانم کرد و پرسیم چەند هیوای چاکبوونەوەی هەیە؟ گوتیان ئەگەر تەنیا نیو کاتژمێر درەنگ بگەیشتایە دەمرد، چونکە خوێن لە هەموو مێشکیدا کۆببووە و ئێستاش پێنج پڕیشک لە مێشکیدا ماوە و بۆ ئەوەی کە نەمرێت دەستمان لێنەداون، بەو حاڵەش ٥% هیوامان بە زیندوو بوونی هەیە. ئیزنم لێوەرگرتن بچم سەردانی بکەم.

چوومە لای بینیم بە تەختی خەوەکەیەوە "قەرەوێڵە" بەستراوەتەوە. بە بینینی سەری زل و دەم و چاوی ڕەشهەڵگەڕاوی ترس دایگرتم، گەڕامەوە حەوشەی نەخۆشخانە کە لەگەڵ کاک حەسەن و هاشم بە ئامبوڵانس بگەڕێینەوە مهاباد و چونکە مەترسی ئەوەم لێدەکرا کە ئاشکرا ببم. لە حەوشەی نەخۆشخانە بینیم خاڵم هاتووە، بە پەلە ئەحواڵپرسییم کرد و سواری ئامبوڵانس بووم و گەڕاینەوە مهاباد.

شایانی باسە دوای نزیکەی ٤٥ ڕۆژ، جەعفەر هەندێک دەکەوێتەوە سەرپێ و لە نەخۆشخانە دەریدەکەن و لەگەڵ بنەماڵەیەکی بانەیی دەینێرنەوە مهاباد، کەچی ئەوان دەیبەنە بانە. لەوێوە دەینێرنە سەردەشت و لە سەردەشتەوە بە هۆی ماڵی خزمێکەوە دەگاتەوە مهاباد. ئەو کاتە من لە چیاکانی ناوچەی سەردەشت خەریکی خەبات دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی بووم.

## سوپای ئێران شاری مهاباد و سەربازگەکەی دەگرێتەوە

لە پرۆسەی کۆمەڵێک وتووێژ و هاتوچۆی هاوبەشدا، کە لەنێوان کاربەدەستانی حکوومەتی کاتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستان و مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی ئەنجامی گرت، کۆماری ئیسلامیی ئامادە نەبوو لە چوارچێوەی ئێران و کۆماری ئیسلامیدا مافی گەلی کورد بە ڕەسمی بناسێت و ڕێگا بدات کە گەلی کورد لە کوردستاندا بەشێوەی خودموختار بژی و بۆخۆی کاروباری ناوخۆی بەڕیوەبەرێت. لە پرۆسەی ئەو کۆبوونەوە و هاتوچۆیانەدا، لە جیاتی نزیکبوونەوەی لایەنەکان لە یەکتر، دوو شەڕی نەخوازراوی خوێناوی لە سنە و لە نەغەدە هەڵگیرسا، کە هەڵەی هەردوو لایەنی پەیوەندییداری پێوە بوو. هەوڵەکان بۆ سارێژ کردنی برینی ئەو شەڕانە بێسود بوون و هەوڵە دیپلۆماتییەکان نەیانتوانی کێشەکان چارەسەر بکەن. هۆیەکەشی دەگەڕایەوە بۆ توندڕەویی بەشێک لە دەسەڵاتدارانی

کۆماری ئیسلامیی، هەڵوێستی هاندەرانی خومەینی، گێرەشێوێنیی گروپەکانی سەربە ڕژێمی پێشوو، دەستێوەردانەکانی دەرەکی و سەرئەنجام توندڕەویی چەند گروپێکی چەپڕەوی کورد و ئێرانی، کە سەرکەوتنی خۆیان پتر لە شەڕ و ئاژاوەدا دەبینی.

بە دوای شەڕی سنە و نەغەدە و شکانی هەوڵە دیپلۆماتییەکان، ئاڵۆزیی هەموو شارەکانی ئێرانی گرتەوە. هێشتا هەوای بەهاری ئازادیی لە مێشکی خەڵکدا دەرنەچوو بوو، کە دیسان زیندانە چۆڵبووەکانی سەردەمی شا، پڕکرانەوە و شکەنجەدان دەستیپێکردەوە، بەڵام ئەم جارەیان ترسناکتر لە ڕابوردوو. کۆمیتەکانی مزگەوت، ڕێکخستنی نوێ و بەربڵاویان پێکهێنا و لە گروپی چەند کەسییدا هێرشیان کردە سەر کتێبفرۆشییەکان و کتێبەکانیان سوتاندن، دروشمی "نە شەرقی و نە غەربی، کۆماری ئیسلامی"، "گواستنەوەی شۆڕش بۆ دەرەوەی وڵات"، "حیجابی ئافرەت، ناموسی ئافرەتە" بەرز کرایەوە و هێرشکرایە سەر ئافرەتان، تەنانەت تێزابیان بە سەر لەشی ئافرەتاندا کرد و بە زۆر ئافرەتانیان خستە ژێر عەبا و پەچەوە.

چەندان یاسای نوێی وەک فەلاقەکردن و بەردبارانکردنیان پەسەند کرد و خستە سەر دەستورە کۆنەپەرستانەکەیان و ئێرانیان گەڕاندەوە بۆ ١٤٠٠ لەمەوبەر. بە فەرمانی خومەینی پەلاماری ماڵی پەیڕەوانی ئاییینی "بەهایی" درا و سەدان کەسیان بەبێ تاوان کوشت. خومەینی بۆ کوشتنی بەهاییەکان ئاماژەی بەو کردەوەیەی حەزرەتی محەمەد "س" دەکرد کە خەڵکی بە زەبری شمشێر هێناوەتە سەر ئاییینی ئیسلام!


ISNA/PHOTO:AMIR KHOLOOSI

زۆر بەپەلە "شەریعەتی تایبەت بە ویلایەتی فەقێ" ڕووی ڕاستەقینەی پێشانی خەڵکدا و خومەینی فەرمانیدا "قەڵەمەکان بشکێنن" و گوتی ئێمە بۆ نان و ئازادیی شۆڕشمان نەکردووە و شۆڕشی ئێمە بۆ خوا و ئاخیرەتە. خومەینی کاتێک لە فەرەنسە بوو، لە دوو وتاری ڕۆژی ١٧ و ١٣٥٧/٧/٢٩ (٩ و١٩٧٩/١٠/٢١) دا دەربارەی ئازادیی ئاماژەی بۆ محەمەد ڕەزاشا و ڕژێمەکەی کرد و گوتی: (بە بەردەوامیی باس لە ئازادیی دەکەیت. ئایا خەڵک ئازادیی قەڵەمی هەیە؟ ئازادیی بەیانی هەیە؟ خەڵک لە کوێ ئازادە، کە تۆ باسی دەکەیت؟ ... لە بنەمادا دیموکراسی ئەوەیە کە خەڵک ئازاد بن ... کام ڕۆژنامە ئازادە؟) بەڵام دواتر کە هاتەوە ئێران و دەسەڵاتی وڵاتی گرتەدەست، هەر وەک "مەسعود نقرەکار" لە وتاری "ئێران کوشتارگای بیرجیاوازن" دا ئاماژەی بۆ دەکات، خومەینی ڕۆژی ١٣٥٨/٥/٢٧ (١٩٧٩/٨/١٨) لە شاری "قوم" ڕایگەیاند:

- (ئەگەر ئێمە لە سەرەتادا قەڵەمی هەموو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانمان بشکاندبایە و دەرگای هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارە

**گەندەڵەکانمان دابخستبایە و حیزبە گەندەڵەکانمان یاساخ بکردبایە و سەرۆکی ئەو حیزبانەمان بەسزای خۆیان بگەیاندبایە و سێدارەمان لە گۆڕەپانە گەورەکاندا بۆ بچەقاندبان و گەندڵ و مفسدەکانمان لەناو ببردبا، ئەم کۆسپانە سەریان هەڵنەدەدا! من تۆبە دەکەم لەو هەڵەیەی کە کردووەمە!)**

هەروەها خومەینی قەڵەمی بە پەڵەی شەرمهێنەر ناوبرد و فەرمانیدا ئەو قەڵەمانە بشکێنن کە پەڵەیەکی شەرمهێنەرن لە مێژووی وڵاتەکەماندا و هەرگیز پاک نابنەوە. بەگوێرەی ئەو ڕێنوێنییانە بوو کە ئاژاوە سەریهەڵدا و ئازار و گرتن و کوشتن و تیرۆری بیرجیاوازان و گەلانی کورد، بلوچ، تورکمان، ئازەری و عەرەب دەستیپێکرد.



لەو کاتەدا "ئایەتوڵا سەید کازم شەریعەتمەداری"، مەرجەعی تەقلیدیی شیعەکانی ئازەربایجان و حیزبی خەلکی موسوڵمانی ئازەربایجان کە پەیڕەویی دەکرد لە بۆچوونەکانی ئایەتوڵا

شەریعەتمەداری و هەروەها حەسەن کوڕی شەریعەتمەداری کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی ئەو حیزبە، دژی بەندی ١١٠ی دەستوری هەمیشە یی وەستان و بەشداریی ڕیفراندۆمی دەستوری هەمیشەییان نەکرد. ڕایانگەیاند کە سیستمی ویلایەتیان ناوێت و گوتیان لە دەستوری هەمیشەییدا چاوپۆشیی کراوە لە مافەکانی گەلی ئازەربایجان. لە ئەنجامی ئەو هەڵوێستەدا پیاوانی ڕژێم ڕۆژی ١٣٥٨/٩/١٤(١٩٧٩/١٢/٥) لە قوم هێرشیان کردە سەر ماڵی ئایەتوڵا شەریعەتمەداری و پاسەوانێکیان کوشت و ڕۆژی ١٩٧٩/١٢/٦ هەڕەشەیان لێکرد کە بێدەنگ بێت و دواتر لە تەورێز و ورمێ و مەراغە و شارە ئازەری نشینەکانی‌تر هێرشیان کردە سەر ناوەند و بارەگاکانی حیزبی خەڵکی موسوڵمان و ژمارەیەکیان لێگرتن.

سەرئەنجام ئاڵۆزییەکان گەیشتە مەریوان و بە فتوای خەزای خومەینی بۆسەر گەلی کورد لە پاوە تەقییەوە. خومەینی لە پلەی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئێران، فەرمانی خوارەوەی سەبارەت بە هێرشکردنی هێزە چەکدارەکانی زەمینیی، هەوایی بۆ سەر پاوە دا

- لە گۆشە و کەناری ئێرانەوە گروپە جیاوازەکانی سوپا و سوپای پاسداران و خەڵکی بەغیرەت داوایان کردووە کە من فەرمان بدەم بەرەو پاوە بچن و کۆتایی بەو ئاژاوەیە بهێنن. من سوپاسیان دەکەم و بە حکومەت و سوپا و ژاندارمەری ڕادەگەیەنم کە ئەگەر تا بیست و چوار کاتژمێری‌تر بە تۆپ و تانک و هێزی چەکدارەوە بەرەو پاوە نەچن، هەموویان بە بەرپرس دەزانم. من لە پلەی سەرۆکی گشتیی هێزە چەکدارەکاندا بە سەرۆکی ئەرکانی سوپا ڕادەگەیەنم کە دەستبەجێ بەهەموو پێویستییەکەوە بچنە ناوچەکە و بەهەموو سەربازگەکانی سوپا و ژاندارمەری ڕادەگەیەنم کە بەبێ ئەوەی کە چاوەڕوانی فەرمانێکی‌تر بن، زۆر بەپەلە و بەبێ کات بەفیڕۆدان بەهەموو پێویستییەکەوە و پڕچەک بچنە پاوە، بە حکومەت فەرمان دەدەم

دەستبەجێ پێویستیی پاسدارەکان جێبەجێ بکات. تا فەرمانی دواتر من هێزە چەکدارەکان بە بەرپرسی ئەو کوشتارە دڕندانەیە دەزانم و ئەگەر لە بەجێگەیاندنی ئەم فەرمانە کەمترخەمیی بکەن، ئەوا بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکەم. پەیتا پەیتا لە ناوچەکەوە ڕادەگەیەنن کە حکومەت و سوپا ئەرکی خۆیان بەجێناگەیەنن، ئەگەر تا بیست و چوار کاتژمێریتر کردەی پۆزەتیڤ نەکرێت، فەرمانەدەکانی باڵای سوپا و ژاندارمەری بە بەرپرس دەزانم

والسلام روح الله الموسوی الخمینی

١٣٥٨/٥/٢٧

شەڕی پاوە سەرلەنوێ گەیشتەوە سنە و خەڵکی ئەو شارەی لە خوێن و ئاگر گەوزاند و دواتر سەقز و بەشێک لە گوندەکانی کوردستانی تێوەگلاند و بە ئەوجی خۆی گەیشت و کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی گوندی قارنێی لێکەوتەوە.

لە چوارچێوەی ئەو پرۆسەیەدا، ڕۆژی ١٣٥٨/٦/١١ فڕۆکە بۆمهاوێژەکانی ئێران بێوچان بەسەر شار و ناوچەی مهابادا خولانەوە و دیواری سەوتیان دەشکاند. ژمارەیەک لە خەڵکی شار و بەتایبەتیی ئەوانەی گومانی گرتنیان هەبوو، پێشتر مهابادیان بەجێهێشتبوو. سەرگورد عەباسی و کەریم پورقوباد لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە لە بەرەی ورمێ و پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کە بۆ یارمەتیکردنی حیزبی دیموکرات هاتبوون، لەگەڵ ژمارەیەکیش پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات لە بەرەی میاندواو بوون. کەسێکیش کە خۆی ناونابوو "ئەبوو محەمەد" و دواتر بە جاسوسی عێراق دەرچوو، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکیتری حیزبی دیموکرات بە تانکێکەوە لەسەر بەرزاییەکانی "کەڵکی بەگزادە" بوون. من لە سەربازخانەی مهاباد بووم و هەندێک جار بە هۆی نزم فڕینی فڕۆکەکانەوە بە دۆشکەی تانکێک تەقەم لێدەکردن.

شەوی ١١ لەسەر ١٣٥٨/٦/١٢ (١٩٧٩/٩/٣) زۆر بە دژواریی تێپەڕی. ئەو شەوە فڕۆکە بۆمبهاوێژەکان چەندان جار بە دۆشکە و موشەکەکانیان تەقەیان لە چیای پشت سەربازگە و داشامەجید و چیای خەزایی کرد، بەڵام زیانیان بە خەڵکی شار نەگەیاند. لەگەڵ ئەوەشدا پەیتا پەیتا هەواڵی پێشڕەویی سوپا و سوپای پاسداران دەگەیشتە لامان، جگە لە مەلا محەمەدی جوانڕۆ و کەریم حیسامی هەموو بەرپرسانی حیزب مهابادیان بەجێهێشتبوو، مەلا محەمەدیش بەبێ ئاگادار کردنەوەی من لە بەیانیی ڕۆژی ١٣٥٨/٦/١٢ وە لە مهاباد نەمابوو.

بەیانی ڕۆژی ١٣٥٨/٦/١٢ کەشی مهاباد گەرم و سووتێنەر بوو. خەڵکێکی زۆر دەهاتنە سەربازگە و داوای چەکیان دەکرد، ئەوە لە حاڵێکدابوو کە سەربازگەی مهاباد چەکی تێدا نەمابوو. پەیوەندیی حیزب بە پێشمەرگەوە پچڕابوو. پێشمەرگەکان بڵاوببوونەوە و پۆل پۆل بە بیر و بۆچوونی خۆیان و هەندێک جاریش لەسەر داوای ئێمە بۆ بەرگرییکردن دەچوونە جادەی میاندواو و ورمێ. حەسەن بێکەس و زێنەبە ڕەش لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی هاوڕێیان بە جیپێکی سەربازیی، هەر ماوەیەک دەهاتنە لامان و منیش وەزعی بەرەکانی شەڕم لێدەپرسین.

کاتژمێر ١٣:٠٠ بەشێکی پارکی موتۆریی یەکانی تەعمیرات لە سەربازگە بە تەقەی فانتۆمێک ئاگری گرت. من لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە لە بەردەرگای سەربازگە بووم و ئاگرەکە لە ئێمە دوور بوو. هەرکە فڕۆکەکان دەهاتن دەچووینە ژێر پایە چیمەنتۆییەکانی دیواری بەردەرگای سەربازگەکەوە.

کاتژمێر ١٤:٠٠ سەید محەمەدی کولیجی هاتە سەربازگە و گوتی ئەوە چیدەکەیت لێرە؟ هێزەکانی سوپا گەیشتوونەتە بڵواری میاندواو و لە پشت دانیشسەرای کچانی مهاباد وەستاون. ڕۆژێکی زۆر ناخۆشبوو، پێشمەرگەکانی دەوروبەری سەربازگە هەر یەکەیان بەلایەکدا

بڵاوببوونەوە، ڕێکخستن و فەرمان و بڕیاری حیزبیی بۆ پێشمەرگە و بەرپرسان ڕوون نەبوو، ئەوەی پێشتر وتووێژی لەسەر کرابوو، ئەوە بوو کە پێشمەرگە لە شاری مهاباددا شەڕ نەکات. ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزب لە ڕۆژی ١٣٥٨/٥/٢٣وە شاریان بەجێهێشتبوو. ئەندامانی ڕێکخراوی مهاباد بڵاوببوونەوە و کاک کەریم حیسامی لەگەڵ چەند کەسێک چووبووە گوندی پشتەپ.

کاتژمێر ١٤:١٠ لەگەڵ سەید محەمەی کولیجی بڕیارماندا شار بەجێبهێڵین. ئوتۆمبێلێکی پەیکانم هەبوو، سواربووین و چووینە ماڵی ئێمە کە هەندێک کەلوپەلی پێویست هەڵبگرین و خۆمان دەرباز بکەین. شار چۆڵ بوو، لە بەردەرگای "کەلانتەری" دا بینیمان بەندکراوەکانی شارەبانی خۆیان لە زیندان ئازاد کردووە و هەر یەکە و بە لایەکدا ڕادەکەن. کوێخا شەریف قاتڵی ئیسماعیلی شەریفزادە و عەلی جەفاییمان بینی. جەفایی جانتایەکی قاوەیی پێبوو، ڕایدەکرد و بە دەنگی بڵند دەیگوت "بژی پێشمەرگە" و جنێوی بە خومەینی دەدا. ناوبراو کارمەندی ساواکی سەردەشت بوو، کە گیرابوو. من لە دادگاییکردنی جەفاییدا وەرگێڕی قسەکانی کەریم نستانی و ئەحمەد نستانی بووم، کە درێژەی دادگایی کردنەکەی بە هۆی درەنگبوونی شەو بۆ پازدە ڕۆژیتر دواخرابوو، کەچی ئەو بەم جۆرە لە مەرگ ڕزگاری بوو. شایانی باسە جەفایی دوای ڕاکردنی لە زیندان، چوو لە دەزگای هەوڵگریی "ساواما"ی کۆماری ئیسلامییدا دامەزرا و کوێخا شەریفیش سەرلەنوێ چەکی جاشایەتی کردەوە شانی و سەرئەنجام لە شەڕێکدا لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گوندی "میرەدێ" لە جادەی سەقز و بانە کوژرا.

بە هەر حاڵ، هەرکە من و سەید محەمەد گەیشتینە ماڵەوە، بینیم خێزانم هەژاری کوڕی لە ئامێزی گرتووە و منداڵەکانیتریش لە دەوری وەستاون. ترس لە دوارۆژێکی نادیار هەموو لەشی منداڵەکانمی داگرتبوو، هەرچەندە خۆم لەوان پتر ناڕەحەت بووم، بەڵام بەو حاڵەش

هەندێک دڵخۆشییم دانەوە و گوتم ڕەنگە ئەو شەڕە زۆر نەخایەنێت و دەگەڕێمەوە. پارە و ئاڵتون و خانووبەرە و هەموو پێویستییەکی ژیانمان هەبوو. لەم بارەیەوە خەیاڵم ڕاحەت بوو، بەڵام دوارۆژمان ناڕوون بوو. خێزانم لەگەڵ ئەو وەزعەی خۆی و منداڵەکانی، دڵنەوایی منی دەکرد، هەژاری دانا و دەستبەجێ کیسە خەوێک و هەندێک خواردنی بۆ پێچامەوە. منداڵەکانم ماچکرد و لە کاتێکدا من و ڕوحەنگیز چاومان لە چاوی یەکتر بڕیبوو، لە مێشکماندا ئاهەنگی جوداییمان دەگوت، لەگەڵ سەید محەمەد ماڵئاواییمان لێکرد و سواری ئوتۆمبێل بووین. شەقامەکانی مهاباد چۆڵ بوون و جارجارە ئوتۆمبێلیان پێدادەڕۆیشت، ئەویش نەک بەرەو باکووری شار، بەڵکوو بەرەو ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوا، واتە جادەی سەردەشت و جادەی گۆڕستانی بداغ سوڵتان کە دەچووە گوندی پشتەپ.

لە پشت دەروازەی سەدی مهاباد گەیشتینە بارهەڵگرێکی سەربازیی کە تۆپێکی ١٠٥ میلیمەتری پێوەبوو. بینیمان کاک کەریم پورقوباد بە تەنیا لە بارهەڵگرەکە دایە، دەستمان بۆی بەرزکردەوە، ئەو وەستا و ئێمەش وەستاین. گوتی پێشمەرگە بەرەی ورمێی بەرداوە و منیش ناچار بووم خۆم و ئەم تۆپ و بارهەڵگرە ڕزگار بکەم. لە ڕاستییدا جگە لە ژمارەیەکی زۆر کەمی پێشمەرگە، لە ئێوارەی ڕۆژی ١٣٥٨/٦/١١وە پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی و پێشمەرگەکانی حیزب بەرەکانی شەڕیان بەجێهێشتبوو.

بە هەر حاڵ خەڵک وەک مێروو لە جادەکەدا بوون، ژنی منداڵبەشان و منداڵی بێ پێڵاو بەرەو چارەنوسێکی نادیار دەچوون. دوو هێلیکۆپتەر بە سەرماندا دەخولایەوە و چەند فڕۆکەیەکیش لە بەرزایی ئاسمان بوون و هێزەکانی زەمینیی سوپاش لەژێر چاودێریی ئەواندا لە شوێنە ستراتیژییەکانی سەربازگەی مهاباد و بەرزاییەکان دادەبەزین. فڕۆکە و هێلیکۆپتەرەکان تەقەیان لە خەڵک نەدەکرد و لە ڕاستییدا ئەگەر تەقەیان بکردایە، هەزاران کەسیان دەکوشت.

کاک کەریم لە بارهەڵگرەکە دابەزی، پشتی بارهەڵگرەکە پڕبوو لە کەلوپەل و جگەرە، دەتگوت لە تالانکردن گەڕاوەتەوە، کارتۆنێکمان لە جگەرەکان هەڵگرت و چەند گوللەیەکمان بە تانکی بەنزینی بارهەڵگرەکەوە نا بۆ ئەوەی کە ئاگر بگرێت، بەڵام گوللەکان کاریان لێنەکرد. ناچاربووین بارهەڵگرەکە بە تۆپەوە لەوێ بەجێبهێڵین. خەڵک بە ڕادەیەک لە جادەکەدا بوون  کە ئوتۆمبێل بە دژواریی پێیدا تێدەپەڕی. ئێمە بەرەو سەردەشت دەچووین، لە نزیک گوندی "چوارگا" کە گوندی قادر ئاغا ئەندامی دێرین و چالاکی حیزب بوو، پێیانڕاگەیاندین کە بچینە ئەو گوندە. کە چووین سەرگورد عەباسی و مەلا محەمەدی جوانڕۆ و ژمارەیەکی زۆر ئەندام و پێشمەرگەی حیزب لەوێ بوون. شەو لەوێ ماینەوە و بەیانی ڕۆژی دوایی سەرگورد عەباسی و مەلا محەمەد بە من و کاک کەریمیان ڕاگەیاند کە بچینە "بنوخەڵەف" و لەوێ چاومان بە دوکتۆر قاسملوو بکەوێت. هەندێک بەنزینمان وەرگرت و لەگەڵ سەید محەمەدی کولیجی چووینە سەردەشت. ڕۆژنامەکانی کەیهان و ئیتلاعات سەبارەت بە گرتنەوی مهاباد لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە، لە ژمارەی ڕۆژی ١٣٥٨/٦/١٣ دا بڵاویانکردەوە:

- (بە ڕووناکبوونی ئاسمان، فرۆکە جەنگییەکان کێوەکان و بەرزاییەکانی مهابادیان دایە بەر موشەک و دۆشکە. نزیکەی کاتژمێر ٠٩:٠٠ کاروانە ڕەوانەکراوەکان بە فەرماندەیی تیمسار فەلاحی لە جادەی میاندواو و هاوکات لەشکری ٦٤ ورمێ لە سێ ڕێیانی نەغەدە بە فەرماندەیی سەرتیپ زەهیرنژاد واتە لە ڕۆژهەڵات و باکوورەوە بەرەو مهاباد کەوتنە ڕێ. بە درێژایی جادەکە شەڕ بە شێوەی بەربڵاو ڕوویدا. هێزە سەربازییەکان زۆر بە تێبینییەوە دەچوونە پێشەوە و چیاکانی دەوروبەری خۆیان خستبووە ژێر ئاگری چەکی قورس و دۆشکەی هێلیکۆپتەر. کاتژمێر نزیکەی ١٥:٠٠ دەسماڵ سەوزەکانی هێزی پەراشووت "چەترباز" دوای بەرەنگارییەکی کەم لە نزیک دانیشسەرای سەرەتایی شار دابەزین و ئەو ناوچەیە کەوتە دەست پاسدارەکانەوە.

لەوکاتەدا یەکێک لە ساختمانەکانی سەربازگە ئاگری گرت و ئەو مەسەلە هەموو بەرپرسانی پێشمەرگەکانی بەتوندی نیگەران کرد. بەپێچەوانەی پێشبینییەکان، بەتایبەتیی لە بەرزاییەکانی شاردا بەرگریی ناکرێت. یەکەکانی سوپا و سوپای پاسداران بە ناو شاری مهاباددا تێدەپەڕن و دەگەنە سەربازگە و دەستی بەسەردا دەگرن و پێشمەرگەکان ناتوانن هەموو چەکە قورسەکان لەگەڵ خۆیان ببەن.)

جەمشید حەقگو پارێزگاری ورمێ لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنییدا لەگەڵ ڕۆژنامەی کەیهان کە ڕۆژی ۱۳۵۸/٦/۱۳ بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بە داگیرکردنی سەربازگەی مهاباد لە لایەن سوپاوە ڕادەگەیەنێت: پێشمەرگە کوردەکان بەرلە هاتنی سوپا، خۆیان ئاگریان لە سەربازگەکە بەردابوو، بەشی زۆری چەکەکانی سەربازگەیان لەگەڵ خۆیان بردبووە چیاکان، بەڵام چوار تانک و چەند تۆپێکیان بەجێهێشتبوو کە کەوتنە دەست هێزەکانی سوپا. کاتێک سوپا و سوپای پاسداران گەیشتنە مهاباد، پەلاماری بنکەی حیزبی یاساخکراوی دیموکراتیان دا، بەڵام کەس لە بنکەکەدا نەبوو. شێخ عیزەدین و ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات لەوانە عەبدولرەحمانی قاسملوو پێشتر شاریان بەجێهێشتبوو، وەک بە منیان ڕاگەیاندووە، ڕەنگە چووبنە بانە، بەڵام هێشتا ئەمە ڕوون نیە.

مەحمودی ئەردەڵان یەکێک لە فەرماندەکانی سوپا لە بەرەی میاندواو کە وتەکانی لە کەیهانی ڕۆژی ۱۳۵۸/٦/۱٤دا بڵاوکراوەتەوە، دەربارەی هاتنی هێزەکانی بەرەی میاندواو بۆ مهاباد و داگیرکردنی ئەو شارە دەڵێت:

- (ئێمە کاتژمێر ۱۳:۰۰ی ڕۆژی ۱۳۵۸/٦/۱۲ گەیشتینە دەروازەی شار و دەستبەجێ بەرزاییەکانمان خستە دەست خۆمان. کاروانی ئێمە بریتی بوو لە: گوردانی ۱۷٦ی مەنجیل، یەکانی تۆپخانەی مەراغە، گروپی زەربەتی هێزی دەسماڵ سەوزەکان، یەکانی پاراشوتی تاران، گوردانی

**١٨٥ی قەزوێن، گوردانی ٢٢١ ی لەشکری ئەهواز، هەروەها ئاتەشباری ٢٠٣ میلیمەتری مەراغە.)**

بە هەر حاڵ کاتێک ئێمە گەیشتینە سەردەشت بینیمان پێشمەرگەیەکی زۆر کەم لە سەردەشتدا ماوە، خەڵکەکەشی خەریکی خۆکۆکردنەوەن و دەزانن بە زوویی پاسدار و چەقۆکێشەکانی کۆماری ئیسلامیی دەگەنە سەریان. دوکانەکانی سەردەشت داخرابوون و هیچ شتێک تەنانەت نانیش بۆ کڕین نەبوو. ژمارەیەکی زۆر ئاوارەی مهاباد بەبێ ئامانج لە شاردا دەخولانەوە و بێسەروسامانیی هەموو شاری لەخۆی گرتبوو.

ئێمە بە بینینی ئەو دیمەنە شارمان بەجێهێشت و بەرەو بێوران چووین، لە سێ ڕێیانی بێوران و "قەلەڕەشێ" تانکێکمان بینی کە زنجیری تایەکانی شکابوون و لەوێ مابووەوە، دواتر زانیمان کە ئەبو محەمەدی جاسوسی عێراق ویستوویەتی ئەو تانکە لەگەڵ خوی بباتەوە بۆ عێراق. لە بێورانی سەروو، چایخانەکەی سەر جادە پڕبوو لە خەڵک. لەوێ نانمان خوارد و ئوتۆمبێلەکەمان لە نزیک پاسگای ژاندارمەری بەجێهێشت کە دواتر بگەڕێینەوە و چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە.

لە پاسگاکەوە بە چیاکاندا شۆڕ بووینەوە، کەم خەویی چەند ڕۆژی ڕابوردوو، خەمی بەجێهێشتنی ماڵەکانمان، چارەنووس و دوارۆژ و ڕێگەی سەخت و دژوار بە تەواویی ماندووی کردبووین. سەرئەنجام دوای دوو کاتژمێر ڕێگە، بەناو دۆڵەکاندا گەیشتینە بنوخەڵەف کە گوندێکی زۆر جوان بوو، وەک تابلۆیەک بە بەری باکووری دۆڵەکەوە نووسابوو، حەوزێکی پڕ ئاوی زۆر جوانی هەبوو کە ئاوەکەی لەناو حەوزەکەوە هەڵدەقوڵی و بە لێوارەکانیدا دەڕژایە خوارەوە.

شەوی ١٣ لەسەر ١٣٥٨/٦/١٤ (١٩٧٩/٨/٢٦) دوکتۆر قاسملوو، مام جەلال و ژمارەیەکیتر کە من و کاک کەریمیشیان لەگەڵ بووین، میوانی کوێخا محەمەدی بنوخەلەف بووین. دوکتۆر قاسملوو لەوێ من و کاک کەریم پورقوبادی بە مام جەلال ناساند و گوتی کاک حامید لەگەڵ ئەو

برادەرە سەربازگەی مهابادیان چەککرد. هەروەها لەسەر گەڕانەوە و سەرکەوتنی گەلی کورد لە کوردستان قسە کرا، مام جەلال گوتی شانسی ئێوە لە سەرکەوتندا زیاترە لە ئێمە و بێگومان ئێوە زووتر سەردەکەون.

## چارەنووسی خەباتکارانی چەککردنی سەربازگەی مهاباد

دوای گرتنەوەی سەربازگەی مهاباد لە لایەن سوپای ئێرانەوە، شەڕ هەموو بەشەکانی کوردستانی داگرت و بۆ ماوەی سێ مانگ بە توندی بەردەوام بوو. ئەو شەڕە کە لە مێژوودا بە شەڕی سێ مانگە ناوبانگی دەرکردوە، زیانێکی زۆری بە گەلی کورد و گەلانی ئێران گەیاند و هەزاران کەس تێیدا کوژران و سامانێکی زۆری نەتەوەی بەفیرۆدا. کۆماری ئیسلامیی ئێران و بە تایبەتی ئایەتوڵا خومەینی کە تێگەیشت لەو هەلومەرجەدا کە سوپای ئێران بە دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتیدا هەڵوەشاوە و توانای بەربەرەکانی بە دژی خەڵکی وڵاتەکەی خۆی لە وڵاتی شاخاویی کوردستان نیە، ئامادەیی خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان ڕاگەیاند. بەم مەبەستە، خومەینی فەرمانێکی پێچەوانەی فەرمانی پێشووی بڵاوکردەوە و لەودا ئاماژەی بە نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی، سیاسی و ئابوری لەسەر خەڵکی کوردستان کرد. پەیامی ئاشتییخوازانە و مێژوویی ئایەتوڵا خومەینی بە شێوەی خوارەوە بوو:

بسم الله الرحمن الرحيم

سڵاو لە خوشک و برایانی کورد کە بە وەفاداریی خۆیان پێشیان لە پلانی خایینان بە ئیسلام و کۆماری ئیسلامیی گرت. ڕاپۆرتەکانی لیژنەی تایبەت هەر ئەوە بوو کە لە خوشک و برایانی کورد چاوەڕوان دەکرا کە هەرگیز خۆیان لە ئیسلام و ئێران بە جیا نازانن و ئەوەی بەدخوازان بەوانی دەڵێن، جگە لە گەندەڵیی و پلانگێڕیی هیچیتر نیە. ئێستا دەبێ من چەند وتەیەک بە ئێوە ڕابگەیەنم:

١- لەم کاتە ئاستەمەدا کە گەلی ئێمە لە بەرامبەر ستەمکاراندا بە سەرۆکایەتی ئەمریکا وەستاوە و بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆی و ئەو پاشکەوتە زۆرەی کە محەمەد ڕەزا پەهلەوی تاڵانی کردووە و پەلکێش کردنی ئەو پیاوکوژە، ڕاپەڕیوە و هەموو چین و توێژەکانی میللەت لەو

ڕەوتەدا یەکگرتوو و یەک دەنگ بوون و برایان و خوشکانی کوردی ئێمە لە هەر کوێیەک هەن، دەبێ لە ڕیزی پێشەوەدا بەشداریی ئەو دیاردەیە بکەن و لەگەڵ خوشک و برایانی تر هاودەنگ بن و پێویستە بە جیددیی پێش بەو ناکۆکییانە بگرن کە بەدخوازان پێکیدەهێنن. برایانی من ئەمڕۆ هەر چەشنە ناکۆکییەک بە سودی ئەمریکا و دوژمنانیترە. ئەوانن کە لە ناکۆکییەکانی ئێمە سود وەردەگرن و دەیانەوێ ئێمە دیلیان بین. ڕابن و پلانگێڕان ئامۆژگاریی بکەن و ئەگەر قبووڵیان نەکرد، لە خۆتان دوریان بخەنەوە و لە ناوچەی خۆتان ڕاویان بنێن و بیانگرن و بیاندەنە دەست کاربەدەستانی دەوڵەت.

٢- من و هەموو میللەت ئاگاداری ئەو داپڵۆسینانەین کە بە درێژایی سەردەمی حکومەتی دیکتاتۆریی بەسەرتان هاتووە و بەو جیاوازیی دانانە دەزانین کە بەپێچەوانەی ئیسلامەوە ڕووبەڕووی ئێوە بووەتەوە، بەڵام دەبێ بزانن کە تەنیا ئێوە برایانی کورد نەبوون کە چەوساونەتەوە و زوڵمتان لێکراوە. برایانی تورک، لوڕ، عەرەب، بلوچ، فارس و تورکمانیش شەریکی ئێوە بوون و هەموو بێبەریی بوون لەوانەی کە ئێوە لێی بێبەریی کرابوون. ئەگەر ئێوە سەرنج بدەنە کۆخ نشینانی تاران، دەبینن کە ئەوان لە هەموو لایەنێک پتر بێبەریی بوون. من دەزانم کە لە حکومەتی کاتییشدا داخوازیی خەڵک بەجێ نەگەیشتووە، بەڵام دەبێ بزانن کە دیسان هەموو براکان شەریکن و حکومەتی کاتیی بە هەموو توانایەوە خەریکی هەڵسوڕان و سەروساماندان بوو، بەڵام وێرانییەکان بە ڕادەیەکن کە چاککردنیان کاتی دەوێت. ئومێدەوارم پێویستییەکانی هەموو میللەت و ئێوەی برا کوردەکانمان جێبەجێبکرێن. برایان ئێوە دەزانن کە چاکسازیی و ئاوەدانکردنەوە لە جێیەک دژوارە، یان جێبەجێ نابێت کە وێرانکراوە و خەڵکەکەی لە ئاساییشدا نیە. ئێوە برایانی ڕۆژئاوای وڵات هەوڵبدەن ئارامیی ڕابگرن، بزانن کە کارەکان بە ئارامیی جێبەجێ دەبن و ئەوەش بە سودی ئێوە و بە سودی موسوڵمانانە.

٣- دەمەوێ لیژنەی تایبەت بەوپەڕی نیازپاكییەوە درێژە بە وتووێژەكانی بدات و پەیوەندیی بە كەسایەتییەكانی ئایینیی، سیاسی و نەتەوەیی و باقی چین و توێژەكانەوە بكات تا دابینكردنی داواكارییەكانیان كە داخوازیی ئێمەشە بە ویستی ئەوان بێت و ئارامیی و ئاساییش كە مەزنترین نیعمەتی خوایە، لە ناوچەكەدا جێگیر ببێت و ئێوەی برایانی كورد لە پاڵ برایانی تردا لە ئاساییش و خۆشگوزەرانییدا بژین و تەماعی دوژمنان لە وڵاتەكەمان، بۆ هەمیشە كۆتایی پێبێت.

٤- ئیسلامی مەزن هەموو جیاوازییدانانەكانی مەحكوم كردووە و تایبەتمەندیی بۆ هیچ گروپێك دانەناوە، تەقوا و تەعەهود بە ئیسلام تەنیا كەرامەتی مرۆڤایەتییە و لە پەنای ئیسلام و كۆماری ئیسلامییدا مافی بەڕێوەبردنی كاروباری ناوخۆیی و ناوچەیی و هەڵگرتنی هەر چەشنە جیاوازییەكی فەرهەنگیی و ئابوری و سیاسی، مافی هەموو چین و توێژەكانی میللەتە و لەوانەش برایانی كورد و ئەرك و تەعەهودی كۆماری ئیسلامییە كە بە زووترین كات جێبەجێیان بكات و یاساكانی پەیوەندییدار بەو مافانەوە ئینشائەڵا بە زوویی ئامادە دەكرێن.

٥- دیسان سەرنجی زانایانی خۆشەویست و شێخە مەزنەكان و ڕۆشنبیران و برا خۆشەویستەكان لە سەرانسەری ئێراندا ڕادەكێشم بەرەو بارودۆخی ئەستەمی ئەمڕۆی ئێران و بەرگرتنەكانی دوژمنانی نیشتمان و ئیسلام و گەلی ئازیز و دەستدرێژییە هەمەلایەنەكانیان بۆ قەلاچۆ كردنی بزووتنەوەی ئیسلامیی گەلی گەورە و بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی هەمەلایەنە بەسەر نیشتمانی ئیسلامیی ئێمەدا. ئایا لەم كاتەدا داوای بچوكی ئەم خزمەتكارەتان كە خەریكە دوا ڕۆژەكانی تەمەنی تێدەپەڕێنیت، بەجێ نیە.

٦- خوشكان و برایان، هاونیشتمانانم لە سەرانسەری ئێراندا، من دەستی خۆم بەرەو ئێوە ڕادەكێشم و بۆ خاتری خوا و ئیسلام و نیشتمان لە ئێوەم دەوێت، بە هەموو تواناتانەوە بۆ ڕزگاریی نیشتمانەكەتان

هەوڵبدەن و ئەو چەکە سارد و گەرمانە واتە قەڵەم و بەیان و دۆشکانە لە ڕووبەڕووی یەکتر لاببەن و ڕوویان بکەنە دوژمنانی مرۆڤایەتی کە ئەمریکا لە پێشەوەیانە. ئەی خوداوەند، مەئموریەتی من کە ئامۆژگاریی کردنی میللەتە، بە توانای لاوازی خۆم بە ئەنجام گەیاند و تۆ ئەی خوای گەورە، بە هێزی بێهاوتای خۆت، دڵانی ئێمە وەک برا پێکەوە ببەستەوە. انک قریب مجیب، سڵاوی گەرمم بۆ میللەتی ئازیز و برایانی کورد و ڕەحمەتی خوا لە هەمووان.

روح الله الموسوی الخمینی

۲۶/ خەزەڵوەری ۵۸ (۲٦ ذیحجه ۱۳۹۹ (۱۷ نۆڤێمبەری ۱۹۷۹)

پەیامی خومەینی زۆر بە گەرمی لە لایەن گەلانی ئێرانەوە پێشوازیی لێکرا، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران، ڕێکخراوی فیداییانی خەڵکی ئێران، حیزبی تودەی ئێران، هەستی ئازادیی ئێران پەیامەکەیان قۆستەوەو بە هەنگاوێکی گرنگیان دانا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی لە ئێراندا و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەکانی ناوخۆ و دەرەوە لێکدانەوەی پۆزیتیڤیان لەسەر کرد. هەر لەو کاتەشدا دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات کۆبوونەوەیەکی بەرینی بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و کادیر و ئەندامانی نزیک بنکەی دەفتەری سیاسی لە گوندی "دۆڵەتوو" لە باکووری ئاشی پشکاوێ پێکهێنا و ئەندامانی حیزب لەو کۆبوونەوەیەدا پێشوازییان لە پەیامی خومەینی کرد. بەو بۆنەیەوە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات لە بەیاننامەیەکدا ڕەزامەندیی خۆی لەسەر درێژەدان بە وتووێژ و ڕاگرتنی شەڕ بۆ ماوەی بیست ڕۆژ دەربڕی و دوکتۆر قاسملوو گەڕایەوە مهاباد کە هەوڵەکانی بۆ بە ئاشتی چارەسەر کردنی کێشەکان چڕ بکاتەوە.

لە مهاباد ڕێکخراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بانگەوازێکی لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی شاردا بڵاوکردوە و داوای لە خەڵک کرد کە کاتژمێر ۱۵:۰۰ ڕۆژی ۱۳۵۸/۸/۲۹ لە مەیدانی قازی محەمەد کۆببنەوە بۆ بەشدارییکردن لە کۆبوونەوەیەکی مەزن و بیستنی وتاری دوکتۆر

قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی ١٣٥٨/٨/٢٨دا ڕاگەیاندنەکەی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی لە مهاباد بڵاوکردەوە.

پتر لە سەد هەزار کەس بەپیر ئەو بانگەوازەی حیزبی دیموکراتەوە هاتن و بە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ لە مەیدانی "چوارچرا" کۆبوونەوە و گوێیان لە وتاری دوکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات گرت. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی ١٣٥٨/٨/٢٩دا، ئاماژەی بۆ ئەو ڕێوڕەسمە و وتەکانی دوکتۆر قاسملوو کرد و نوسی:

- (شاری مهاباد دوای چەند مانگ شەڕ و ئاڵۆزیی، دوێنێ ڕوخسارێکی‌تری هەبوو. دەوروبەری نیوەڕۆی دوێنێ، ژن و پیاو و گەورە و بچوک، خوێندکار، کرێکار، جوتیار و کاسبکار بە بەرگی ڕەنگاوڕەنگەوە بەرەو مەیدانی ئازادیی "مەیدانی قازی محەمەد" چوون و کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆ لە مەیدان و شەقامەکانی دەوری مەیدانەکە کۆبوونەوە. ژمارەیان پتر لە سەد هەزار کەس دەبوو، بەشێکیان لە شارەکانی دەوروبەرەوە هاتبوون و وێنەی ڕێبەرانی نەتەوەیی و ئاییینیی ئێران و کوردستانیان بەرز کردبووەوە. بە هۆی زۆریی خەڵک و نەبوونی جێی پێویست، هەندێکیان پەنایان بۆ سەربان و درەختەکان بردبوو. کۆڕەکە کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆ بە سرودی ڕەسمیی کوردستان دەستپێکرا و دوای خولەکێک بێدەنگیی بۆ گیانی شەهیدان، عەبدولرەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەناو پێشوازییەکی بێهاوتای خەڵکدا وتارێکی ئاراستەی بەشداران کرد و گوتی: خوشک و برایانی ئازیز، ئەی میللەتی ئازیز! خەڵکی قارەمانی مهاباد! زۆر خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە دوای چەند مانگ لەم کۆبوونەوە مەزنەدا لە ناو ئێوەدام و سەبارەت بە کوردستان پێکەوە دەدوێین. سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات دوای دەربڕینی ڕێز و سوپاسی بۆ هەموو شەهیدانی ڕێگەی ئازادیی کوردستان و ئێران و پێشمەرگە قارەمانەکانی کورد و زەحمەتکێشانی

کوردستان، گوتی: سوپاسی هەموو ئافرەتان و خوێندکاران و لاوانیش دەکەم کە لەم خەباتەدا بە دڵفرەوانیی یارمەتی ئێمەیان دا. هەروەها سوپاس بۆ هەموو ڕۆشنبیرانی جیهان کە لە هەلومەرجی جیاوازدا پشتی ئێمەیان گرت. ئەمڕۆ ئێمە کۆبووینەتەوە کە جارێکی تریش سڵاوی خۆمان ئاراستەی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بکەین و پێیڕابگەیەنین کە پەیامەکەمان بیست و گوتمان "لەبەیک". ئێمە ئامادەین هەموو دەرەتانی خۆمان بخەینەگەڕ تا هەرچی زووترە کۆتایی بە شەڕ و براکوژیی بێت لە کوردستاندا. دیارە لەم بارەیەوە بە وتەی ئیمام خومەینی، ناحەزان بوون کە نەیاندەویست ئەم یەکیەتی و هاوپەیمانییە پێکبێت، ئێمە داوا لە ئیمام دەکەین کە ئەو جۆرە بەدخوازانە بە توندیی سزا بدرێن و ئامانجی ئێمە لە خەبات بۆ دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردستانی ئێران ئەوە بووە و ئێستاش ئەوە دروشمی ئێمەیە. لە لایەکیترەوە ئێستا بۆ ڕێبەری شۆڕش و گەلانی ئێران و دۆستانی ئێمە ڕوون بووەتەوە کە ئێمە نەک جیاخواز نین، تەنانەت هاوکارییشمان لەگەڵ ئیمپیریالیزم و سەهیۆنیزم نەبووە و بەشێکین لە گەلانی بەوەفای ئێران و بۆ خودموختاریی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ سەرانسەری ئێران تفەنگمان هەڵگرتووە. لێرەدا سیاسەتی میللەتی ئێران دژی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا تەئید دەکەم کە نایەوێ محەمەد ڕەزاشا گەورەترین تاوانباری مێژوو بداتەوە بە ئێران. ئومێدەوارین هەموو خەڵکانی ئێران وەک ڕۆژانی بەرلە شۆڕش و دوای شۆڕش پێکەوە بۆ داکۆکیی کردن لە ئازادیی و سەربەخۆیی ئێران تێبکۆشن.) قاسملوو لە بەشێکیتری وتارەکەیدا گوتی:

- (عەقڵ و هۆشیاریی و فام و شعور لە خەباتی ئێمەدا سەرکەوت و ئێمە بە عەقڵی سالمەوە هاتووین و ئامادەین ئاگربەس بکەین، هەروەها دەمانەوێ وەک حیزبێکی سیاسی بەرپرس و وەک حیزبێک کە خەڵک باوەڕیان پێیەتی و لە کارەکانی دڵنیان، لەگەڵ کاربەدەستانی

دەوڵەت وتووێژ بکەین و باوەڕمان پێیەتی و دەمانەوێ ئەو وتووێژە لە چوارچێوەی ڕاستیی و باوەڕکردن بە یەکتر بەڕێوە بچێت و لەو ناوەدا بەدخوازانیش لە هەر جێیەک و لە هەر پلەیەکدا بن، بە هێزی گەل سەرکوت دەکرێن. دەبێ دژی ئەو کەسانە خەبات بکەین کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان و قازانجی ئیمپیریالیزم نایانەوێ ئاشتیی و خۆشەویستیی بەدیبێت و نابێ ڕێگە بدەین کە جارێکی تر دیکتاتۆرییەت لەم وڵاتەدا سەرهەڵبداتەوە، یان شەڕ و براکوژییەکی تر دەستپێبکاتەوە. ئەگەر ئێمە پێکەوە هاودەنگ بین، دەتوانین بەرگریی لە دەسکەوتەکانمان بکەین.

دوای کۆتاییی وتاری دوکتۆر قاسملوو، مەلا عەبدوڵای حەسەنزادە چەند کۆپلەیەک شیعری مامۆستا هێمنی شاعیری نەتەوەیی خوێندەوە. دوای ئەو کریم حیسامی پەیامی کۆمیتەی شاری مهاباد و مەلا ڕەسوڵی پێشنماز پەیامی هێزی پێشمەرگەی حیزبی خوێندەوە و لە کۆتاییدا تەها عەتیقی بڕیارنامەی کۆبوونەوەکەی خوێندەوە کە لەم شەش ماددەیەی خوارەوە پێکهاتبوو:

بڕیارنامە

ئێمە دانیشتوانی مهاباد و دەوروبەری کە بەشداریی کۆبوونەوەی گەورەی ڕۆژی ١٣٥٨/٨/٢٩ مان کردووە، داواکارییەکانی خۆمان بەم شێوەیەی خوارەوە ئاڕاستەی ڕێبەری شۆڕش دەکەین:

١- لە کانگای دڵمانەوە پێشوازیی لە پەیامی مێژوویی ئیمام دەکەین سەبارەت بە پێویستیی هەڵگرتنی ستەمی نەتەوایەتی، ئابوری، فەرهەنگیی و سیاسی لەسەر نەتەوەی کورد و ئەوە بە هەنگاوێکی پۆزەتیڤ دەزانین بۆ کۆتاییهێنان بە ئاڵۆزییەکانی کوردستان و دەستەبەرکردنی مافی گەلی کورد و گەشەکردنی شۆڕشی ئێران.

٢- جارێکیتریش پشتیوانیی تەواوی خۆمان لە هەڵوێستی دژ بە ئیمپیرایالیزمی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و پێداگرییەکانی لە بەرامبەر ئیمپیریالیزمی تاوانباری ئەمریکا ڕادەگەیەنین و لەم

ڕێگەیەدا ئامادەیی خۆمان بۆ هەر چەشنە کارێک بە خەڵکی ئێران ڕادەگەیەنین.

٣- بەدڵی پاکەوە داوا لە ڕێبەری شۆڕش دەکەین بە پەسەندکردنی داوای سەرەکیی گەلی کورد، واتە خودموختاریی لە چوارچێوەی تەواویەتی خاکی ئێراندا، جارێکی تریش دڵپاکیی خۆی سەبارەت بە کۆتاییهێنان بە نابەرامبەرییەکانی مەوجود لە کۆمەڵگەدا کە میراتی ڕژێمی گەندەڵی ڕابوردووە، بە گەلانی جیهان بگەیەنێت.

٤- جارێکیتریش ئامادەیی خۆمان ڕادەگەیەنین بۆ بەرگرییکردن لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی مەزنی خەڵکی ئێران و پاراستنی سنوورەکانی وڵات لە هەر چەشنە دەستدرێژییەکی بێگانەدا.

٥- شێلگیرانە داوا لە ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران دەکەین کە ئەو بەدخوازانەی شەڕی براکوژییان لە کوردستاندا پێکهێنا و زێنی ئیمامیان ئاڵۆز کرد، بە توندیی سزا بدەن و ئەو بەرپرسانەی کە دەستیان هەبوو لە پێکهێنانی شەڕەکاندا، پۆستە گرنگەکانیان لێ وەرەبگرنەوە.

٦- بۆ ئەوەی کە بە زوویی سامان بدرێتەوە بە کوردستان و ئاشتیی و ئارامیی بگەڕێتەوە ناوچەکە، داوا لە ڕێبەری شۆڕش دەکەین، فەرمانبدەن کە لیژنەی نیازپاکیی بە زوویی بگەڕێتەوە کوردستان و لەگەڵ لیژنەی نوێنەرایەتی گەلی کورد درێژە بە وتووێژ بدەن.

کۆبوونەوەی مهاباد بە سرودی ئەی ڕەقیب کۆتاییهات و بەشداران بە شایی و هەڵپەرکێ ڕۆژەکەیان بردەسەر. کاتژمێر ١٧:٠٠ دوکتۆر قاسملوو چووە فەرمانداریی مهاباد و لەوێ چاوی بە ژمارەیەک ڕۆژنامەنوسی ناوخۆ و دەرەوە کەوت و لە وەڵامی پرسیارێکدا ڕایگەیاند ئەمڕۆ چوار شەممە لیژنەی نیازپاکیی دەگەڕێتەوە کوردستان و دەستدەکەینەوە بە وتووێژ.

بەرلە شەڕی سێ مانگە زۆربەی خەباتگێڕانی چەککردنی سەربازگەی مهاباد کە تاوانی دووەم و سێیەمیان لێدرابوو، پاڵیان بە ڕژێمی

ئێرانەوە دایەوە، بەڵام بەڕێزان کەریم پوورقوباد، عەبدوڵا ئەفشین، ئەحمەد جاویدفەر و ئیرەج قادری هاتنە ڕیزی حیزبی دیموکراتەوە. هەروەها لە مەودای شەڕی سێ مانگە و دوای کۆتاییهاتنی شەڕ، دەیان ئەفسەر و پلەداری سوپا و ژاندارمەریی بە پلە و جۆری پسپۆڕایەتی جیاوازەوە پاڵیان بە حیزبی دیموکراتەوەدا. لەو ماوەی شەڕەکەدا هەرکام لەو بەڕێزانە ئەرکێکی حیزبیان لە ئەستۆ گرت و من ڕێکخراوی پێشمەرگەی حیزب دیموکراتم نوسی و یەکەم هێزی پێشمەرگەی ئەو حیزبەم کە ناوی هێزی ١١١ ی شەهید موعینی بوو لە ناوچەی سەردەشت دامەزراند و بە بڕیاری دەفتەری سیاسیی کەریم حەداد کرا بە فەرماندەی ئەو هێزە.

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سێ مانگە، کاک کەریم پورقوباد کرا بە فەرماندەی هێزی شاهۆ لە هەورامان، کاک ئەحمەدی جاویدفەر کرا بە جێگری فەرماندەی هێزی پێشەوا کە بەڕێز سەرگورد کەریم عەلیار فەرماندەی بوو، کاک عەبدوڵا ئەفشین سەرپەرەشتیی پێشمەرگەکانی ناوچەی بۆکانی پێسپێردرا و من و کاک سەرهەنگ قادریش لەگەڵ سەرگورد عەباسی و مەلا ڕەسوڵی پێشنماز و سەید ڕەسوڵی دهقان "بابی گەروە" شورای نیزامی حیزبی دیموکراتمان لە مهاباد دامەزراند.
هەرکام لە ئێمە بەشیوەیەکی ڕێکوپێک و بە گوێرەی بەرنامە و ئەرکی خۆمان بەڕیوە دەبرد کە سەرلەنوێ شەڕ بەربینگی بە گەلی کورد گرتەوە و ئاژاوەکان سەریانهەڵدایەوە و لەگەڵ شەهید بوونی دەیانهەزار خەڵکی مەدەنی و پێشمەرگە بەرە بەرە هەڤاڵانی تاوانبارکراو بە چەککردنی سەربازگەی مهابادیش بە شیوەی خوارەوە چوونە ڕیزی شەهیدانی کوردستانە یان تووشی چەرمەسەریی و ڕاونان بوون لە حیزبەکەیاندا کە شەریکبوون لە بەڕێوەبردنی و گەشەپێدانیدا.

## عەبدوڵا ئەفشین ڕاد




ڕۆژی ١٣٥٩/١/١٣ (١٩٨٠/٤/٢) کاک عەبدوڵا ئەفشین ڕاد "مەلا عەزیز" لەگەڵ بەڕێزان عەبدوڵا فەیزی و عومەر قەڵاجۆغەیی بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبیی لە بۆکانەوە هاتن بۆ مهاباد. دوای جێبەجێکردنی کارەکانیان، ئێوارەی ئەو ڕۆژە هاتنە ماڵی ئێمە و پێکەوە شیومان خوارد و گوتیان دەگەڕێینەوە بۆ بۆکان. داوام لێکردن شەو بمێننەوە و بەیانیی ڕۆژی ١٣٥٩/١/١٤ بگەڕێنەوە، ڕازیی نەبوون و گوتیان بڕیاری گەڕانەوەمان داوە. هەرچەندە لەو کاتەدا کوردستان تا ڕادەیەک ئارام بوو، بەڵام سیاسەتی نە شەڕ و نە ئاشتیی کە کۆماری ئیسلامی بەسەر گەلی کوردیدا سەپاندبوو، حوکمی بە پێشمەرگە دەکرد کە هۆشیار بێت و بە هۆشیاریی بجولێتەوە، کەچی ئێمە لەم بارەیەوە زۆر کەمئەزمون و کەمتەرخەم و بێدیسیپلین بووین. بەبێ ئەوەی کە بیر لە داهاتووی خۆمان و ماڵ و مناڵ و نەتەوەکەمان بکەینەوە و سەرنج بدەینە ئەو ڕێسا سیاسی و سەربازییە، بە بەردەوامیی خۆمان دەهاویشتە دەمی گورگەوە. سەدان پێشمەرگە و بەرپرس، تەنانەت دوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، بەڕێزان دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر سادق شەرەفکەندی دواتر بە هۆی ئەو کەمتەرخەمییەوە شەهید کران.

بە هەر حاڵ ماوەی نێوان مهاباد و بۆکان نزیکەی ٩٠ کیلۆمەترە. دوو جادە شارەکانی مهاباد و بۆکان پێکەوە دەبەستنەوە. یەکەم لە مهابادەوە بە "بورهان"دا تێدەپەڕێت کە ئەوکاتە لە دەست پێشمەرگەدا بوو، ئەوی تریان بە میاندواودا دەڕوات کە ئەویش هەر لە دەست پێشمەرگەدا بوو، بەڵام شاری میاندواو لە دەست دوژمندا بوو.

جادەیەکی پشتێنەش هەیە کە ناچێتە ناو میاندواو و بە قەراخ میاندواودا تێدەڕێت. ئەوانەی نەیانەوێت بچنە ناو شاری میاندواو، دەتوانن بەو جادەیەدا بڕۆن. ئەو جادەیە نە بۆ پێشمەرگە و نە بۆ دوژمن ئەمنیەتی تەواوی نەبوو، هەندێک جار پێشمەرگە و هەندێک جاریش دوژمن بۆسەی لە دەوروبەری ئەو جادەیە دادەنا.

کاک عەبدوڵا ئەفشین و هاوڕێیانی کاتژمێر ١٦:٠٠ لە ماڵی ئێمە دەرچوون کە بگەڕێنەوە بۆ بۆکان. نەیانگوت بە کام جادەدا دەڕۆن، چونکە بە بەردەوامیی لە نێوان بۆکان و مهاباددا هاتوچۆیان دەکرد، ئەزمونی باشیان لەسەر هەردوو جادەکە هەبوو. هەر سێیان سواری جیپێک بوون و ماڵئاواییان کرد و بەڕێکەوتن، بەڵام نەگەیشتنەوە بۆکان و لە جیاتی گەیشتنەوەیان هەواڵی شەهید بوونیان گەیشت.

ئەوان بە جادەی میاندواودا دەڕۆن و لەو پشتێنەیە تێدەپەڕن کە ئامارژەم بۆ کرد و دەچنە سەر جادەی میاندواو بۆ بۆکان، کەچی لە نزیک گوندی "شیناوێ"، لە مەودای نزیک دوو کیلۆمەتری جادەی میاندواو بۆ بۆکان، دەکەونە ناو بۆسەی پاسدار و کۆمیتەچییەکانی میاندواوەوە. پاسدارەکان دەستڕێژیان لێدەکەن و مۆڵەتیان نادەن کە دەست بکەنەوە. بەگوێرەی هەواڵێک کە لە خەڵکی گوندەکەوە بە شورای نیزامیی حیزبی دیموکرات گەیشت، لەو دەستڕێژەدا دوویان شەهید دەبن و کەسی سێیەمیان بە برینداریی دەکەوێتە دەست پاسدارەکان و ئەوانیش بە قۆناخە تفەنگ شەهیدی دەکەن و تەرمی هەر سێکیان دەبەنە میاندواو. چونکە ئەو ڕووداوە هاوکات بوو لەگەڵ وتووێژی حیزبی دیموکرات و حکومەت، پاسدارەکان بە تکای فەرمانداری میاندواو تەرمی شەهیدەکان دەدەنەوە بە بنەماڵەکانیان، بەو جۆرە تەرمی هەر سێ شەهید دەگەڕێنەوە بۆکان و لەوێ بە خاکی پیرۆزی کوردستانیان سپاردن.

ستوان سێیەم عەبدوڵا ئەفشین ڕاد کەسایەتییەکی ئارام و نیشتمانپەروەر بوو. لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتدا بۆ

"کۆمیتەی بازرەسیی" حیزب هەڵبژێررا و هەروەکو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، یەکێک بوو لە خەباتگێڕانی چەککردنی سەربازگەی مهاباد. لە دادگای سەربازیی سوپای کۆماری ئیسلامیدا بە تاوانی "پروپاگەندەچی گروپی پلانگێڕیی عەمەلیات - مبلغ گروه توطئه عملیات" حوکمی ئیعدامی بۆ درابوو. ناوبراو یەکەم شەهیدی ئەو گروپەیە کە سەربازگەی مهابادیان چەککرد و ئەمەش وەک دەسکەوتێکی مەزن بۆ کۆماری ئیسلامیی دەژمێردرێت.

# حەبیبوڵا عەباسی




دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات بە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سێ مانگە، ئێوارەی ڕۆژی ١٣٥٨/٩/١١ (١٩٧٩/١٢/٢) کۆبوونەوەیەکی لە ماڵی کاک "مەلیک"ی قازی لە مهاباد پێکهێنا. بەشێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی و نزیکەی (٢٠) کادیری بەرزی حیزب بەشدارییان لەو کۆبوونەوەیەدا کرد. مەبەست لەو کۆبوونەوەیە دروستکردنی ئۆرگانێک بوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری پێشمەرگەکانی حیزب. دەفتەری سیاسی پێشتر لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوو کە ناوی ئەو ئۆرگانە بنێت "شورای نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" و ئەو کۆبوونەوەیەشی بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرانی ئەو ئۆرگانە پێکهێنابوو. چەند کەسێک لە لایەن بەشدارانەوە بۆ شورا کاندیدکران و هەڵبژاردنیان بۆ کرا. لە ئەنجامی هەڵبژاردندا ئەم کەسانەی خوارەوە دەنگیان بۆ شورای نیزامیی حیزبی دیموکرات هێنا:

١- سەرگورد حەبیبوڵا عەباسی ٢٣ دەنگ
٢- حامید گەوهەری ٢١ دەنگ.
٣- سەرهەنگ ئیرەجی قادری ١٩ دەنگ
٤- مەلا ڕەسوڵی پێشنماز ١٦ دەنگ
٥- سەید ڕەسوڵی بابی گەورە ١٢ دەنگ.

دوای هەڵبژاردنی ئەندامانی شورای نیزامی، بنکەی شورای نیزامیی حیزب لە بینای یەکەی ژاندارمەریی دانرا و ژمارەیەک پێشمەرگەی بۆ تەرخان کرا. تا کۆنگرەی چوارەمی حیزب کە ڕۆژی ١٣٥٨/١١/٣٠ (١٩٨٠/٢/١٩) بە بەشداریی (٣١٠) کەس لە سینەما "ئومێد"ی مهاباد

پێکهات. سەرگورد عەباسی بەرپرسی ئەو ئۆرگانە بوو. سەید ڕەسوڵ بابی دوای هەڵبژاردنی شورا چووە ناوچەی پیرانشار و بەرپرسایەتی ئەو ناوچەیەی وەرگرت و نەگەڕایەوە شورا و مەلا ڕەسوڵ پێشنمازیش زۆر بە کەمیی هاتوچۆی شورای دەکرد. سەرهەنگ قادری هەر چەند ڕۆژەی جارێک دەهات و لە ڕاستیدا من و سەرگورد عەباسی کارەکانی شورامان بەڕێوەدەبرد و بەتایبەتی من بە بەردەوامی لە شورا بووم. دوای کۆنگرەی چوارەم، دوکتۆر ڕەحیم سەیف قازی کرا بە بەرپرسی شورای نیزامی و هاوکاریی ئێمەی دەکرد و بە دوای جیابوونەوەی ناوبراو لەگەڵ ئەندامانی پەیڕەوی کۆنگرەی چوارەم لە حیزب لە ١٣٥٩/٣/٢٥ (١٩٨٠/٦/١٥)دا، سەرگورد حەبیبوڵا عەباسی کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی چوارەم بوو، ئەو بەرپرسایەتییەی وەرگرتەوە. سەرگورد عەباسی دەستی نەبوو لە چەککردنی سەربازگەی مهاباددا، بەڵام کۆماری ئیسلامیی تاوانی پەیوەندییگری نێوان حیزب و گروپی پلانگێڕیی عەمەلیاتی "مسئول ارتباط حزب با گروه توطئه عملیات" بۆ هەڵبەستبوو. دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە کوردستاندا، دەفتەری سیاسی سێ گروپی لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی، کۆمیتەی ناوەندیی و کادیرەکانی باڵای حیزب پێکهێنا. گروپێکی بە سەرۆکایەتی بەڕێز عەبدوڵا حەسەن زادە ڕەوانەی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و گروپێکی بە سەرۆکایەتی بەڕێز مستەفا هیجری نارده ڕێکخراوەکانی ناوەند و گروپی سێیەمی بە سەرۆکایەتی بەڕێز جەلیل گادانی ڕەوانەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد. من و سەرهەنگ قادری و مەلا ڕەسوڵی پێشنماز ئەندامی ئەو گروپە بووین کە مەلا عەبدوڵا سەرۆکایەتی دەکرد. بەر لە ڕۆیشتنی ئەو گروپانە لە مهاباد لە ١٣٥٩/٥/٢٣ (١٩٨٠/٨/١٤)، دەفتەری سیاسیی شورای نیزامی هەڵوەشاند و بە سەرگورد عەباسی ڕاگەیاند، بچێتە ناوچەی سەرشاخان و لە بنکەی دەفتەری سیاسیی لە کاروباری سەربازیی حیزبدا، هاوکاریی دوکتۆر قاسملوو فەرماندەی گشتیی هێزی

پێشمەرگەی حیزب بکات، کەچی ئێوارەی ڕۆژی ١٣٥٩/٦/١ (١٩٨٠/٨/٢٣) لە بنکەی شورای نیزامی لەگەڵ دوو لایەنگری حیزبی دیموکرات بە ناوەکانی مەحمود ساڵحی پاسەوانی ئینتزاماتی شاری مهاباد و ستوان ئەحمەد چەڵەبی کۆدەبێتەوە، کە پاسدار "دەربەندی" و پاسدارێکی تر دەگەنە سەریان و دوو دەراخ گوللەی "یوزی"یان لێ بەتاڵ دەکەن و دەیانخەنە سەر زەوی. دەربارەی چۆنیەتی شەهیدکرانی سەرگورد عەباسی، ڕۆژی هەینی ٢٠٠٨/٨/١٩، مەلا محەمەد عەباسی پێیڕاگەیاندم:

- ( نزیکەی دە خولەک بەرلە هاتنی ئەو پاسدارەی کە سەرگورد عەباسی شەهید کرد، من و شەهید محەمەد زەنگەنە لە لای سەرگورد عەباسی بووین. ئەو مەئموریەتی بە ئێمەدا کە لەگەڵ پاسدارێک بچینە ورمێ. گوتی ئەو پلانی کوشتنی مەلا حەسەنی دارشتوە و ئێوە دەبێ لە نزیک دەرگای ماڵی حەسەنی بوەستن و ئەگەر ئیشەکەی بەڕیوەبرد، یارمەتی بکەن کە لە شوێنەکە دوور بکەوێتەوە. محەمەد زنگەنە چوو خۆی ئامادە بکات و چونکە من لەلایەن هێزی پێشەواوە بۆ هەوشار مەئمور کرابووم، نامەیەکی بۆ سەرگورد عەلیار فەرماندەی هێزی پێشەوا نووسی. من هەستام کە بچم نامەکە بگەیەنم، کە مەحمود ساڵحی و ئەحمەد چەڵەبی هاتن و لەجێی من و محەمەد زەنگەنە دانیشتن. دوابەدوای ئەوان، پاسدارەکەش بە سندوقێک دەرمانەوە هات، سەرگورد عەباسی بە پێشمەرگە "عەلی دووکچی" گوت، دەرمانەکانی لێوەرگرە. ئەو دەرمانەکانی لێوەرگرت و ئێمە پێکەوە لە دەرگا چووینەدەر. من چوومە بنکەی هێز کەچی دەرگاکە داخرابوو، لە گەڕانەوەدا بووم کە بینیم خەڵک بە کۆمەڵ بەرەو شورای نیزامی ڕادەکەن و دەڵێن سەرگوردیان کوشت. یەکێک لە پاسدارەکان کەوتبووە بەر گوللەی محەمەد زەنگەنە و خەڵک کەوتنە سەری و کوشتیان و ئەویتریان کە قاتڵی سەرگورد عەباسی بوو، ڕایکرد و خۆی گەیاندە بنکەی سوپای پاسداران.)

سوپای پاسدارانی ورمێ لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی ۱۳۵۹/٦/۲ (۱۹۸۰/۸/۲٤) لە ڕۆژنامەی کەیهاندا بڵاویکردەوە، دەربارەی تیرۆری سەرگورد عەباسی ڕایگەیاند:

**- (لە چالاکییەکدا کە پاشنیوەڕۆی دوێنێ شەممە ۱۳۵۹/٦/۱ لە لایەن گروپی شەهید "چغند" لە یەکانی "زەبەت"ی سوپا لە شاری مهاباد ئەنجامی گرت، سەرگورد عەباسی بەرپرسی چالاکییە سەربازییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ سەروان ئەحمەد چەڵەبی ئەفسەری ڕاکردوی سوپا و مەحمود ساڵحی کوژران و ژمارەیەکیش پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات بریندار بوون. سەرگورد عەباسی یەکێک بوو لە تاوانبارانی چەککردنی سەربازگەی مهاباد لە ساڵی ۱۳۵۷ و پلاندارێژی ئەو چالاکییە بوو کە چل ڕۆژ لەمەوبەر پانزدە پاسداریی لە "بەندی" ورمێ تێدا شەهیدکران. لە چالاکیی کوشتنی سەرگورد عەباسیی دا یەکێک لە پاسدارەکان شەهید و ئەویتریان بە سڵامەت گەڕایەوە و ....تد.)**

کەریم حیسامی دەربارەی تیرۆری سەرگورد عەباسی لە بەرگی حەوتەمی بیرەوەرییەکانیدا لاپەڕەی ۹۷ دەڵێت: ڕۆژی ۱۳۵۹/٦/۱ (۱۹۸۰/۸/۲۳) بەیانی زوو دوو پێشمەرگەی دەفتەری سیاسی پەیدابوون، نامەیەکی دوکتۆر قاسملوویان هێنابوو، دوکتۆر نوسیبووی: کاک کەریم تکایە بە سەرگورد عەبباسی بڵێ، ئەو هیچ کاری لە مهابادا نەماوە. هەقی نیە لەنێو شاربێ. هەر ئێستا بکەوێتەڕێ و بێتە ئێرە، دەفتەری سیاسی چاوەڕوانیەتی. هەستام چوومە کن سەرگوردی، بەتەنیا لە شورای نیزامی دانیشتبوو. لەبەر ئەوەی کە بەتەما چوونەدەرێ بوو، کێشک و پێشمەرگەی لە شورای نیزامی نەهێشتبوو. نامەکەی دوکتۆر قاسملووم نیشاندا و گوتم: پێشمەرگەکانم ڕاگرتوو ئێستا دەبێ برۆی، تکایە خۆی ئامادەکە و گیرمەبە. گوتی: کاک کەریم هێندێ کارم ماوە، تەواویان دەکەم، ناوی هێندێ کەس هەیە بۆت دێنم. شتێکم دامەزراندوە، دێنم تەحویلت دەدەم و لای ئێوارێ دەکەومەڕێ و دەڕۆم.

سەعات ٣ی دوای نیوەڕۆ کۆبوونەوەی کۆمیتەی شارستان هەبوو، باس لەوە دەکرا کە بڕێک خۆ کۆبکەینەوە و سەند و بەڵگە و کەلوپەلی پێویست لە شار وەدەر خەین و پێشمەرگە لە بنکەی خۆیان لە ئامادەیی دابن و بە چەکە نەسوڕێنەوە. لەپڕ تەلەفۆن زەنگی لێدا، کە هەڵمگرت یەکێک گوتی: کاک کەریم سەرگورد عەباسی کوژرا.)

سەرگورد عەباسیی کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر، خاوەن هەستی کوردایەتی، مرۆڤ دۆست و زۆر پاک و خۆشناو بوو. زۆر سەرنجی بە خۆی و خۆشییەکانی ژیانی نەدەدا، بە گەرمای هاوین دەستێک بەرگی شڕ و جووتە پێڵاوێکی لاستیکی کۆنی لە پێدا بوو، کە دوو شوێنی کون بوو، لەسەر داوای من بەرگ و پێڵاوەکانی گۆڕین. کاتێک بە میوانیی دەچووە ماڵێک، تەنیا لەو خۆراکەی دەخوارد کە لەبەر دەستی بوو، ئیتر دەستی بۆ خۆاردنەکانی تر درێژ نەدەکرد. هەرگیز لە بەرامبەر ئافرەتاندا سەری خۆی بەرز نەدەکردەوە کە تەماشایان بکات و کەمتر دەدبینی کە پارەی لە گیرفاندا هەبێت. لە کاتی خۆیدا نوێژی دەکرد و بە گەرمای هاوینی ساڵی ١٣٥٩ بە ڕۆژو بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەندە لە سوپای ئێراندا بە پلەی سەرگوردیی گەیشتبوو، بەڵام لە بواری سەربازیی و سیاسییدا زۆر کەم ئەزموون بوو. ناوبراو ڕۆژی ١٣٥٩/٢/٢٢ کە سوپای ئێران ناوچەکانی سنە، سەقز، بانە و مەریوانی بە خوێنی لاوانی کورد سوور کردبوو، دوو پێشمەرگەی هێزی پێشەوای بە ناوەکانی ڕەحیم و عەلی لە دادگاییکردنێکی ئاشکرادا لە باخی "پێشاهەنگی"ی مهاباد بە تاوانی کوشتنی بازرگانێکی تورکی خەڵکی میاندواو لە ١٣٥٩/٢/١٨، مەحکوم و گوللەباران کرد.

ئەوە پاسدارەی کە سەرگورد عەباسی تیرۆرکرد، پێشتر دووجاری لە ماوەی مانگێکدا بەشیوەی خوارەوە لەلایەن پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتەوە دەستگیر کرابوو، بەڵام هەردوو جار سەرگورد عەباسیی بۆخۆی ئەو پاسدارەی ئازاد کرد. جارێک چوار پێشمەرگەی هێزی سمکۆ لەگەڵ بەڕیز ئەحمەد عەزیزی جێگری ئەو هێزە لە شەقامی پەهلەوی

شاری مهاباد، لە زارکی کۆڵانی مزگەوتی سور لەکن "ناسر"ی دۆ فرۆش تووشی ئەو تیرۆریستە دەبن و تێدەگەن کە هەڵسوکەوتی ئاسایی نییە. کاتی لێپرسینەوە دەبینن نەخشەیەکی شاری مهابادی پێیە. لە نەخشەکەدا فەرمانداریی، شورای نیزامی حیزبی دیموکرات، ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، نەخۆشخانەی شیروخۆرشید، سەربازگە و سوپای پاسدران نیشانە کرابوون. پێشمەرگەکان دەستگیری دەکەن و هێنایانە شورای نیزمی. من ناویم پرسی و بە پێشمەرگەکانی شورام گوت بۆ لێپێچینەوە ڕایبگرن. سێ کاتژمێری بەسەرچوو، سەرگورد عەباسی هاتە شورا و من مەسەلەکەم پێڕاگەیاند. ئەو چوو "دەربەندی" هێنایە لای من و گوتی ئەوە دۆستی خۆمانە و من پەیوەندییم لەگەڵی هەیە و کارێکم پێسپاردووە، ئیزن بدە ئازادی بکەن. هەرچەندە من تێگەیشتم کە دەربەندی سەرگورد عەباسی فریو داوە، بەڵام دەربەندیم ئازاد کرد. نزیکەی دوو هەفتە بە دوای ئەو ڕووداوەدا، دوو پێشمەرگەی شورای نیزامیی حیزبی دیموکرات لە مهاباد توشی دەربەندی دەبن و لێی وەشک دەکەون. دەیشکنن و دەبینن کارتی سوپای پاسدارانی ورمێی پێیە. سەرلەنوێ هێنایانەوە شورای نیزامی و من وەک جاری پێشوو زیندانیم کرد. کاک سەرهەنگ قادری لەوێ بوو کە سەرگورد عەباسی هات و ئەم جارەش بەمن و کاک سەرهەنگ قادری ڕاگەیاند:

**- (دەربەندی هاوڕێی خۆمانە و مەئموریەتم داوەتێ کە مەلا حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ بکوژێت.)**

ئێمە هەر سێمان لە کاریدۆری شورا وەستابووین و دەربەندیشمان لا بوو. هەرکام لە سەرهەنگ قادری و سەرگورد عەباسی نارنجۆکێکیان بەخۆیانەوە هەڵداوەسی، سەرگورد عەباسی سەرەتا نارنجۆکەکەی لە خۆی کردەوە دایە دەست دەربەندی و دواتریش داوای لە سەرهەنگ قادری کرد کە ئەویش نارنجۆکەکەی بداتێ. دەربەندی هەردوو نارنجۆکی وەرگرت و لەکاتێکدا سەرگورد عەباسیی پێیگوت چاوەڕوانیت دەکەم، لە ئێمە دوورکەوتەوە و شورای بەجێهێشت. ئەوکاتە من ناوی

دەربەندییم لە ڕۆژژمێرەکەمدا نووسی و لەگەڵ ئەوەشدا نیگەرانیی خۆم بە سەرگورد ڕاگەیاند.

بەرلە سەفەرکردنم بۆ باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات لەگەڵ کاک حەسەنی باباتاهری فەرماندەری مهاباد و فەرماندەی سەربازگەی مهاباد ڕێککەوتبوو، کە پێشمەرگە بە چەکەوە لە شاری مهابادا نەبێت و تەنیا ئەو چەکدارانەی کە ئەرکی ئینتزاماتیان لە شاردا بەڕێوە دەبرد مافی هەڵگرتنی چەکیان هەبێت. ئەو مەسەلەیە هەلی بۆ کۆماری ئیسلامی ڕەخساند و دەستی تیرۆریستەکانی کردەوە کە بتوانن سەرگورد عەباسی تیرۆر بکەن.

بەم جۆرە ڕۆژی ١٣٥٩/٦/١ پاسدار دەربەندی لەگەڵ پاسدارێکی تر کە هەڵگری چەکی "یوزی" بوون، بە گوێرەی قەرار دەچنە شورای نیزامی حیزب و خۆیان دەگەیەننە سەرگورد عەباسی و دەبینن لەگەڵ دوو کەسی تر دانیشتووە و قسە دەکەن. دەربەندی یوزییەکەی لەژێر جاکەتەکەی دەردێنێت و هەر سێ کەسیان دەکوژێت و بە گوێرەی پلان لەگەڵ تیرۆریستەکەی تر لە پەنجەرەی قاتی سەرووی شوراوە خۆیان دەخەنە خوارەوە و بەرەو نەخۆشخانەی شێروخورشید ڕادەکەن کە بچنەوە بنکەی سوپای پاسداران. دەربەندی خۆی ڕزگار دەکات، بەڵام تیرۆریستە هاوڕێیەکەی دەکەوێتە بەر گوللەی محەمەد زەنگەنە و خەڵک دکەونە سەری و دەیکوژن. ڕۆژی ١٣٥٩/٦/٢ ڕێکخراوی حیزبی دیموکرات لە مهاباد بە شکۆیەکی مەزن تەرمی سەرگورد عەباسی لە گۆڕستانی شاری مهاباد بە خاکی نیشتمان سپارد و کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی مهاباد و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات بەشداریی ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنەکەیان کرد.

ئێوارەی ڕۆژی ١٣٥٩/٦/٢ لەگەڵ ئەو گروپەی کە چووبووینە ناوچەی سنە و هەورامان لە دزڵی کۆببووینەوە، کە ڕادیۆ کوردستان "رادیۆی حیزبی دیموکرات" هەواڵی شەهیدبوونی سەرگورد عەباسیی و ستوان ئەحمەد چەڵەبی و پاسەوان مەحمودساڵحی ڕاگەیاند و گوتی:


**- (دوژمن بە پلانێک سەرگورد حەبیبوڵا عەباسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و سەروان ئەحمەد چەڵەبی و پێشمەرگە مەحمود ساڵحی شەهید کرد. یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ئەو پلانە کوژرا و دوو کەسیشیان دەستگیرکران.)**

حیزبی دیموکرات دەقی ئەو هەواڵەی لە نامیلکەی "جنگ در کردستان، ضمیمە پنجم، تیر، مرداد، شهریور، مهر و آبان ماه ١٣٥٩"دا بە زمانی فارسی بڵاوکردوەتەوە. پێویستە بڵێم کە ئەو هەواڵەی کە دەڵێت دوو لە بەڕیوەبەرانی پلانەکەی دەستگیر کردوە، بەتەواوی دوورە لە ڕاستیی و هەروەکو ئاماژەم بۆ کرد یەکێک لە تیرۆریستان کوژرا و ئەویتریان ڕایکرد و خۆی گەیاندە بنکەی سوپای پاسداران لە مهاباد.

بەهەرحاڵ هەواڵی تیرۆرکردنی سەرگورد عەباسی و هەڤاڵانی ئێمەی تاساند و داخ و پەژارەیەکی زۆری خستە دڵمانەوە و بۆ چەند خولەکێک هەمووومانی بێدەنگ کرد. لەوکاتەدا مەلا عەبدوڵا گوتی ئێمە چەندجار داوامان لێکرد کە بێتە دەفتەری سیاسیی و لەوێ بێت، کەچی گوێی نەداینێ و گوتی کارێکم بەدەستە کە بەم زوانە ئەنجامی دەدەم و دێمەلاتان. هەرکام لە هەڤاڵان شتێکیان لەسەر پیاوچاکی سەرگورد عەباسی گێرایەوە و منیش ڕۆژژمێرەکەم کردەوە و ناوی دەربەندی بکوژی ئەو سێ تێکۆشەرانەم پێڕاگەیاندن و گوتم دەربەندی سەرگورد عەباسی کوشتوە! مەلا عەبدوڵا پرسی: **(تۆ چۆن دەزانی، دەربەدندی کێیە؟)** ڕووداوەکەم بۆ گێڕانەوە و کاک سەرهەنگ قادری گوتی حامید ڕاست دەکات. دوای نزیکەی ساڵێک بەسەر ئەو ڕووداوەدا، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران لە ورمێ دەربەندی کوشت. ڕادیۆی کۆماری ئیسلامی لە ورمێ یادی دەربەندی کردەوە و گوتی:

**- (دەربەندی لە یەکانی زەربەتی سوپا لە گروپی شەهید "چغند" لە شاری مهاباد سەرگورد عەباسیی کوشتووە.)**

# ئەحمەد جاویدفەر




کاک ئەحمەد جاویدفەر "هەژار" دوای چەککردنی سەربازگەی مهاباد پەرەی بە هاوکارییەکانی لەگەڵ حیزبی دیموکراتدا. دوو جار لە شەڕی نەغەدە و خۆمپارە باران کردنی سەربازگەی ورمێ بە سوکی بریندار بوو. پێشمەرگەیەکی ئازا و نەترس و زۆر پاک و ڕاستگۆ بوو. ئەویش وەک شەهێدان عەبدوڵا ئەفشین و حەبیبوڵا عەباسی لە بنەماڵەیەکی هەژاردا چاوی بە ژین کردبووەوە. لە ناو خەڵک و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دیموکراتدا کەسایەتییەکی خۆشەویست بوو. لە پۆستی جێگری فەرماندەی هێزی پێشەوادا هاوکاریی حیزبی دیموکراتی کرد، بەڵام هەتا ساڵی ١٣٥٩ ئەندامی حیزبی دیموکرات نەبوو و تەنانەت بەشداریی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی نەکرد. دوای کۆنگرەی چوارەم بەشێوەی ڕەسمی بوو بە ئەندام لە حیزبی دیموکراتدا و لە ١٣٥٩/٧/٢٩ (١٩٨٠/١٠/٢١) بە فەرماندەی هێزی پێشەوا دیارییکرا و لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبدا ١٣٦٠/٩/١٨ (١٩٨١/١٢/٦) بە ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردرا. دوو ڕۆژ دوای هەڵبژێرانی بە ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا بۆ یارمەتیکردنی هێزی شەهیدانی وێردی ڕەوانەی ناوچەی بانە کرا و لە عەمەلیاتێکــی هاوبەشدا لەگەڵ هێزی شەهیدانی وێردی کەوتە بەر گوللەی هێزەکانی ڕێژیم ڕۆژی ١٢٦٠/٩/٢٤ (١٩٨١/١٢/١٢) دڵی لە لێدان کەوت و ماڵ ئاوایی لە و هاوسەنگەران. ڕۆژی ١٣٦٠/٩/٢٧ لە گۆڕستانی ئاوایی "لاچین" بە خاکی پاکــی کوردستان سپێردرا. هەروەکو پێشتر ئامارەم بۆ کرد کاک ئەحمەد

یەکێک بوو لە خەباتگێڕانی چەککردنی سەربازگەی مهاباد. لە دادگای سەربازیی سوپای کۆماری ئیسلامیدا بە تاوانی "پروپاگەندەچی گروپی پلانگێڕیی عەمەلیات - مبلغ گروه توطئه عملیات" حوکمی ئیعدامی بۆ درابوو. ناوبراو سێیەم شەهیدی ئەو گروپە بوو کە سەربازگەی مهابادیان چەککرد.

هەرچەندە خەباتکارانی تری چەککردنی سەربازگەی مهاباد تا ئێستا لە ژیاندان، بەڵام توشی چارەنوسێکی ناڕون و دژوار بوون. بۆ نمونە کاک کەریم پورقوباد بۆ ماوەی هەشت ساڵ لە چیاکانی کوردستان مایەوە و لە ماوەیەدا ئەرکی فەرماندەیی هێزی شاهۆ لە ناوچەی هەورامان، شەریفزادە لە ناوچەی سنە و هێزی پێشەوا لە ناوچەی مهابادی بەڕێوەبرد. پێشمەرگەیەکی ئازا و نەترس بوو. تا ساڵی ١٩٨٤ لە ڕیزی حیزبی دیموکراتدا مایەوە. دوای کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دیموکرات کە ڕۆژی ١٣٦٢/١١/٢ (١٩٨٤/١/٢٢) پێکهات، دەفتەری سیاسیی حیزب ئەرکی بەرپرسی پێشمەرگەکانی "ناوەندی ئازوان"ی بۆ دیارییکرد، بەڵام ناوبراو قبووڵی نەکرد. هۆی سەرەکی وازهێنانی کاک کەریم لە حیزب بە وتەی خۆی بۆ ئەو هەڵوێستە نادیموکراتییەی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات دەگەڕایەوە کە بە دوای کۆنگرەی شەشەمدا من و ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزبیان بە ناحەق لە حیزب دەرکرد و بڵاوەیان بە ژمارەیەکی زیاتر لە هەڤاڵانی حیزب کرد. تاوانی دەرکردنی ئێمە لە حیزب ئەوە بوو، کە لە کۆنگرەی شەشەمدا دەنگی دژمان بە "کورتە باس" دابوو. کاک کەریم ساڵی ١٩٨٧ باشوری کوردستانی بەجێهێشت و بە بنەماڵەوە هاتە ئەوروپا.

هەروەها کاک سەرهەنگ ئیرەج قادری هەرچەندە دادگای سەربازیی بە تاوانباری ڕێزی دووەمی ناسیبوو، بەڵام ئامادە نەبوو وەک هەڤاڵانیتری کە هاوکارییان کردبوو لە چەککردنی سەربازگەی مهاباددا، بگەڕێتەوە لای ڕژێم. هەستی بەرزی نەتەوایەتی، ئەوی بەرەو

خەباتێکی درێژخایەن پاڵپێوەنا. لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتدا بە ئەندامی کۆمیتەی بازرەسیی حیزب هەڵبژێردرا. ئەندامی شورای نیزامی و کۆمیسیۆنی پێشمەرگەی حیزب و ماوەیەکیش فەرماندەی هێزی ئەفشین بوو لە ناوچەی نەغەدە. مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر، دیموکرات و قسەخۆش و کۆمەڵایەتییە. لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبدا کاتی دەنگدان بە "کورتەباس" لەنێوان من و کاک فەریدون میتران دانیشتبوو، لەگەڵ ئێمە بە دژی کورتەباس دەنگیدا. کاتێک کورتەباس لە کۆنگرەدا دەنگی نەهێنایەوە، بەڵام دواتر بە گوشاری دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر سادق شەرفکەندی و مەلا عەبدوڵای حەسەنزادە بۆ جاری دووەم دەنگی بۆ وەرگیرا و سەرکەوت، سەرهەنگ قادری ئەم ساتیرەی خوارەوەی گێڕایەوە:

- ( مامۆستایەک لە دەستپێکردنی خوێندنی سەری ساڵدا بە خوێندکارەکانی ڕاگەیاند، من مرۆڤێکی دیموکراتم و ڕازی نابم لە پۆلەکەمدا مافی هیچ خوێندکارێک پێشێل بکرێت. لەبەر ئەوە دەمەوێ خوێندکاران بۆخۆیان نوێنەرێک هەڵبژێرن و بەهۆی ئەو نوێنەرەوە داواکارییەکانیان بەمن بگەیەنن. من بۆ ئەو مەبەستە "حەسەن" بە نوێنەرێکی شایستە دەزانم و داوا لە ئێوە دەکەم کە دەنگ بۆ حەسەن بدەن، جا بۆخۆیان موختارن چۆنی دەنگ بۆ دەدەن، بە خامەی سوور دەنگی بۆ دەدەن یان خامەی ڕەش یان هەر ڕەنگێکیتر بۆخۆتان ڕەنگەکەی دیاریی بکەن.)

سەرهەنگ قادری لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دیموکراتدا بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوندی هەڵبژێردرا و لە ساڵی ١٩٨٩وە تا ١٩٩٣ بۆ ماوەی چوار ساڵ نوێنەری حیزبی دیموکرات بوو لە بەغدا. جگە لەوانە بە نوێنەرایەتی دەفتەری سیاسیی حیزب سەردانی زۆربەی هێزەکانی حیزبی کردووەتەوە و ڕاپۆرتی سەفەرەکانی بە دەفتەری سیاسیی داوەتەوە. لە کۆنگرەی هەشتەمی حیزبدا لەگەڵ بەشێک لە ئەندامانی حیزب لەژێر ناوی "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕی حیزبی

دیموکراتی کوردستانی ئێران" لە حیزب جودا بووە و سەرئەنجام دوای ١٧ ساڵ خزمەت بە نەتەوەکەی لە چیاکانی کوردستان، ساڵی ١٩٩٦ باشووری کوردستانی بەجێهێشت لە ئەوروپا خۆی گرتەوە.

منیش لە ساڵی ١٩٦٧ وە پەیوەندیی ڕاستەوخۆم لەگەڵ هەڤاڵانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری مهاباد هەبوو. ڕۆژی ١٩٦٨/١٠/١٣ بە تاوانی هاوکاریی لەگەڵ کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ڕژێمی ئێران ناوی "سارقین مسلح مهابادی" لەسەرنابوو، بۆ کرماشان دوورخرامەوە و بۆ ماوەی سێ مانگ لە زیندانی "ساڵح ئاباد" زیندانی کرام. دوای ئەو سێ مانگە تا ساڵی ١٩٧٣ لە کرماشان ڕایانگرتم.

دوای کۆنگرەی چوارەم و جیابوونەوەی ئەو بەشە لە حیزب، کە ناوی پەیرەوانی کۆنگرەی چورەمیان لەسەر خۆیان نا، شێوازی بەڕێوەبردنی حیزبی دیموکرات گۆڕانی بەسەردا هات و ئەو قەوارە دیموکراتییەی نەما کە پێشتر پەیڕەویی لێدەکرد، بەتایبەتی سەبارەت بەو کەسانەی کە بۆچوونێکی جیاوازیان لە بەرامبەر بۆچوونی دوکتۆر قاسملوودا هە بووایە، یان خزمایەتی و دۆستایەتیان لەگەڵ مامە غەنی و ئەندامانی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارە بوایە، ناوی "تودەکراتیان" لەسەر دەنا و لە هەر پلە و پایەیەکی حیزبیدا بووایە، دەکەوتە بەر گومان و قین و تۆڵەسەندنەوە. بەم بۆنەیەوە بوو کە دوای کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دیموکرات ١٣٦٠/٩/١٨ (١٩٨١/١٢/٦) کاک قادر عەبدی و ژمارەیەکی تر لە حیزب دەرکران و تەنانەت مامۆستا هێمنیان زیندانی کرد. بە دوای کۆنگرەی شەشەمی حیزبیشدا من لەگەڵ بەڕێزان فەریدون میتران، پۆلا نانەوازادە، ڕەحیم ئەمیری، خەلیل غەزەڵی توشی ئەو چارەنوسە تاڵە بووین. هەرچەندە بەڕێزان کەریم حیسامی و یوسف ڕیزوانی لە کۆنگرەدا نەبوون، تۆڵەی بیرجیاوازییان لەوانیش کردەوە و لەنێوان کۆنگرەکانی پێنجەم و شەشەمدا، دەیان ئەندامی بەرجەستەی حیزبیان لە حیزب دوور کردەوە. بەهەر حاڵ لە کتێبی "مێژووی سیاسیی

کوردستان"دا بە وردی ئاماژەم بەو دیاردەیە کردووە و بە پێویستی نازانم لێرەدا دووپات بکەمەوە.

لە شەڕی سێ مانگەدا ڕێکخراوی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتم بە زمانی فارسی نوسی و ماموستا هێمن لە "ئاشی پشتشکاوێ" کردی بە کوردی و بەڕێز مەلا عەبدولا حەسەنزادە بەسەر کوردییەکەیدا هاتەوە و دوکتۆر قاسملوو پەسەندی کرد و بە شێوەی ڕەسمی و یەک شکڵ هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات پێکهات. ڕۆڵی بەرچاوم هەبوو لە پێکهێنانی شورای نیزامی حیزبی دیموکراتدا. وەک ئەو هەڤالانەی سەروو، ماوەیەک فەرماندەی هێزی شەهیدانی وێردی بووم و ماوەیەکیش ڕاوێژکاری سەربازیی دەفتەری سیاسیی و سەردەمێک بەرپرسی زیندانی حیزبی دیموکرات بووم و سەردەمێکیش هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبم بەسەر دەکردەوە و کەموکوریی و پێداویستییەکانم بە نوسراوە بە دەفتەری سیاسیی دەگەیاند. دەبێ بڵێم هەرگیز لە بەڕێوەبردنی ئەرکی بەرپرسایەتی خۆمدا دوودڵ نەبووم و بە شانازییەوە لە هەموو ئەرکەکانمدا سەرکەوتنی دوور لە چاوەڕوانیی بەدەستهێناوە.

دوای دەرکرانم لە حیزب لە ساڵی ١٩٨٤ و شکانی وتووێژی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ ڕژێمی بەعس، ساڵی ١٩٨٥ چوومە لای پارتی دیموکراتی کوردستان و ساڵی ١٩٨٦ بە ناچاریی باشوری کوردستانم بەجێهێشت و لە ئەوروپا خۆم گرتەوە.

## سەرچاوەکان

١- مێژووی شارستانییەت، ئیزاک ئاسیمۆف و فرانک وایت، وەرگێڕانی نوسەر.
٢- ئافرەت لە کاروانی مێژوودا، سیامەک ستودە، وەرگێڕانی نوسەر.
٣- کورد، تورک و عەرەب، سیسیل جۆن ئیدمۆندس، وەرگێڕانی نوسەر.
٤- کتێبی "بەڵگەنامەکانی یەکەم سپەهبودی ئێران" ئەحمەد ئەمیرئەحمەدی.
٥- سایتی "خبرگزاری جبهه میللی" www.jminews.com.
٦- شۆرشی شێخ عوبەیدیلای نەهری، محەمەد حەمە باقی.
٧- تاریخ مەهاباد، سەیید محەمەدی سەمەدی.
٨- ڕۆژنامەی کوردستان، ساڵی ١٨٩٨.
٩- کوردەکان، حەسەن ئەرفەع، وەرگێڕانی نوسەر.
١٠ – کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، نوسینی نوسەر.
١١- ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان.
١٢- ڕۆژنامەکانی کەیهان، ئیتلاعات و جمهوریی ئیسلامی.
١٣- سایتی ویکی پدیا، دانشکا آزاد.
١٤- مامۆستا شێخ عیزەدەینی حوسێنی دیداری تایبەت.
١٥- حەمەدەمین سیراجی، دیداری دیداری تایبەت.
١٦- مەلا حەسەنی شێوەسەڵیی، پرسیار بە تەلەفۆن.
١٧- کەریم نستانی، نامە، نامەکەی پارێزراوە.
١٨- ئیرەج قادری، نامە، نامەکەی پارێزراوە.
١٩- کەریم پورقوباد، دیداری تایبەت.
٢٠- حوجەتولئیسلام غولامڕەزا حەسەنی، کتێبی بیرەوەرییەکانی.
٢١- عەبدوڵا حەسەنزادە، نیو سەدە تێکۆشان.
٢٢- جەلیل گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات.
٢٣- حوسێن مورادبەگی، مێژووی زیندووی کوردستان، بە زمانی فارسی.
٢٤- ڕەزا بەستامی، سایتی www.irdc.ir/article.asp، مرکز اسناد انقلاب اسلامی.
٢٥- حوسێن بەهزادی، کتێبی آذرخش مهاجر.
٢٦- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چل ساڵ خەبات و تێکۆشانی بێوچان.
٢٧- مەسعود نقرەکار، ئێران کوشتارگای بیرجیاوازن.
٢٨- مەلا محەمەد عەباسی، پرسیار بە تەلەفۆن.
٢٩- کەریم حیسامی، بەرگی حەوتەمی بیرەوەرییەکانم.
٣٠- جنگ در کردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.
٣١- ڕادیۆی کۆماری ئیسلامی ناوەندی ورمێ.

## بەرهەمەکانی نووسەر

1- بادانەوە یان پێچەقاندن
2- ڕاپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان
3- کوردایەتی و حیزبایەتی
4- کورتە مێژووی ئاواز و گۆرانیی کوردی
5- لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و پێداچوونەوە بە بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامی
6- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان
7- کۆماری دیموکراتی
8- کۆکردنەوەی ئاڵەکۆک بۆ غەنی بلوریان
9- ڕاستییەکان بۆخۆیان دەدوێن
10- چاوخشاندنێک بەسەر وتارەکانمدا
11- باشووری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا
12- چەککردنی سەربازگەی مهاباد ١٩٧٩

## ئەو بەرهەمانەی کە نووسەر کردوویەتە کوردی

1- مەکسیکی، نووسینی جەک لەندەن
2- مەگەر لە وڵاتی ئێوەدا کەر نییە، نووسینی عەزیز نەسین
3- کوردەکان، نووسینی حەسەن ئەرفەع
4- کورد تورک عەرەب، نووسینی سیسیل ج ئیدمۆندس
5- مێژووی شارستانییەت، نووسینی ئیزاک ئاسیمۆف و فرانک وایت
6- ئافرەت لە کاروانی مێژوودا، سیامەک ستودە